خەون یان مۆتەکە!
دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق
(2002 - 1992)

یادداشتی رۆژانەی شەڕی ناوخۆ
هەڵگیرسانی و هەوڵەکانی کوژاندنەوە
ئایاری 1994- ئەیلولی 1998

§ بیرەوەری
§ دۆکۆمێنت
§ لێدوان

پێشکەشە
بەوانەی من بە ئەندازیاری شەڕی ناوخۆ ئەزانن

هەڵگیرسانی: ئایاری 1994

هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە تاران
- خولی یەکەم ( ئاب – 94/9/10)
- خولی دووەم (3/26 – 95/4/22)
- خولی سێیەم (6/28 - 95/7/2)
- خولی چوارەم (5 – 95/10/9)

هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە پاریس (16-1994/7/22)

هەوڵی کوژاندنەوە: رێککەوتنی ستراتیجی تا 2000 (11/21 – 1994/12/28)

هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە ئیرلاندا
- خولی یەکەم: (9 – 1995/8/11)
- خولی دووەم: (12- 1995/9/15)

هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ بە نامە (2/17 – 1996/3/27)
هەوڵی کوژاندنەوە: رێککەوتنی واشنتۆن (1998/9/17)
*

یادداشتی رۆژانەی شەڕی ناوخۆ
(1998-1994)

مانگی 5 ی 1994:

مام جەلال بە تەمای گەشتێکی سیاسی بو لە چەند دەوڵەتێکی ئەوروپایی گرنگ دا. لە کوردستانەوە بە تەلەفۆن داوای لێ کردم لە گەشتەکەی دا منیشی لە گەڵ بم. ئەوسا نیشتەجێی لەندەن بوم.

لە دوای بەستنی کۆنگرەی گشتی یەکێتی و، لە دوای دامەزراندنی پارلەمان و دروستکردنی حکومەتی هەرێمەوە (1992/7/4) من بە چەند حەفتەیەک چومە لەندەن. لەو ماوەیەدا: لە هیچ بڕیارێکی سیاسی، لە هیچ کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی یا سەرکردایەتی یەکێتی یا هیچ چالاکیەکی سیاسی یەکێتی دا بەشدار نەبوم، خۆمم دور راگرت بو لە هەمو تێکەڵاویەکی سیاسی - حیزبی. جاروبار سەردانی موع (المؤتمر الوطني العراقي) م ئەکرد، کە بارەگاکەی لە ناوجەرگەی لەندەن دا بو، بۆ دیدەنی د لەتیف رەشید، د ئەحمەد چەلەبی، هانی فکێکی، عەبدولسەتار دوری و هەندێ دۆست و ناسیاوی تر.

نەمئەویست لەو گەشتەدا بەشدار بم بیانوم هێنایەوە بۆ ئەوەی خۆمی لێ بدزمەوە. ئەو ماوەیە هەمو کاتی خۆمم تەرخان کرد بو بۆ نوسین کەرەستەی دو بابەتم ئامادە کرد بو:

یەکێکیان گێڕانەوەی روداوەکانی 1988 – 1991.

ئەوی تریان لێکۆڵینەوەیەک لە سەر کێشەی ئاو لە نێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەکانی دراوسێی دا بە هاوکاری تۆنی ئەلن سەرۆکی بەشی جوگرافیا لە سەوەس (SOAS: خوێندنگەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی و ئەفەریقایی).

*

مام جەلال رۆژی 5 ی 4 ی 94 کوردستانی بە جێ هێشت بو. سەردانی ئەڵمانیا و یۆنان و فەرەنسای کرد بو. گەڕا بوەوە ئەڵمانیا. لەو رۆژانەدا کۆبونەوەی مەڵبەندی رێکخستنی دەرەوە (رێکخراوەکانی یەکێتی لە ئەوروپا و ئەمەریکا) لە ئەڵمانیا هەبو. منیشیان دەعوەت کرد بو بەڵام من پۆزشتم بۆ هێنانەوە نەچوم. مام جەلال لە بەرلین بو داوای لێ کردم بچم بۆ لای ئەگەر بۆ کاری سیاسییش نەبێ، بۆ یەکتر بینین و هاوڕێیەتی سەفەر. سەرەنجام بڕیاری چونم دا.

*

12 ی 4 ی 94:

چەند رۆژێ بو رەسول مامەند هاتبوە لەندەن بۆ سەردانی خێزانەکەی. رۆژێکیان بۆ بەخێرهاتن و تازەکردنەوەی دۆستایەتی لە ماڵی خۆیان سەردانم کرد. نیوەشەو بە تەلەفۆن ئاگاداریان کردم کە لە کاتی وەرزش دا، لە یەکێ لە وەرزشگەکان دا، دڵی لە لێدان وەستاوە تا گەیاندویانەتە نەخۆشخانە گیانی سپاردوە. بلیتی فرۆکەم بڕی بو بەیانیەکەی ئەبو بچم بۆ بەرلین بۆ لای مام جەلال. بە هۆی مردنی کاک رەسوڵەوە وازم لێ هێنا. مامەوە بۆ بەشداری لە پرسەکەی دا.

*

25 ی 4 ی 94:

مام جەلال هاتە لەندەن. پێکەوە دانیشتین و بڕیارم دا سەفەرەکەی بۆ ئیسپانیا و ئیتالیا و یابان لە گەڵ تەواو بکەم. بە لایەوە مەبەست بو بە خەڵکی بڵێ کە ئێمە هێشتا یەکگرتوین.

*

28 ی 4 ی 94:

سەردانی ئیسپانیا

ئەمە جاری دوەم بو بچمە ئیسپانیا:

جاری یەکەم، کانونی یەکەمی ساڵی 1972 لە ڤیەنناوە چوم بۆ مەدرید بۆ سەردانی تەیب بەرواری هاوڕێی سەردەمی خوێندن و کاری سیاسیم کە ئەوسا لە سەفارەتی عیراق دیپلۆمات بو. ئاهەنگەکانی سەری ساڵم لەوێ بەسەر برد.

جاری دوەم، نیسانی 1994 لە لەندەنەوە لە گەڵ مام جەلال چوم بۆ مەدرید بۆ بەشداری لە گەشتەکەی ئەو دا.

بەکر فەتاح نوێنەری یەکیتی بو لە ئیسپانیا، چوستی محێدین یەکێ بو لە کوردانی نیشتەجێی ئەوێ. حکومەتی ئیسپانی چەند کەسێکیان دانا بو بۆ پاراستن و رێکخستنی دیدەنیەکانی مام جەلال. چەندین کەسمان لە سەرکردایەتی حیزبەکان و ئەندامانی پارلەمان و نوێنەرانی رێکخراوە خێرخوازەکان بینی. لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا، وەزیری کاروباری دەرەوە خافێر سۆلانە پێشوازی کردین. لە گەڵ مام جەلال وا رێک کەوتبوین لەم گەشتەدا ئەو باسی هەلومەرجی سیاسی عیراق و کوردستان بکا و، منیش پێویستیەکانی کوردستانی عیراق باس بکەم و داوای یارمەتی و "دەرۆزە" یان لێ بکەم. ئەوەی من لە سەری رائەوەستام دەرۆزەی بۆ بکەم بریتی بو لە چەند شتێ:

- دابینکردنی کەلوپەلی خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، بە تایبەتی چاپی کتێب و دەفتەر، کە حکومەتی بەغداد بەشی کوردستانی لێ نەئەدا.
- رێکخستنەوەی هێزی پۆلیس و ئاسایش، راهێنان و مەشق و تەیارکردنیان بە چەک و ئۆتۆمۆبیل و دەزگای پێوەندی.
- یارمەتیدانی حکومەتی هەرێم، بە پسپۆڕ و کۆمپیوتەر، بۆ ئەنجامدانی سەرژمێر و ئامارگیری لە کوردستان دا.

بۆ هەمویان بەڵێنی پێ داین.

لەو چەند رۆژەدا بە هەلم زانی هەندێ لە نەریتە تایبەتیەکانی ئیسپانیا ببینین. داوام لە رێبەرەکانمان کرد سەردانی شەڕی نابەرامبەری "ماتادۆر و جوانەگا" و، سەردانی ئاهەنگێکی سەمای "فلامینکۆ" مان بۆ رێک بخات. هەردوکیان بۆ ساز کردین.

*

سەردانی ئیتالیا

لە گەڵ مام جەلال بە فڕۆکە چوینە رۆما. شازاد سائیب، نوێنەری یەکێتی لە تورکیا و سەلاح رەشید، نوێنەری یەکێتی لە ئەڵمانیا، گەیشتنە رۆما. ئازاد فەخرەدین و ئەحمەد دەروێش کە دانیشتوی ئیتالیا بون ئەوانیش گەیشتنە گروپەکە.

بە هۆی ململانێی حیزبەکانەوە وەزارەتی پێشو لە کار خرا بو بەڵام هێشتا وەزارەتی نوێ پێک نەهات بو. چەندین ئەندامی پارلەمان و سەرکردایەتی حیزبەکان و رێکخراوی خێرخوازمان بینی. سەرۆک کۆماری ئیتالیا ئۆسکار لویجی سکالفارۆ لە کۆشکی کۆماری پێشوازی کردین. هەمان قەوانی لە ئیسپانیا بۆ وەزیری دەرەوەمان لێ دا بو، بۆ ئەمیشمان دوبارە کردەوە. بەرەو روی کۆمەڵێ کاربەدەستی باڵای وەزارەتە جیاجیاکانی کردینەوە. ئەوانیش بەڵێنی هاوکاری و یارمەتی و جێبەجێکردنی داواکانیان دا.

سەردانی فاتیکانمان کرد، پاپا کەوت بو جێگەیەکی شکا بو، ئەومان نەدی، کەسێکمان بینی کاروباری وەزارەتی دەرەوەی فاتیکانی ئەکرد.

کۆبونەوەیەکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هەبو لە تۆکیۆ و، کۆبونەوەیەکیان بۆ رێک خست بوین لە گەڵ وەزارەتی دەرەوەی یابان. خۆمان ئامادە کرد بو بۆ سەفەر، هەم ڤیزەی یابانمان وەرگرت بو هەم بلیتی فڕۆکەمان بڕی بو.

*

2ی 5ی 94:

قەڵادزە سەرەتای شەڕ

شەو لە ئوتێل نوست بوین بە تەلەفۆن لە کوردستانەوە بە ئاگایان هێنایین شەڕ لە نێوان یەکێتی و پارتی لە قەڵادزە قەوماوە. لەم کاتەدا کە ئەم شەڕە هەڵگیرساوە لە نیوە زیاتری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە دەرەوەن:

مام جەلال سکرتێری گشتی و فەرماندەی گشتی پێشمەرگەکانی یەکیتی لە گەشتی سیاسی ئەوروپایە.

رەسول مامەند، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم، لە لەندەن بو چەند رۆژێکە کۆچی دوایی کردوە.

د کەمال فوئاد، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیە، لە ئەڵمانیایە.

قادری حاجی عەلی بەگ، لێپرسراوی دەزگای زانیاریە، لە سویدە.

عومەر فەتاح، لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستنە، لە سویدە.

منیش کە بە ناو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بە کردەوە و بەراستی دور لەو دەزگا و دەسەڵاتەم 16 مانگ زیاترە نیشتەجێی لەندەنم.

ئەوانەی لە کوردستانن:

کۆسرەت رەسول عەلی، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە.

جەبار فەرمان، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و، وەزیری پێشمەرگەیە و جێگری فەرماندەی گشتیە.

عومەری حاجی عەبدوڵا (ملازم عومەر)، ئەندامی سەرکردایەتی و، سەرپەرشتیاری مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانیە.

د فوئاد مەعسوم ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیە.

فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و. بەرپرسی دەزگای راگەیاندن و لە هەمان کات دا سەرنوسەری "کوردستانی نوێ" یە.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی 8 ی رێکخستنی یەکێتیە. بارەگای سەرەکی لە رانیەیە. قەڵادزە کەوتۆتە سنوری کار و دەسەڵاتی ئەوەوە.

عومەری سەید عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی 1 ی رێکخستنی سلێمانیە.

سالار عەزیز، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، پارێزگاری سلێمانیە.

ئەرسەلان بایز، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی هەولێرە.

عیماد ئەحمەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی کەرکوکە.

چەتۆ حەوێزی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی سۆرانە.

عارف روشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی ئاکرێیە.

حەسەن کوێستانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی دهۆکە.

*

راپۆرتی رەسمی م س – یەکێتی کە بۆ مام جەلالیان ناردوە و ئەمڕۆ بە فاکس وەرمان گرت روداوەکە بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە:

بۆ هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال + مەڵبەندی دەرەوە
لە م س ەوە
سەڵاوێکی گەرم
ڕۆژی 1994/5/1 عەلی حەسۆ میرخانی ژاژۆکی لە گەڵ بابەکر پشدەری جێگری لقی 11 بە هێزێکەوە، دەچنە سەر قەڵادزە بۆ تێکدانی ژمارەیەک دوکان، کە ئیدیعایان کردوە هی باوکێتی. لەوێ جەماوەر ناڕەحەت ئەبن و دۆخەکە ئاڵۆز ئەبێ. هەڤاڵ مام جوتیار و ژمارەیەک لە تێکۆشەرەکانی یەکێتی لە گەڵ جەماوەر ئەبن. پاشان مامۆستا دەڵگەیی و پیاوچاک ئەکەونە بەینەوە و لە یەکتر جیایان ئەکەنەوە. لەو دەمەدا پاش بڵاوەلێکردن کاک جوتیار و دەستەیەک پێشمەرگە کە بە لای چەکدارەکانی عەلی و ئەوانەی لق دا ڕەت ئەبن لە ناکاو دەستڕێژ لە مام جوتیار ئەکەن، خۆی و دو پێشمەرگە شەهید ئەبن. ئەو ئێوارەیە هەڤاڵانی ئێمە کۆ نابن بۆ کۆنترۆڵکردنی وەزعەکە و وەرامدانەوەی دەستدرێژی، شەو هێزێکی یەکێتی لە گەڵ هەڤاڵ عەلی نەبی ئەچنە هانای برادەرەکانمانەوە ئەچنە سەر لیژنەی ناوچەی قەڵادزە کە خۆیان بۆ شەڕ حازر کرد بو. ئەبێ بە شەڕ و لەو شەڕەدا هەڤاڵ عەلی نەبی شەهید ئەکرێ و هەڤاڵ ئیسماعیل وەرتی بە خەستی بریندار ئەبێ گوللە لە سەری داوە، پاش ئەوە هەلومەرج ئاڵۆزتر ئەبێ و هەڤاڵانی یەکێتی و جەماوەر ناچار ئەبن دەست بکەنەوە و قەڵادزە پاک بکەنەوە.
کەسوکاری شەهیدەکان و عەشیرەت و هەڤاڵانیان زۆر تورە ئەبن و ناوچەی رانیە و لق و چوارقورنە ئەگرن. ئێمە بە پەلە دەستەیەکمان نارد، هەڤاڵ دارۆ شێخ نوری وەزیری دارایی و هەڤاڵ یونس ڕۆژبەیانی، بەیانی زوی 1994/5/2 بۆ چارەسەرکردنی وەزعەکە. بە داخەوە ئەمڕۆ عەسر هەردوکیان بروسکەیان دا کە لە بەر توڕەیی خزم و عەشیرەتی هەڤاڵ عەلی نەبی و شەهیدەکان بۆیان ناکرێ کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن بۆیە بە پەلە پێشنیارمان کرد هەڤاڵ کۆسرەت، سەرۆک وەزیر و د ڕۆژ شاوەیس جێگری سەرەک وەزیران و هەڤاڵ ئازاد بەرواری بچن خۆیان لە نزیکەوە دەست بە سەر وەزعەکەدا بگرن و بەر بە تەشەنەکردن بگرن. ئیستە ئەو برایانە بەرەو ئەوێ ئەجوڵێن.
ئەم ساتە هەواڵی د ڕۆژ وا ئەگەیەنێ کە پەشیمان بونەتەوە نایانەوێ لە گەڵ کاک کۆسرەت بچن.
تێبینی: ناونیشانی ڕاپۆرتەکە بە خەتی د فوئاد و ناوەڕۆکەکەی بە خەتی فەرەیدون نوسراوە.
ئەمە گێڕانەوەی یەکێتیە بۆ سکرتێرەکەی ئەبێ گێڕانەوەی پارتی چۆن بێ بۆ سەرۆکەکەی؟ شەڕی دو تاقمی چەکدار لە سەر ئەرز و دوکان چ پێوەندی بە داگیرکردنی بارەگای حیزبیی ناوچە و لقەوە هەیە و شەڕ لە قەڵادزێ بوە بۆچی ئەبێ ڕێگە بدرێ بگاتە رانیە؟
*

حەسۆ میرخان ژاژۆکی بارزانیە و لەو کەسانەیە بە گەنجی لە گەڵ مەلا مستەفا چۆتە یەکێتی سۆڤێت. لە دوای 11 ی ئازاری 1970 بۆتە ئامیر فەوجی حەرەس حدود. لە دەسپێکردنەوەی شەڕدا (1974) بۆتە فەرماندەی هێزی کاوە. بارەگای هێزی کاوە لە پشدەر بوە. هەر لەوێ ژنێکی لە بنەماڵەیەکی ئەوێ هێناوە و پارچە ئەرزێکی لە قەڵادزێ وەرگرتوە. حەسۆ لە هێرشی "جود" دا بۆ سەر هێزەکانی یەکێتی لە چیای قەندیل کوژرا (1983). عەلی کوڕی حەسۆیە لە ئێران گەورە بوە و خوێندویەتی و ئەفسەرە لە لیوای تایبەتی پاراستنی مەسعود بارزانی.
مام جوتیار (محەمەد ئەحمەد محەمەد) سەردەمێ موختاری هێرۆ بوە. فەرماندەی تیپی جوتیارانی یەکێتی بوە. کەسایەتیەکی ناسراو و بەڕێزی ناوچەکەیە. عەلی نەبی و سمایل وەرتی

سەردەمێ سەرتیپی یەکیتی بون و بەر لە راپەڕین لە فەرماندەکانی شانە چەکدارەکانی بروسک و شالاو بون و، یەکەم گوللەی راپەڕین لە رانیە عەلی نەبی تەقاند بوی. دانیشتوانی ناوچەکە ئەم سێ کەسایەتیەیان بە قارەمانی خۆیان ئەزانی.

دارۆی شێخ نوری وەزیری دارایی (نوێنەری یەکێتی) و، یونس رۆژبەیانی وەزیری ناوخۆ (نوێنەری پارتی) کە لە هەولێرەوە چون بۆ رانیە بۆ دامرکاندنەوەی نائارامیەکە. ئەوان و هەندێ لە لێپرسراوەکانی پارتی لە بارەگای مەڵبەندی 8 ی یەکێتی بون نەیان توانی بو مستەفا چاوڕەش کە بەرپرسی راستەوخۆی ناوچەکەیە، ببینن خەریکی ناشتنی تەرمی کوژراوەکانی یەکێتی بوە.

*

مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی پێکەوە ئەم "رونکردنەوە" یەیان بڵاو کردۆتەوە:

"ئەی جەماوەری بە شەرەفی کوردستان!

بە داخەوە رۆژانی 1 ی 5 و 2 ی 5 ی 1994 چەند کارەساتێکی دڵتەزێن لە شاری قەڵادزە رویان دا و لە ئەنجام دا چەند کادر و پێشمەرگەی هەردولا شەهید بون. ئەم روداوە دڵتەزێنە ئەنجامی ناکۆکی و خیلافێکە کە دورە لە هەردو حیزب و بە بێ ئاگاداری لێپرسراوانی هەردو حیزبی هاوپەیمان روی داوە.

لێرەدا داوا لە هێزی هەردولا لە ناوچەکانی قەڵادزێ دەکەین کە دەستبەجێ بڵاوەی لێ بکەن و بە هێمنی بگەڕێنەوە جێگای بنکە ئاساییەکانی خۆیان. هەر کێشەیەک روی دا و هەر ئیجرائاتێک پێویست بێ بکرێ بەرەو روی حکومەتی هەرێم بکرێتەوە.

بۆ ئاگاداریی جەماوەری بە شەرەفی کوردستان لیژنەیەکی باڵای مەکتەبی سیاسی هەردولا و حکومەتی هەرێم روی کردۆتە ناوچەکە بۆ خامۆشکردنەوەی باری نائاسایی و چارەسەرکردنی ئەو ئالۆزی و گیروگرفتە.

پێویستە لە سەر هەمو لێپرسراوەکان و لیژنەکانی هەردولامان دەستبەجێ باری نائاسایی ناوچەکانیان هێمن بکەنەوە و بە گیانی برایەتی و هاوپەیمانێتی رەفتار بکەن و ئاسایش و تەبایی بپارێزن.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان 2 ی 5 ی 1994"

*

هێزەکانی پارتی بارەگای رێکخراوە دیمۆکراتیەکانی یەکێتی‌یان لە بادینان داگیر کرد.

*

3 ی 5 ی 94:

رۆژانە دەیان کەس و گروپ تەلەفۆن بۆ مام جەلال ئەکەن داوای لێ ئەکەن بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی وەزعەکە کۆنترۆڵ بکرێ و شەڕەکە بکوژێتەوە. مەسعود بارزانی و نێچیروان بارزانی و هوشیار زێباری لە پارتی و کۆسرەت رەسول و جەبار فەرمان و د فوئاد مەعسوم و د بەرهەم سالح لە یەکێتی بە تەلەفۆن بەردەوام لە گەڵ مام جەلال لە سەر خەتن. مام جەلال بە فاکس ئەم پەیامەی بۆ مەسعود بارزانی و هەردو م س نارد:

لە مام جەلالەوە

بۆ برای خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

زۆر بە داخەوە خەبەرە ناخۆش و دڵتەزێنەکانی شەڕی نێوان نەفامان و نامەسئولانی پارتی و یەکێتیمان بیست. من و کاکەنەوە (مەبەستی بەندەیە) دەسبەجێ بروسکەمان کردوە بۆ م س – ی ن ک کە پەیڕەوی ئامۆژگاری جەنابت بکەن. هەقە ئەمڕۆ جەنابتان دەوری مێژویی خۆتان ببینن بۆ گێڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش و برایەتی و یەکێتی نێوان پ د ک و ی ن ک.

پێم باشە جەنابت سەرۆکایەتی هەردو م س بکەیت بۆ راگرتنی دەستبەجێی شەڕ و دانانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانباران.

لە غیابی من دا هەقە جەنابت دەوری خۆتان لە جیاتی هەردوکمان لە ناو هەردو حیزب دا ببینن بە دوربینیی خۆتان چارەی پەلەی وەزعەکە بکەن.

لە سەر هەردو م س پێویستە پەیڕەوی ئامۆژگاریەکانی کاک مەسعود بکەن. 1994/5/3

وێنەیەک بۆ م س – ی ن ک

وێنەیەک بۆ م س – پ د ک

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی مام جەلال نوسراوە.

*

"بانگەوازی مەسعود بارزانی بۆ راگرتنی شەڕ

بسم الله الرحمن الرحیم

هەرچەندە زوڵمێکی زۆر لە پارتی کراوە لەم روداوانەی دوسێ رۆژی رابوردو لە ناوچەی قەڵادزێ و رانیە و سلێمانی و لە بەر ئەوەی چارەنوسی گەلی کورد لە مەترسیەکی یەکجار زۆر گەورەدایە و بۆ ئەوەی چیتر کارەساتی دڵتەزێن رو نەدات داوا دەکەم لە هەمو لایەک هێمنی بپارێزن و شەڕ بوەستێنن دەستبەجێ. داواکارم رۆژی 4 ی 5 ی 1994 کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ببێ لە گەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دیراسەتی ئەم وەزعە و چارەسەرکردنی.

ئێمە هەمیشە بۆ بەرژەوەندی بەرزی گەلی کود و کوردستان بەرژەوەندی ترمان بەلاوە ناوە. وا ئەم جارەش بۆ خاتری گەلی کورد دیسان واز لە مافی خۆمان دێنین تا مافی کورد بپارێزین. بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەڵوێست و موبادەرەی لایەنە سیاسیەکان و شەخسیاتی خێرخواز بکەم کە زۆر ماندو بون و هەوڵێکی زۆریان دا.

مەسعود بارزانی 3 ی 5 ی 1994 "

*

م س یەکێتی "بانگەواز"ێکی دەرکردوە "لە سەر شەڕی دهۆک و سلێمانی و کەرکوک"

"پێرێ ئێوارە لە سەر روداوە دڵتەزێنەکانی ناوچەی قەڵادزێ و رانیە هەردو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد بۆ رێگە گرتن لە پەرەسەندنی شەڕ و ناکۆکی، بەڵام بە داخەوە دوێنێ روداوەکان ناوچەکانی زاخۆ و سلێمانیشیان گرتەوە.

ئێمە بە گیانی هەستکردن بە مەسئولیەت بەرامبەر بە مەترسی ئەو روداوانە لە سەر ئایندەی گەلەکەمان و دەسکەوتەکانی داوا لە هەمو مەڵبەند و لقەکان و هێزەکانی هەردولا دەکەین بە پەلە شەڕ لە هەمو شوێنێ رابگرن و رێگا بە تەقینەوە نەدەن، سبەینێش سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کۆ دەبێتەوە و رێگە چارەسەر دادەنێ.

زۆر سوپاسی هەمو لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتیە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و قسەکردنەیان لە گەڵ بەرێز کاک مەسعود بارزانی دا بۆ دەرکردنی بانگەوازەکەی، هەروەها بۆ هەمو ئەو هەوڵانەی کە رویان کردە راگرتنی ئاگری شەڕ.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان 3ی 5ی 1994"
*

د فوئاد مەعسوم و فەرەیدون عەبدولقادر چو بون بۆ لای کاک مەسعود و م س پارتی لە سەلاحەدین تکایان لێ کرد بون کە رێگە نەدەن بارەگاکانی یەکێتی لە بادینان بگیرێ ئەگینا لە سلێمانیش بارەگاکانی پارتی ئەگیرێن.

دەمەو نیوەڕۆ هێزەکانی پارتی بارەگاکانی مەڵبەندی 4ی دهۆکیان داگیر کرد عەسری هەمان رۆژ هێزەکانی یەکێتی بارەگاکانی لقی 4ی سلێمانی‌یان داگیر کرد. لە دهۆک تەقە نەبوە لە سلێمانی هەندێ تەقوتۆق بوە بەڵام زەرەری گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.

جەلالی حاجی حسێن، سەردەمێ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و یەکێ لە پێشمەرگەکانی دەسپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ و، سەردەمێ بەرپرسی پاسۆک، لە کاتی ناوبژی نێوان هێزەکانی یەکێتی و پارتی لە سلێمانی کوژراوە. جەلال کەسایەتیەکی ناسراو و بەڕێزی سلێمانی بو، هاوڕێیەکی نزیکی ساڵانێکی دورودرێژم بو. چەندین ساڵ بو نیشتەجێی شام بو. م س – یەکێتی بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردوە.
*

4ی 5ی 94:

رێککەوتننامەی م س – ی ن ک و پ د ک

"لە کۆبونەوەی هاوبەشی 4ی 5ی 1994ی هەردو مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مەسعود بارزانی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بە بەشداری هەڤاڵان د فوئاد مەعسوم، کۆسرەت رەسول عەلی، فەرەیدون عەبدولقادر، مەلا بەختیار و سەعدی ئەحمەد پیرە وە لە لایەن پارتیەوە هەڤاڵان عەلی عەبدوڵا، سامی عەبدوڕەحمان، جەوهەر نامیق، د رۆژ نوری شاوەیس، موحسین دزەیی، د جەرجیس و عیزەدین بەرواری، بڕیار لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە درا:

1. کۆمیتەیەکی هاوبەش لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان بۆ ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و قەڵادزە و رانیە بۆ راگرتنی شەڕ و نەهێشتنی شوێنەواری شەڕ و حاڵەتی شەڕ.

2. کۆمیتەیەکی هاوبەش بە هەمان شێوە و بە هەمان دەسەڵات و بۆ ئەو کارانەی فەقەرەی (1) بچێ بۆ ناوچەکانی دهۆک، زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ و هەمو ناوچەی بادینان.

3. هەمو گیراوەکان بدرێنەوە بە یەکتری.

4. ئەبێ بە پەلە بارەگاکان بدەنەوە بە یەکتر.

5. ئەبێ بێ هیچ مەحتەلکردن مومتەلەکاتی یەکتر هەمو شت و هەمو ئامێر و دەزگای یەکتری بدەنەوە بە یەکتری.

6. تەحەشودات هەمو هەڵگیرێ و هیچ هێزی تازەش لە روی یەکتر و دژی یەکتر کۆ نەکرێتەوە.

7. راگەیاندن شوێنەواری شەڕ نەهێڵێ و هەردولا بەرپرسیارن لە راگەیاندن بە گیانی برایەتی و ئاشتی و تەبایی.

8. هیچ جۆرە تەصریح و قسەیەک رێگە پێ نەدرێ بە بێ تەوجیهاتی مەرکەزی.

تێبینی: ئەم رێکەوتننامەیە بە خەتی فەرەیدون نوسراوە.
*

5ی 5ی 94:

سەرچڵ قەزاز گەیشتە رۆما.

بارەگا و گەنجینەکانی سەرچڵ قەزاز لە زاخۆ داگیر کراوە و ئەحمەدی کوڕیشی گیراوە. مام جەلال بە فاکس ئەم پەیامەی بۆ م ب نارد:

لە مام جەلالەوە بۆ کاک مەسعودی بەڕێز 1994/5/5

سڵاوێکی گەرم

ئیمڕۆ کاک سەرچڵ ئاگاداری کردم کە دوێنێ شەو و ئیمڕۆ بەیانی واتە دوای دو ڕۆژ لە ڕێکەوتنەکەی بە ئیشرافی جەنابت کراوە، بارەگاکەیان تاڵان کردوە و هەرچی تێدا بوە بردویانە. هیوادارم ئەمر بدەن دەستبەجێ کەلوپەلەکان کۆ بکرێنەوە و نەفەوتێت چونکە موڵکی شەخسی سەرچڵە و بایی سەدان هەزار دۆلارە بە قسەی کاک سەرچڵ. هیوادارم ئەمر بدەن بە بادینان ئەو کارانە نەکەن.

وێنەیەک بۆ م س –ی ن ک بۆ ئاگادارکردنی کاک فەرەیدون

وێنەیەک بۆ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بەڕێز بۆ چاوەدێری کردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە.

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی مام جەلال نوسراوە.

*

هێزەکانی پارتی بارەگای مەڵبەندی 7 ی یەکێتی‌یان لە ئاکرێ داگیر کردوە. ڕێباز و سلەیمان عەرەب کە دو فەرماندەی دێرینی پێشمەرگەکانی یەکیتی بون بە زیندویەتی گیراون و کوشتویانن. ئەم بارەگایە ڕێگر بو لە ڕێگەی گواستنەوەی هێزەکانی پارتی لە بادینانەوە بۆ سۆران. ڕێباز، لە دوای ڕاپەڕین، هەندێ لە بیرەوەریەکانی خۆی لە دو کتێب دا بڵاو کردەوە هەرکەس ئەو دو کتێبەی خوێندبێتەوە ئەزانێ ڕێباز تا چ ئەندازەیەک دژی شەڕی ناوخۆی کورد – کورد بو.

هەر ئەمڕۆ هێزەکانی پارتی هەڵیان کوتاوەتە سەر بارەگای یەکێتی لە مەسیفی سەلاحەدین 14 کەسی تێدا بوە هەمویان کوشتون لەوانە 6 یان بە دیلی گوللەباران کراون.

*

سەرەڕای ئەو هەمو بەیان و بانگەوازەی هەردولا دەستدرێژی و هێرش و پەلامار بۆ سەر یەکتری بەردەوامە ئەمە چی لێ ئەخوێنرێتەوە؟

- یان سەرکردە و سەرکردایەتی پ د ک و ی ن ک دەسەڵاتیان بە سەر هێزە چەکدارەکانیان و حیزبەکانیان دا نەماوە.

- یان ئەو بڵاوکراوانە بۆ چاوبەست و تەفرەدانی ڕای گشتیە، ئەوان خۆیان لە پشت ئەم ڕوداوانەوەن.

ئەگینا ڕێی تێ ئەچێ ئەگەر خۆیان ژێربەژێر فەرمانیان بۆ دەرنەکەن کەسیان بوێرن کاری لەو بابەتە بکەن!

هەمو ئەو نامانەی کە هاوڕێ و دۆست و ناسیاوەکانم بۆیان ئەنوسیم و، هەمو ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی لە وڵاتەوە ئەگەیشتن و، هەمو ئەوانەی لە کوردستانەوە ئەهاتن بۆ ئەوروپا و، هەمو ئەوانەی لە ئەوروپاوە سەردانی کوردستانیان ئەکرد، لە چەند مانگی ڕابوردودا، وایان ڕائەگەیاند کە ناکۆکی لە نێوان یەکێتی و پارتی دا لە جاران قوڵتر بۆتەوە. لە ڕیزی سەرەوە دابەزیوە بۆ ڕیزەکانی خوارەوە و چۆتە ناو خەڵکەوە. ئاگر کەوتنەوە، گەورە بێ یا پچوک، پێویستی بە یەک پڕیشکە، ئەو پڕیشکە لە قەڵادزێوە دەستی پێ کردوە. ئەگینا شەڕێ لە شارێکی سنوریی چەپەک و وێرانی وەکو قەڵادزێ، لە سەر پارچەیەک ئەرز و چەند دوکانێ، بۆ ئەبێ وا بە

خێرایی و ئاسانی بتەنێتەوە بۆ لق و ناوچە و مەڵبەند و کۆمیتەکانی رانیە و سلێمانی و دهۆک و زاخۆ و ئاکرێ؟

*

6 ی 5 ی 94:

ئەمڕۆ بە فاکس وێنەی ئەم رێککەتننامەیەمان پێ گەیشت:

پێش نیوەشەوی 94/5/5 لە ماڵی مام جەلال بەڕێزان کاک نێچیرڤان ئەندامی مەکتەبی سیاسی - پ د ک، د. ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی دەستەی راپەڕینی کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی، د. فوئاد مەعسوم ئەندامی م س - ی ن ک هەردولا ی ن ک و پ د ک رێککەوتن لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1. هیچ لایەنێکیان هێز بۆ پارێزگای هەولێر نەنێرن نە هێزی پ. د. ک لە ئاوی قەندیل بپەڕێتەوە نە هێزی ی.ن.ک لە پارێزگای سلێمانی و کەرکوک بۆ پارێزگای هەولێر بێن.

2. هەردولا هیچ هێزێک لە دەرەوەی هەولێر نەهێننە ناو هەولێر.

3. هەردولا هەر هێزێکی لەم حەفتەیەدا هێناویانەتە دەوروبەری هەولێر و ناوشاری هەولێر هەموی بگەڕێتەوە شوێنی پێشوی خۆی.

4. هەردولا پشتگیری لە هەنگاوەکانی لیژنە ئەمنیەکە دەکەن کە لە لایەن هەردولایان داندراوە بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی هەولێر

ئیمزا: نێچیروان فوئاد ئەحمەد چەلەبی

تێبینی: ئەم رێککەوتنە بە خەتی د فوئاد مەعسوم نوسراوە.

*

ئەمڕۆ کاک مەسعود بە فاکس ئەم نامەیەی بۆ مام جەلال نارد:

برای بەڕێز و خۆشەویستم مام جەلال پێشکەشە

دوای سڵاوێکی برایانە

زۆر زۆر بە داخەوە روداوی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن رویان دا لەم چوار رۆژی رابردو کە بە خەیاڵم نەدەهات شتی وا لە نێوان پارتی و یەکێتی رو بدات.

خەڵکی نەفام و نەزان و هەندێک خائینیش بە داخەوە مەیدانیان بۆ خۆش بوە یاری بە چارەنوسمان بکەن.

من هەمو هەوڵێکم داوە و ئەیدەم کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەم و لیجانمان دانان بۆ محافەزەکان. بەڵام دیسان سەرپێچی هەر هەیە.

نابێ کۆل بدەین و ئەبێ ئینشائەڵا ئیرادەی خێر سەرکەوێت.

ئێستاش ئەم کارانەمان کردون:

1. نێچیروان و د ئەحمەد چون بۆ ماڵی جەنابت بۆ سەردانی هێرۆ خان و بۆ ئەوەی خەڵک هەموی بزانن کە ماڵی جەنابت ماڵی منە و رەفتاری مناڵانەی خەڵکانێک تەئسیر لە برایەتیمان ناکات.

2. لیژنەیەکمان دانا بۆ نەهێشتنی مظاهری توتر لە هەولێر. وە هەمو هەوڵێک درا بۆ ئەوەی لە هەولێر وەزعەکە بپارێزین و لە شوێنەکانی تریش موعالەجەی بکەین.

3. کاک کۆسرەت و کاک د رۆژ چون بۆ سلێمانی.

4. کاک فەرەیدون و کاک ئازاد بۆ دهۆک.

5. کاک عارف و کاک مەلا بەختیار بۆ هەولێر بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان کە کارێکی ئاسان نیە و بە داخەوە شتی وا روی دا کە مرۆڤ حەز ناکات باسیان بکات لە بەر سومعەی گەلەکەمان.

برای خۆشەویستم مام جەلال:

پێشمەرگە و کادری پارتی بە ساغی گیراون و ئیعدام کراون. بریندار لە خەستەخانە دەریان هێناوە و شەهیدیان کردوە. شتی وا زۆرە نامەوێت زیاتر ناڕەحەتت بکەم. چونکە ئەزانم لە من ناڕەحەتتری بۆ ئەم وەزعە ناخۆشە.

شتی نامەعقول و ناڕاست زۆر کراوە بەڵام هەر دەبێ خەبات بکەین بۆ تەبایی و برایەتی و فێرکردنی خەڵک بۆ ئاشتی و برایەتی و تەبایی نەک بۆ شەڕ.

ئینشائەڵا کە تەشریفت هاتەوە ئەبێ لە بنەڕەتەوە ئەم وەزعە عیلاج بکەین یان وا بڕوات زۆر باشترە بۆ هەردوکمان بۆ خۆمان بڕۆین با روزەرد نەبین.

زۆر بە پێویستی دەزانم هەرچی زوتر تەشریف بێنەوە بۆ لامان بۆ ئەوەی پێکەوە بەڵکو هەم برینەکان ساڕێژ بکەین و هەم عیلاجێک لەم وەزعە بکەین و سود لەم چەند تەجروبانە وەرگرین.

زۆر زۆر سڵاوم بۆ کاک نەوشیروان و بە ئومێدی دیدارتان.

5/6-5 براتان مەسعود بارزانی

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی کاک مەسعود نوسراوە.

*

7 ی 5 ی 94:

مام جەلال بە فاکس ئەم پەیامەی بۆ کاک مەسعود نارد:

لە مام جەلالەوە

بۆ برای خۆشەویستمان کاک مەسعودی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

وەک پێکەوە باسمان کرد، بە زوترین کات بە ڕێ دەکەوین بەرەو شام. دوبەیانی ئێوارەکەی هەمومان دەگەینە شام. کاکە نەوەش زۆر سڵاوی هەیە. هەمومان هیوامان زۆرە کە جەنابت کۆنترۆڵی تەواوی وەزعەکە بکەن تاکو دەگەینەوە و پێکەوە چارەی دەکەین. لە شامیشەوە هەوڵ دەدەین قسەتان لە گەڵ بکەین. پێم باشە بەردەوام هەردو م س ئامۆژگاری بکەن و ماوەی هیچ جۆرە کارێکی ناخۆشی دڵتەزێنی تر نەدرێت.

هەر شاد و سەرکەوتو بن

ئیتالیا 1994/5/7

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی مام جەلال نوسراوە.

*

مام جەلال بە فاکس ئەم پەیامەی بۆ د بەرهەم سالح، نوێنەری یەکێتی لە ئەمەریکا، نارد:

لە مام جەلالەوە بۆ د بەرهەمی بەڕێز

بە خزمان رابگەیەنە کە

1. مام جەلال و برایانی تری م س کە لە دەرەوەی وڵاتن بە پەلە بە ڕێ دەکەون بۆ شام و لەوێشەوە بۆ وڵات.

2. لە گەڵ کاک مەسعودیش قسە کراوە کە بێتە پیریانەوە لە سەر زێیەکە.

3. زۆر بە داخەوە وەک رەچاومان دەکرد خزمان نەهاتنە دەست. پێم وابو بە پەلەو بە فڕۆکە لە فرانکفۆرتەوە بۆ ئەنچەرلیک و لەوێشەوە بۆ وڵاتم دەبەن. کەچی وا دەرنەچو.

4. تورکیا چەند جیهەتێکە. من باوەڕم بە میت نیە. زۆر ترسم هەیە لە تورانیەکان و کۆنتەرگۆریللا. بۆیە بەو جۆرە بە تورکیادا ناچم.

5. دەچم بۆ شام. گەر لەوێڕا توانیم بە زەمین دا دەچینەوە. ئەگینا با خزمان لە زاخۆڕا بە هەلیکۆپتەر بمانبەنەوە بۆ ناوچەیەکی ئەمینی خۆمان.

6. لە گەڵ السید الحکیم قسەم کردوە، وەعدی بۆ لە ئێران وەرگرتوم بە وێدا بچمەوە. پێم وایە ئێرانیش دەیەوێ ئاشت بێتەوە لە گەڵمان دوای شکانی ئەم دواییەی ئیسلامیەکان و لە ترسی هاتنەوەی سەدام بۆ کوردستان.

تێبینی: ئەم پەیامە بە خەتی مام جەلال نوسراوە.

هێزەکانی پارتی شارەکانی هەریر و باتاسیان گرت و بارەگاکانی یەکێتی‌یان لە کەسنەزان و مەلا ئۆمەر داگیر کرد.

*

9ی 5ی 94:

نیوەڕۆکەی میوانی د ئەکرەم جاف بوین کارمەندی "فاو" ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە نیشتەجێی ڕۆمایە. ئێوارەش لە گەڵ مام جەلال و سەرچڵ قەزاز لە ڕۆماوە بە فڕۆکە چوین بۆ دیمەشق لە سوریا.

دانای ئەحمەد مەجید نوێنەری یەکێتی‌یە لە سوریا.

*

10ی 5ی 94:

بانگەوازی مام جەلال بۆ وەستانی شەڕ لە کوردستان:

هەڤاڵانی بەڕێز

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

بە سڵاوێکی گەرمەوە

داواتان لێ دەکەم کە دەسبەجێ بچنەوە شوێنەکانی خۆتان و دەست لە هەمو پێکدادان و بەگژیەکاچونێکا هەڵگرن. پێویستە هەموتان ئەم ڕاستیە بخەنەوە یادی خۆتان کە شەڕی براکوژی کارەساتێکی نیشتمانی و نەتەوایەتیە دەبێتە هۆی بە فیرۆدانی بەری ڕەنج و خەباتی خۆتان و برا شەهیدەکانتان و دەبێتە هۆی شادی دوژمنان و لە دەستدانی دۆستان و پشتیوانی گەلان و هاوپەیمانان.

ئەی جەماوەری خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر

پاراستنی خوێنی شەهیدەکانتان و تاقی کردنەوە دیمۆکراتیەکەمان و ژیان و مان و گەشەکردنی حکومەتە ساواکەمان بەند و بەستراوەتەوە بە یەکێتی ریزەکانی گەل بە گشتی و یەکێتی و هاوپەیمانێتی ی ن ک و پ د ک بە تایبەتی بۆیە پێویستە هەمومان وەک بیلبیلەی چاوەکانمان بیانپارێزین و بە هیچ شێوە و جۆرێک ماوەی شەڕی براکوژە نەدەین پێویستە هەمو چەکەکانمان، هەمو هەوڵ و تەقەلایەکمان، بۆ پاراستنی کوردستانی رزگار و رزگاری وڵات بێت لە دیکتاتۆریەت و هێنانەکایەی عیراقێکی دیمۆکرات و فیدرال بێت.

ئەی کەسوکاری شەهیدانی کوردستان! ماوە مەدەن خوێنی شەهیدەکان بە فیرۆ بچێت هەموتان لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەری شەڕی براکوژە بگرن و پشێوی و ئاڵۆزی مەهێڵن.

ئەی هەمو حیزبەکانی تێکۆشەر!

خەباتی خۆتان، هەوڵی خۆتان پەرە و گەشە پێ بدەن بۆ نەهێشتنی هۆیەکانی شەڕی براکوژە و چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی و دیمۆکراتی لە کوردستانی خۆشەویستمان دا. دەبا هەمومان

پێکەوە خەباتەکەمان درێژە پێ بدەین بۆ لە رەگوریشە هەڵکەندنی هۆیەکانی توندوتیژی و پێکادانی ناوخۆ.
بژی یەکێتی ریزەکانی گەلی کوردستان
نەفرەت لە شەڕی براکوژەی کارەسات هێنەر
سەرکەوێ خەباتی هەمو لایەکمان لە پێناوی چەسپاندنی ئاشتی و دیمۆکراسی و برایەتی و هاوپەیمانی
هەر شاد و سەرکەوتو بن
10ی 5ی 1994 برای دڵسۆزتان مام جەلال
*
17ی 5ی 94:
حەسەن کوێستانی و خولەی برای و یوسفی ئامۆزای لە ریگەی حاجی ئۆمەران کوژراون. م س - یەکێتی بەیاننامەیەکی بەم بۆنەیەوە دەرکردوە.
حەسەن ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و یەکێ بو لە پێشمەرگە ئازاکانی کوردستان. پێش ئەوەی ببێ بە پێشمەرگە بەرپرسی یەکێ لە فراوانترین تۆڕەکانی رێکخستنی کۆمەڵە بو لە ناو شارەکان دا. پێش خۆی دو برای: حاجی و حەمەڕەش لە دو شەڕی جودا کوژرا بون. لە بەر ئەوە حەسەن لە ناخی دڵەوە دژی شەڕی ناوخۆی کورد و کورد بو. کارەساتێکی گەورەیە خێزانێک 4 کوڕی ناردوە بۆ شەڕی ئازادی کورد کەچی لە شەڕی ناوخۆدا بکوژرێن.
هەمو کەس بە کوشتنی بێتاوانێ یا کەسێکی نزیکی دڵتەنگ ئەبێ. بۆ من ئەم شەڕە مایەی دڵتەنگیەکی بێئەندازە بو چونکە زۆری قوربانیەکانی: عەلی نەبی، سمایل وەرتی، حەسەن کوێستانی، رێباز، سلەیمان عەرەب و، جەلالی حاجی حسێن... لە هاوڕێ نزیکەکانی رۆژانی سەختی سەردەمی پێشمەرگایەتیم بون. لە گەڵ هەر یەکێکیان چەندین بیرەوەری خۆش و ناخۆشم هەبو.
*
19ی 5ی 94:
کاک مەسعود بۆ جاری سێیەم بانگەوازی دەرکردوە:
ئەی جەماوەری بە شەرەفی کوردستان
پێشمەرگە قارەمانەکان
خوشک و برایانی خۆشەویست
لە سەرەتای ئەم مانگەوە وڵات و میللەتمان دوچاری کارەساتێکی خوێنین و شەڕێکی خۆکوژی زۆر گەورە و ناڕەوا بوە. ئەم کارەسات و فیتنەیە مەترسیەکی هەرە گەورەی خستۆتە سەر چارەنوس و دوارۆژ و دەسکەوتە پیرۆزەکانی گەلەکەمان کە بە خوێنی هەزاران شەهید و رۆڵەی گەلی کورد بە دەست هاتون. لەم بارودۆخە مێژوییە و مەصیریەدا داوا لە هەمو لایەنەکانی ئەم شەڕە دەکەم شەڕ رابگرن و چیتر خوێنی رۆڵەی کورد بە دەستی کورد نەڕێژن. راگرتنی شەڕ دەبێت سەرانسەری بێت بۆ ئەوەی بتوانین لە گەڵ کۆنگرەی نیشتمانی عیراق دا و بە هاوکاری هەمو خێرخوازان وەزعەکە بگەڕێنینەوە بارودۆخی ئاسایی جاران و رۆژێک زوتر دەست بکەین بە سارێژکردنی برینەکانمان، سەرەڕای بانگەوازەکانی پێشوترم زەمیری هەمو لایەکتان دەکەم بە حەکەم و سوێندتان دەدەم بە خوێنی شەهیدانی کورد و کوردستان بۆ گوێڕایەڵی لەم بانگەوازەم و جێبەجێکردنی. هەرچەندە روی ئەوەمان نیە باسی جەژن بکەین بەڵام ئومێدەوارم فرسەتی ئەوەتان ببێت جەژنێکی ئارام بەرنە سەر.

شەوی 1994/5/19    مەسعود بارزانی
*

م س – یەکێتی یش بانگەوازێکی بۆ هەمان مەبەست دەرکردوە:

"لە بارودۆخێک دا کێشەی گەلەکەمان هەتا دەهات دەچوە پێشەوە و ئومێدی سەرکەوتنی کاریگەرتر پەیدا بوبو، بە داخەوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دوچاری شەڕێکی ناوخۆی نالەبار بوین کە تەواوی دەسکەوت و چارەنوسمانی خستبوە مەترسیەوە، بۆیە راوەستانی شەڕەکە ئەرکێکی پیرۆز و مێژوییە، لەم پێناوەش دا جگە لە هەوڵەکانی مەکتەبی سیاسی ی ن ک و لایەنەکانی کۆنگرەی نیشتمانی عیراق و بەرەی کوردستانی و خێرخوازانی کوردستان و دۆستانی، بەڕێز مام جەلال لە 1994/5/10 دا پەیامێکی پیرۆزی بۆ راوەستانی شەڕ بۆ تەواوی پێشمەرگەی کوردستان بڵاو کردەوە.

ئێستاش سەرەڕای چەندین روداوی جەرگبڕ، بە هیمەتی هەمو لایەک خەریکە کۆتایی بە شەڕەکە دەهێنێ لەم پێناوەش دا ئەمشەو بەڕێز مەسعود بارزانی بانگەوازێکی بۆ راوەستاندنی شەڕی سەرانسەری بڵاو کردەوە هەتا هەمومان بتوانین دۆخی کوردستان ئاسایی بکەینەوە.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش هەروەکو لە سەرەتای روداوەکانەوە داوای راوەستانی شەڕەکەی کردوە، ئێستاش دوپاتی دەکەینەوە کە بانگەوازی ئێمەش لە پێناوی راوەستانی شەڕە شەڕی سەرانسەریش. بۆیە داوا لە سەرجەم هێزەکانی ی ن ک دەکەین دەسبەجێ شەڕ رابگرن هەتا بتوانین سەرباری خەم و پەژارەی قوڵی شەڕەکە گەردنئازادی جەژنی نەمانی شەڕی ناوخۆ لە یەکتری بکەین. ئومێدەواریشین دوای ئەم بانگەوازە پەرۆشتر درێژە بە کۆبونەوە هاوبەشەکان بدەین بۆ چارەسەری سیاسی کێشەکە.

1994 /5/20-19 م س – ی ن ک"
*

20 ی 5 ی 94:

بە سەرپەرشتی موع (موئتەمەری وەتەنی عیراقی) کۆبونەوەیەکی هاوبەشی هەردو م س یەکێتی و پارتی و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی کراوە. بڕیار دراوە "غرفه عملیات" دروست بکرێ لە بارەگای موع لە سەلاحەدین لە مەسعود بارزانی و حەسەن نەقیب (هەردوکیان ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی موع) و ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی دەستەی کارگێڕی موع و، کۆسرەت رەسول و نوێنەرێکی بەرەی کوردستانی.

ئێمە لە رۆماوە چوینە شام بە تەمای ئەوەی کاک مەسعود بێتە سەر سنوری سوریا – عیراق لەوێ لە گەڵ مام جەلال یەک بگرن و پێکەوە لە بادینانەوە دەس بکەن بە ئاساییکردنەوەی پێوەندی نێوان لقەکانی پارتی و مەڵبەندەکانی یەکێتی و هێزەکانی پێشمەرگەی هەردولا. بەڵام ئەمە جێبەجێ نەبو.

د محەمەد بەحرلعلوم ئەندامی سەرۆکایەتی موع "کۆنگرەی نیشتمانی عیراقی"، هانی فکێکی ئەندامی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرە و، د ئەیاد عەلاوی سەرۆکی "ویفاقی وەتەنی" هاتن بۆ سوریا بۆ ئەوەی بۆ ناوبژی لە گەڵ مام جەلال بگەڕێنەوە کوردستان. بەڵام ئەوەندە دەستی دەستییان پێ کرا تاقەتیان چو سوریایان بە جێ هێشت گەڕانەوە لەندەن.

لەم ماوەیەدا مستەفا جەمالەدین دەعوەتێکی بۆ مام جەلال کرد لەماڵەکەی خۆی بەشێ لە شیعرەکانی بۆ خوێندینەوە.

"وابەستەی نیزامی: مولحەقی عەسکەری" سەفارەتی ئێران هات بۆ دیدەنی مام جەلال و ئامادەیی ئێرانی دەربڕی بۆ گوێزانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان.

د کەمال فوئاد کە بۆ ئیجازە لە ئەڵمانیا بو، عومەر فەتاح کە بۆ ئیجازە لە سوید بو، هەردوکیان ئەندامی م س – ی ن ک بون، گەیشتنە شام بۆ ئەوەی لە گەڵ م ج بگەڕێنەوە کوردستان.

شازاد سائیب، نوێنەری یەکێتی لە تورکیا، ئاگاداری کردین کاربەدەستانی تورکیا ئامادەییان دەربڕیوە بۆ راگرتنی شەڕ ناوبژی بکەن و نوێنەرانی هەردولا بانگ بکەن بۆ تورکیا و ماجەلال بە کۆپتەری خۆیان ببەنەوە بۆ کوردستان. تورکیا پێی وایە لاواز بونی هەر یەکێ لە پارتی و یەکێتی هاوسەنگی تێک ئەدا و پ ک ک و جولانەوە ئیسلامیەکان سودی لێ وەرئەگرن.

داوایان کردوە کاک مەسعود و مام جەلال هەردوکیان بچن بۆ تورکیا بۆ کۆبونەوە.

*

22 ی 5 ی 94:

شەڕی ڕاگەیاندن بۆ تاوانبارکردنی یەکتری گەیشتۆتە ناو دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبی و ئینگلیزی.

رۆژنامەی "الشرق الاوسط" لە ژمارەی ئەمڕۆی دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی عەدنان حسێن و مام جەلالی بلاو کردۆتەوە. پرسیاری گەڕانەوەی ئەکا. مام جەلال هێزی دەرەکی تاوانبار ئەکا بە خۆشکردنی ئاگری شەڕەکە.

یەکێ لە کارە باشەکانی مەکتەبی یەکێتی لە دیمەشق کردویەتی کۆکردنەوەی هەمو ئەو وتار و هەواڵ و لێدوان و گفتوگۆیانەیە، کە لە میدیای عەرەبی دا بلاو ئەکرێنەوە و، پێوەندی‌یان لە گەڵ پرسی کورد هەیە. هەوڵ ئەدەم منیش لێرە بە دواوە ئەوەندەی بگاتە دەستم تێهەڵکێشی بابەتەکانی ئەکەم. ئەمە دو قازانجی هەیە:

یەکەمیان، جۆری دەنگدانەوەی شەڕی خۆبەخۆی کورد لە ناو راگەیاندنی نوسراوی عەرەبی دا چۆنە.

دوەمیان، هەڵوێستی رۆژنامەوانانی عەرەبی لە کێشەکە و نۆڕینیان لە روداوەکان تێ ئەگەین.

*

26 ی 5 ی 94:

م س – ی ن ک نامەیەکی بە عەرەبی ئاڕاستەی موع و بە کوردی ئاڕاستەی قیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی کردوە داوایان لێ ئەکات هەڵوێست لە ئیران وەربگرێ و لایەنە ناودەولەتیەکان رابسپێرێ ئێران ناچار بکەن دەس لە دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی هەرێم هەڵبگرێ. بە پێی نامەکە ئێران خۆی لە شەڕ هەلقورتاندوە و تۆپبارانی ناوچەکانی هەڵەبجە و قەڵادزێ و حاجی ئۆمەران ئەکا.

*

27 ی 5 ی 94:

رۆژنامەی "الحیاة" ی لەندەنی لە ژمارەی ئەمڕۆی دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی زوهێر قوسەیباتی لە گەڵ مام جەلال بلاو کردۆتەوە. باسی کوژرانی حەسەن کوێستانی و هاوڕێکانی و، کوشتنی دیل و لوت و گوێبڕینی کوژراوەکانی یەکێتی لە لایەن پارتیەوە، ئەکا.

*

28 ی 5 ی 94:

لە لایەن یەکێتیەوە: د کەمال فوئاد و عومەر فەتاح، لە لایەن پارتیەوە: نێچیروان بارزانی و چەند کەسێکی تریان، لە بنکەی جەنگیی سلۆپی لە تورکیا بە چاودێری چەند جەنەراڵێکی تورک کۆبونەوە. کۆبونەوەکە بێ ئەنجام بوە. ئەوان هەر لەوێشەوە گەڕانەوە کوردستان.

تورک ئەیویست بارزانی و تاڵەبانی خۆیان لەم کۆبونەوانەدا بەشدار بن، بەڵام لە بەر ئەوەی بارزانی ئامادە نەبو خۆی بەشدار بێ، تاڵەبانی یش نەچو.

*

30 ی 5 ی 94:

جەلالی حەمەی محە، یەکێ لە فەرماندە ئازاکانی یەکێتی و، یەکێ لە گەنجە خۆشەویستەکانی خەڵکی سلێمانی لە گەڵ پۆلێ لە هاورێ پێشمەرگەکانی لە شارەزور کوژراون. ئەمڕۆ دەیان هەزار کەس بۆ سپاردنی تەرمەکەی بە خاک لە گەڵی چون بۆ گۆڕستان.

*

1 ی 6 ی 94:

رۆژنامەی "الشرق الاوسط" ی لەندەنی لە ژمارەی ئەمڕۆی دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی درێژی هودا حوسەینی و مەسعود بارزانی بڵاو کردۆتەوە.

بە فڕۆکە لە گەڵ مام جەلال لە دیمەشقەوە چوین بۆ قامیشلی. شەو لە قامیشلی ماینەوە. هەندێ لە دۆستە دێرینەکانی ئەوێمان بینی دڵتەنگ بون بە شەڕەکە و بە پەرۆش بون بۆ چەسپاندنی هەرچی زوتری ئاشتی و ئاسایش.

*

2 ی 6 ی 94:

سەر لە بەیانی لە سنور پەڕینەوە بۆ نسێبین هێزێکی تورکی بردینی بۆ بنکەیەکی سەربازی. پاشنیوەڕۆ بە کۆپتەری تورکی گەیشتینە هەولێر.

*

3 ی 6 ی 94:

ئێوارەی ئەمڕۆ بۆ دەربڕینی نیازباشی خۆی و یەکێتی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی پەیامێکی لە هەمو دەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتیەوە بۆ یەکیتی و هێزەکانی بڵاو کردەوە یەکلایەنەو بێ هیچ مەرجێکی پێشەکی:

- لە هەمو مەیدانەکان دا شەڕی راگرت.
- فەرمانی دەرکرد بۆ هێزەکانی یەکێتی، چیای سەفین و هەمو شوێنەکانی نزیک سەلاحەدین، چۆڵ بکەن.
- سەربانی ماڵ و شوێنە بەرزەکانی ناوشاری هەولێر چۆڵ بکەن.
- هێرشی راگەیاندن رابگرن.
- گیراوەکانی پارتی دەسبەجێ ئازاد بکەن.

*

ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی بریتین لە: عەلی عەبدوڵا، نێچیروان بارزانی، هوشیار زێباری، جەوهەر نامیق، د رۆژ شاوەیس، سامی عەبدوڕەحمان، ئازاد بەرواری، د جەرجیس حەسەن، یونس رۆژبەیانی، قادر قادر، عیزەدین بەرواری، کەریم سنجاری، کەمال کەرکوکی، قادر جەباری، شەوکەت شێخ یەزدین، رەمزی شەعبان، دەروێش عەبدوڕەحمان، عەبدولعەزیز تەیب، نیزامەدین گلی، عارف تەیفور، محەمەد مەلا قادر، فەرەنسۆ حەریری، بروسک شاوەیس، عەبدوڵا ئاگرین.

هەروەها:
کەریم سەلام، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی 4 ی سلێمانیە.
سەعد عەبدوڵا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی 2 ی هەولێرە.
مەسعود ساڵەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی 3 ی کەرکوکە.
فازیل میرانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی 1 ی دهۆکە.
عومەر عوسمان مێرگەسوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی سۆرانە.
زەعیم عەلی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و، لێپرسراوی لقی ئاکرێیە.
*

5 ی 6 ی 94:
بە دەسپێشخەری و ناوبژی موع لە ئوتێلێکی ناوشاری هەولێر کە بە ناوی "شیرین پالاس" ەوە تازە کراوەتەوە کۆبونەوەیەک ساز کرا بە ئامادە بونی: ئەحمەد چەلەبی و حەسەن نەقیب لە موع، مەسعود بارزانی و مام جەلال و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی هەردولا و، لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کەریم ئەحمەد، قادر عەزیز، عەبدولخالق زەنگەنە، یەعقوب یوسف، منیش بەشدار بوم. جارێکی تر تێکەڵاوی روداوەکانی کوردستانی عیراق بومەوە.
ئەوەی من لەم کۆبونەوەیە تێگەیشتم سەرۆک و سەرانی پارتی ساردوسڕ بون، بە هیچ جۆرێ جدی نەبون لە راگرتنی شەڕ و گفتوگۆی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، وەختیان ئەکوشت و بە تەمای شتێ بون کە ئێمە نەمانئەزانی چیە. قسەکانیان ئەهێنا و ئەبرد و لە بازنەی شتە گشتیەکان دا ئەخولانەوە. نەیان ئەویست بچنە سەر بابەتی دیاریکراو.
*

رۆژنامەی "الحیاة" لەندەنی لە ژمارەی ئەمڕۆیدا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی زوهێر قوسەیباتی و مەسعود بارزانی بڵاو کردۆتەوە.
*

6 ی 6 ی 94:
گەڕامەوە بۆ ماڵەکەی خۆم لە سلێمانی.
گەڕانەوەم بۆ سلێمانی هاوزەمان بو لە گەڵ هێرشی هاوبەشی هێزەکانی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی بە پشتیوانی تۆپبارانی ئێرانی بۆ سەر سەیدسادق، پێنجوین، قەڵادزە. ئێران کەوتۆتە لوت تێژەنینی ئاشکرای شەڕەکە:
- هێزە پەرتوبڵاوەکانی پارتی لە دیوی ئێران، لە سەر سنورەکان، کۆ ئەکاتەوە و لە بەرامبەر هێزەکانی یەکێتی دا ساز ئەدا.
- بزوتنەوەی ئیسلامی و حیزبولڵای کورد لە شەڕەوە ئەگلێنێ.
- تۆپبارانی کوێرانەی ناوچە سنوریەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی ئەکا. هەزاران خێزان ئاوارە بون.

یەک لا هەمیشە ئەتوانێ شەڕ هەڵبگیرسێنێ، بەڵام یەک لا هەرگیز ناتوانێ بیکوژێنێتەوە، مەگەر لاکەی تر بە جۆرێ بشکێنێ توانای بەرگری نەمێنێ.
*

12 ی 6 ی 94:
رۆژنامەی "الشرق الاوسط" ی لەندەنی لە ژمارەی ئەمڕۆی دا گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیی هودا حوسەینی و ئەدهەم بارزانی رەهبەری حیزبولڵای کوردی بڵاو کردۆتەوە. دانی ناوە بە بەشداری لە شەڕەکان دا.

*

13 ی 6 ی 94:

تورکیا کۆبونەوەیەکی هاوبەشی بۆ سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی لە سلۆپی رێك خستوە.

لە یەکێتی: جەلال تاڵەبانی، محەمەد تۆفیق، سەرچڵ قەزاز، شازاد سائیب، شێردڵ حەوێزی.

لە پارتی: مەسعود بارزانی، سامی عەبدورەحمان، موحسین دزەیی، فازیل میرانی، بابەکر زێباری، سەفین دزەیی.

لە لایەنی تورکی: جەنەرال ئایدن ئالتەر (سەرکردەی گشتی جەندرمە)، جەنەرال حەسەن قۆنداغچی، جەنەرال یوسف، جەنەرال یالچین، نوێنەری وەزارەتی دەرەوە، بەرپرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئۆفیسی سەرۆک وەزیران.

کاک مەسعود ئامادە نەبوە لە گەڵ مام جەلال و نوێنەرانی یەکێتی روبەرو دابنیشێ و گفتوگۆ بکا. لایەنی تورکی، بە جیا بارزانی و نوێنەرانی پارتی و تاڵەبانی و نوێنەرانی یەکێتی‌یان دیوە و قسەیان لە گەڵ کردون، نیگەرانییان دەربڕیوە لە شەڕی ناوخۆ، پێیان وایە شەڕ بە قازانجی پ ک ک و ئیسلامیەکانەو ئەوان بە هێز ئەکا، پێداگرییان کردوە لە سەر پێویستی راگرتنی شەڕ و چەسپاندنی ئاشتی، ئامادەییان پیشان داوە بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری هەردولا بکەن.

*

هاوزەمان لە گەڵ ئەم کۆبونەوەیەدا روداوێکی خوێناوی لە سلێمانی قەوما. پارتی بە رەزامەندی "غرفە العملیات" تەرمی عوسمان قادر منەورەیان لە پێنجوینەوە هێناوەتەوە بۆ سلێمانی بینێژن. عوسمان لە شەڕەکانی پێنجوین دا کوژراوە و تەرمەکەی لە بەردەم هێزەکانی یەکێتی دا بە جێ مابو. پارتی ویستیان ئەم بۆنەیە بکەن بە بیانو بۆ سازدانی هەمو ئەندام و لایەنگرەکانیان و رێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری بۆ گرتنەوەی بارەگاکانیان لە ناو شاردا. پێکادانێکی سەخت لە نێوان هێزەکانی یەکێتی و خۆپیشاندەرەکان دا روی داوە. چەند کەسێ کوژراون و چەند کەسێ بریندار بون.

عوسمان لە شۆڕشی ئەیلول دا پێشمەرگە بوە. لە شۆڕشی نوێ دا لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکیتی بو. کادری بزوتنەوەی سۆشیالیست بو. لە گەڕانەوە یەک مانگیەکەمان دا لە شەمزینانەوە بۆ شاربازێڕ ئەویشمان لە گەڵ بو. لە کارەساتی هەکاری دا پێشمەرگەی یەکێتی بو لە لایەن پارتیەوە گیرا. دوای ئازادکردنی گەڕایەوە هەرێمی 4 ی یەکێتی. لە گەڵ جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیست لە یەکیتی ئەویش لە گەڵیان جیا بوەوە و بوە فەرماندەی هەرێمی 4 ی سۆشیالیست و دوای ماوەیەک چوە ریزی پارتیەوە بوە ئەندامی لقی 4. پیاوێکی کوردپەروەر و قسە خۆش و لە ناو هاوڕیکانی دا خۆشەویست بو. لە گەڵ من دۆست بو. حەیف بو بەوجۆرە و لە شەڕێکی وەهادا بکوژرێ.

*

23 – 24 ی 6 ی 94:

کۆبونەوەی م س – ی ن ک بە سەرپەرشتی مام جەلال و ئامادەبونی: د فوئاد مەعسوم، د کەمال فوئاد، کۆسرەت رەسول، جەبار فەرمان، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر فەتاح، عومەر عەبدوڵا و، من کرا و، لەم کۆبونەوەیەدا پرۆژەیەک ئامادە کرا بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و رێکخستنەوەی کاروباری حکومەت و داوودەزگاکانی و بە بەیانێک لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتیەوە بڵاوی کردەوە. لە بەر گرنگی ناوەرۆکی پرۆژەکە لێرەدا دەقەکەی ئەنوسمەوە:

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژانی 23-1994/6/24 دا بۆ چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستانی عیراق زنجیرەیەک کۆبونەوەی بەست دور لە گیانی حیزبایەتی تەسک سەرەتا و بنەما و هۆکانی روداوە دڵتەزێنەکانی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لە ئەنجامی بەرچاوگرتن و لێکدانەوەی هەمو هۆ ناوچەیی و ناوخۆییەی کوردستان پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی بۆ چاکردنی هەلومەرجی کوردستان بڕیار دا بۆ ئەوەی:

هەمو لایەنەکانی ژیان و تەجروبەکەی کوردستان کە زیانی پێ گەیشتوە و کەوتۆتە بەر مەترسی روخاندن بتوانێ سەرلەنوێ باشتر دابڕێژێتەوە، بە جۆرێ کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق بخاتەوە گەڕ و بنکەی سیاسی ئەنجومەنی وەزیران فراوانتر بکا و مافی نوێنەرایەتی قەومەکانی تری کوردستان دابین بکا. ڕێوشوێنی سەرجەم گیروگرفتە سیاسی و ئیداریەکان چارەسەر بکا و دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی و ئابوری کوردستان بکاتەوە. بەمجۆرەی خوارەوە:

پرۆژەی چاکردنی هەلومەرجی کوردستان

1. چاککردنی جیهازی ئیداری

جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزبی لە کاروباری حکومەتی.

هەڵوەشاندنەوەی سەرەتای وەکیەکی وەزیر و وەکیلەکەی.

دروستکردنی مجلس الخدمە بۆ دامەزراندنی مۆزەف لە باتی تەرشیح کردنیان لە لایەن حیزبەکانەوە.

کەمکردنەوەی ژمارەی مۆزەف بەوەی: بەشێکیان تەقاعود بکرێن بە هەمان معاشی ئێستایان

بەشێکی تریان بخرێنە سەر "ضمانی اجتماعی" هەمان معاشیان بدرێتی بەڵام بە ناوی یارمەتی بێکاریەوە

معاشی ئەو مۆزەفانەی لە وەزیفەدا ئەمێننەوە چەند قاتێ زیاد بکرێ.

2. چاککردنی هێزی چەکدار

پۆلیس

دامەزراندنی کلیە الشرطە

بژارکردنی ریزی ئەفسەرەکانی ئێستا

وەرگرتنی ژمارەیەک لە دەرچوانی کلیەکانی: حقوق، علم النفس، ادارە، سیاسە و ... دانانیان بە ئەفسەری پۆلیس پاش تەدریب.

وەرگرتنی پۆلیس لە سەر بنچینەی تەجنید یاخود ئیعلان و مونافەسە.

هەڵوەشاندنەوەی دەزگای پۆلیسی ئێستا

ئاسایش

بە هەمان شێوەی پێشو چاک بکرێ

پێشمەرگە

هیئە الارکان دروست بکرێ

تەشکیلی 10 لیوای پیادە بکرێ

ئەفسەرەکانی بە گوێرەی کەفائەت لە فەرماندەکانی پێشمەرگە و دەرچوانی کلیەی عسکری عیراق و کوردستان هەڵبژێردرێن

لە باتی پێشمەرگە سەرباز وەربگیرێ

سەربازەکان لە سەر بنچینەی تجنید یان تطوع کۆ بکرێنەوە.

هەمو هێزەکانی ئێستا: سوپای یەکگرتو، میلیشیاکان، لیوا تایبەتیەکان... هەڵبوەشێنرێتەوە.

3. هەڵبژاردن
تەواوکردنی ئیحصای گشتی
تەعدیلی قانونەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و ڕێبەر
دانانی قانونەکانی هەڵبژاردنی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا و سەرۆکی شارەوانی
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی
4. ئەنجومەنی وەزیران
چاوگێڕانەوە بە وەزارەتەکان دا، هەڵوەشاندنەوەی هەندێکیان و دامەزراندنی هەندێکی تازە.
دانانی چەند وەزیرێکی دەوڵەت لە نوێنەرانی حیزبەکان.
هاووڵاتیانی خۆشەویست و بەڕێز!
پرۆژەی بەرنامەی ئاشتی، کە لەم کۆبونەوانەدا بۆ چاککردنی هەلومەرجی کوردستان بەمجۆرەی لای خوارەوە بڕیار درا و پێشکەش بە پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی تر و روناکبیرانی گەلەکەمان ئەکرێ، پرۆژەیەکە بۆ پێشخستنی ژیان وئەمن و ئاسایش و خۆشکردنی زەمینەی برایەتی و یەکێتی ریزەکانی گەل.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دڵسۆزانە بەڵێن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەدا کە لای خۆیەوە بەوپەڕی توانا بەندەکانی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکا.

مەکتەبی سیاسی ی ن ک بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەو زیانە گەورەیەی لە گەلەکەمان کەوت و ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی هەمو لایەک و لە کۆمەڵانی خەڵک تیا بۆتە کۆچی قوربانی. بۆیە سەرەخۆشی لە قوربانیەکانی ئەم کارەساتە لە کەسوکار و لایەنەکانیان ئەکەین. ئومێدەوارین جارێکی تر کارەساتی وا دوبارە نەبێتەوە.

م س – ی ن ک 1994/6/24

*

ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" لە ژمارە 716 ی رۆژی 26 ی 6 ی 94 دا دەقی بەیاننامەکەی بڵاو کردۆتەوە.

ڕۆژنامەی "الحیاة" ی لەندەنی لە ژمارەی رۆژی 26 ی 6 ی 94 ی دا هەواڵی ئەم پرۆژەیە و خاڵە سەرەکیەکانی بڵاو کردۆتەوە.

ئەم پرۆژەیە لە لایەن پارتیەوە هیچ بایەخێکی پێ نەدرا و، بە تەواوی خرایە پشت گوێ.

*

**هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە تاران**

- **خولی یەکەم ( ئاب – 5/9/ 94)**
- **خولی دوەم (26/3 – 95/4/22)**
- **خولی سێیەم (95/7/2–6/28)**
- **خولی چوارەم (5 – 9 / 10 / 95)**

**خولی یەکەم: (ئاب – 94/9/5)**

د سادقی شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە 12 ی 9 ی 1992 دا لە بەرلین کوژرا. لەو کاتەدا مام جەلالیش لە بەرلین بو. هەردوکیان چوبون بۆ بەشداری لە کۆبونەوەی سۆشیال دیموکرات دا. بەو بۆنەیەوە یەکێتی بەیانی دەرکرد و پرسەی بۆ دانا و، مام

جەلال لە هەندێ گفتوگۆدا پەنجەی تاوانی کوشتنەکەی بۆ ئێران درێژ کرد. رێگەی بە حیزبی دیمۆکرات دا پرسەیەکی گەورەی بۆ دابنێن.

بەکر فەتاح، نوێنەری یەکێتی بو لە تاران. کاربەدەستانی ئێرانی بانگیان کرد بو رونکردنەوەیەکیان بداتێ لە سەر قسەکانی مام جەلال کە ئاخۆ هیچ بەڵگەیەکی هەیە بۆ سەلماندنی ئیتیهامەکانی. بەکریان تەنگاو کرد بو. بەکر هات بووەوە بۆ کوردستان ئیتر نەگەڕابووەوە بۆ ئێران. پاش چەند رۆژێ یەکێتی خۆی دەفتەرەکەی وماڵەکەی مام جەلالی چۆڵ کرد. ئیتر یەکێتی نوێنەرایەتی رەسمی لە ئێران نەما بو.

*

کە شەڕی یەکێتی – بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵگیرسا و دواتر کە شەڕی یەکێتی – پارتی قەوما یەکێتی هیچ نوێنەرایەتیەکی لە ئێران نەبو، هیچ پێوەندیەکی سیاسی لە گەڵ هیچ داوودەزگایەکی دەوڵەتی ئێران نەمابو، تا گفتوگۆی لە گەڵ بکا. ئێران ناڕازی بو لە یەکێتی و بە هێزێکی سپڵەی دائەنا کە لە تەنگانەدا پەنا بۆ ئێران ئەبا و لە خۆشی دا بایی ئەبێ. لە رۆژانی شەڕەکان دا لە چەند لاوە هەوڵ درا پێوەندی یەکێتی - ئێران ئاسایی بکرێتەوە، لەوانە:

سەید محەمەد باقیر حەکیم، سەرۆکی مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامی.

د ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی موئتەمەری وەتەنی عیراقی (موع).

لە ناو ئێرانیەکانیش دا، ئەگەرچی هەندێکیان دژی یەکێتی بون، بەڵام هەندێکی تریان کە لە سەردەمی جەنگی عیراق – ئێران دا ئاشنایەتی‌یان لە گەڵ یەکێتی و بەرپرسەکانی پەیدا کرد بو، هەوڵیان دا سود لەم هەلومەرجە وەربگرن بۆ دوبارەکردنەوەی پێوەندی ئێران لە گەڵ یەکێتی.

مەسەلەکە خرا بوە بەردەس "شورای عالی ئەمنیەتی میللی"، شورا موافەقەتی لە سەر کرد بو. هێشتا لە دیمەشق بوین "وابەستەی نیزامی" سەفارەتی ئێران لە سوریا سەردانی مام جەلالی کرد و، ئامادەیی ئێرانی دەربڕی بۆ گوێزانەوەی لە رێگەی ئێرانەوە بۆ کوردستان. هەروەها ئامادەیی ئێرانی دەربڕی کە لە تاران میوانداری بارزانی و تاڵەبانی بکەن بۆ پێکهێنانەوە و ئاشتکردنەوە. تاڵەبانی ئامادەیی پیشان دا بەڵام بارزانی رازی نەبوبو.

کاتێ گەیشتینەوە کوردستان، ئێران تا ئەهات بەهێزتر بە قازانجی پارتی دەستی وەر ئەدایە شەڕەکانەوە، لە هەمان کات دا ئامادەیی دەرئەبڕی بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندی لە گەڵ یەکێتی و ناوبژیکردن لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکان دا.

یەکێتی پێویستی بە دامەزراندنەوەی پێوەندی بو لە گەڵ ئێران. ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی هەموی هاوسنورە لە گەڵ ئێران، بەڵام ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بەشێکی هاوسنورە لە گەڵ ئێران، بەشەکانی تری هاوسنوری تورکیا و سوریایە. سنوری ئێران – یەکێتی بۆتە بنکەی کۆبونەوە و خۆسازدانی هێزەکانی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی و حیزبولا و، لەو سنورانەوە هێرش ئەکەنە سەر هێزەکانی یەکێتی بەڵام سنورەکانی پارتی – ئێران، تورکیا، سوریا، هەموی هێمن و ئەمینە. هێزی یەکێتی و شەڕی لێ نیە.

لەو رۆژانەدا دەستەیەک کاربەدەستی قەرارگای رەمەزان هات بونە کوردستان سەردانی سلێمانی و هەولێریان کرد بو. مام جەلال و هەندێ لە بەرپرسەکانی یەکێتییان دی بو. باسیان لەوە کرد بو کە یەکێتی دەستەیەکی نوێنەرایەتی بۆ گفتوگۆ لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران بنێرێتە تاران. هەر ئەوان داوایان کرد بو کە ئەبێ منیشیان لە گەڵ بم.

*

کۆتایی 8 ی 94:

دەستەی نوێنەرایەتی ئێمە پێک هات بو لە: فەرەیدون عەبدولقادر، شێخ محەمەدی شاکەلی، موحسین عەلی ئەکبەر و، من.

بە رێگای پەروێزخان – قەسری شیرین دا چوینە ئێران. لە سنور فەرماندەی قەرارگای رەمەزان و چەند کەسێکی تر لە بەرپرسەکانیان پێشوازییان کردین. لە سەردەمی جەنگی عیراق-ئێران دا سپای پاسداران "قەرارگای رەمەزان" ی دامەزراند بو فایلی کاروباری عیراقی پێ سپارد بو. بارەگای سەرەکی لە کرماشان بو.

چوینە کرماشان میوانی قەرارگا بوین دۆستانە پێیان وتین: "بەخێر بێن بۆ ماڵی خۆتان!" هەندێ لە فەرماندە و بەرپرسەکانی قەرارگا کورد بون، لە عەشیرەتی لەک بون، یەکێکیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بو لە ئەدەبی عەرەبی دا لە زانکۆی خرتوم لە سودان وەری گرت بو.

ئێوارەکەی کۆبونەوەیەکمان لە گەڵ کاربەدەستانی قەرارگا هەبو. مەبەستیان خوێندنەوەی بیری ئێمە بو بەر لە کۆبونەوەکانی تاران.

رۆژی دوایی بە فڕۆکە لە کرماشانەوە فڕین بۆ تاران لە فرودگای میهراباد پێشوازییان کردین و لە ئوتێلی لالە دایان بەزاندین.

لە گەڵ کاربەدەستانی پێوەندیدار زنجیرەیەک کۆبونەوەمان لە تاران کرد. دەستەی نوێنەرایەتی ئیران بەرپرسەکانی دەزگایەک بون بە ناوی "فەرماندەیی نەصر" کە تێکەڵاو بو لە نوێنەرانی چەند دامەزراو و وەزارەتێکی ئێران لەوانە: شورای عالی ئەمنیەتی میلی، سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتیلاعات و، راستەوخۆ سەر بە رەهبەری ئینقیلاب، سەید عەلی خامنەئی، بو وەکو خۆیان ئەیان وت.

کۆبونەوەی یەکەم بە هێرشێکی توندی سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی ئێران بۆ سەر کوردی عیراق و یەکێتی دەستی پێ کرد. بە ناچاری منیش بە هەمان توندی وەڵامم دایەوە. گفتوگۆکان خەریک بو بە پچڕان کۆتایی بێ. بۆ ئەوەی کۆبونەوەکان نەپسێ و بتوانین درێژە بە گفتوگۆ بدەین و لە بەر چاوی ژمارەیەکی زۆری بەشدارانی کۆبونەوەکە توشی دەمەقاڵێ نەبین لە سەر داوای سەرۆکی دەستەی ئێرانی رێک کەوتین تا ئەگەینە ئەنجامێکی دیاریکراو، رێککەوتن یا رێککنەکەوتن، بە دوقۆڵی گفتوگۆ بکەین.

3 رۆژ لە سەر یەک هەمو بەیانیەک سەعات 6 ی بەیانی تا سەعات 9 بە دوقۆڵی لە گەڵ عەلی ئاغامحەمەدی کۆ ئەبوینەوە و، ئەگەر پێویستی بکردایە هەندێ جار ئێوارانیش دائەنیشتینەوە.

ئێران هەرچی گلەییەکی لە کوردی عیراق و یەکێتی هەبو، ئەو بە رونی و راشکاوی، بێ موجامەلە و تەعاروف، هەموی باس کرد.

کوردی عیراق و یەکێتی‌یش هەرچی گلەییەکیان لە ئێران هەبو، وەکو ئەو منیش بە رونی و راشکاوی، بێ موجامەلە و تەعاروف، هەمویم بۆ باس کرد.

رۆژانە راپۆرتی گفتوگۆکانی ئەگەیاند بە رەهبەری ئینقیلاب، سەید عەلی خامنەئی و، بە سەرکۆمار، عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی.

هەوڵی ئێمە بە رادەی یەکەم بۆ دو شت بو:

یەکەمیان، بێلایەنکردنی ئێران لە شەڕ و ناکۆکیەکانی نێوان حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانی عیراق.

دوەمیان، ئاساییکردنەوەی پێوەندی ئێران و یەکیتی.

کۆبونەوەی گشتی بە بەشداری نوێنەرانی هەردولا دەستی پێکردەوە.

ئێرانیەکان گلەییان لە ئێمە زۆر بو، بەڵام ئەوی سەرەکی و مەبەستی ئەوان بو، مەسەلەی دالدەدانی نەیارانی جمهوری ئیسلامی ئیران یا بە زاراوەی ئەوان "دالدەدانی زدی ئینقیلاب" بو، بە تایبەتی سەرکردایەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. داوایان ئەوە بو کە یەکێتی یا حکومەتی هەرێم ریگا بە دوژمنانی ئەوان "زدی ئینقیلاب" نەدا ئەرزی کوردستانی عیراق بکەن بە بنکەی چالاکی چەکدار دژی ئیران.

ئێمەش گلەییمان لە ئێران زۆر بو، دوژمنایەتی ئێران لە گەڵ تەجروبەی تازەی دروستکردنی حکومەت و پارلەمان و، هەوڵی روخاندنی. دەسوەردانە کاروباری ناوخۆی کوردستانی عیراق و، یارمەتی دانی پارتی و بزوتنەوە و حیزبولا لە شەردا دژی یەکێتی.

یارمەتیدانی پارتی و بزوتنەوە و حیزبولایان لە شەڕەکانیان دا دژی یەکێتی خستە بەرامبەر یارمەتیدانی یەکێتی بۆ "زدی ئیقیلاب" دژی ئیران. بە رونی تێیان گەیاندین کە تا ئەو کاتەی یەکیتی چارەی کێشەی نەیارەکانی ئێران نەکا و سنورێک دانەنێ بۆ چالاکیە چەکداریەکانی ئەوان، ئەوا یەکێتیەیش ئەبێ چاوەڕوانی ئەوە نەبێ لە ئەرزی ئێرانەوە رێگا لەچالاکیەکانی دوژمنانی یەکێتی بگیرێ. بە واتەیەکی تر یا هەردولا ئەبێ رێز لە ئاسایشی یەکتری بگرن، یان ئەگەر ئاسایشی کوردستانی ئێران بە هۆی چالاکی دوژمنەکانیانەوە لە ئەرزی کوردستانی عیراقەوە تێکچو، ئەوا ئاسایشی کوردستانی عیراقیش بە هۆی چالاکی دوژمنەکانیانەوە لە ئەرزی کوردستانی ئێرانەوە تێک ئەدرێ.

جێبەجێکردنی رێوشوێنی ئاسایش مەرجی پێشەکی بو بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندی و، کردنەوەی سنوری ئێران بۆ بازرگانی و هاتوچۆ و، دامەزراندنی پێوەندی باشی سیاسی، ئابوری، بازرگانی و فەرهەنگی و، یارمەتی تەکنیکی بە گەڕ خستنەوەی کارگەکان.

لەو کاتەدا کە ئێمە لە تاران سەرگەرمی گفتوگۆ بوین، هێزەکانی پارتی و هاوپەیمانەکانی لە هەڵەبجەوە پەلاماری شارەزور و، لە هێرۆ وە پەلاماری قەڵادزەیان دا. لە هەردولاوە شکێنران. هێزەکانی یەکێتی گەیشتنە ناو هەڵەبجە و لای قەڵادزەش گەیشتنە سەر سنور. زۆری نەمابو هێزەکانیان بە تێشکاوی بکەنەوە بە دیوی ئێران دا. ئێران بۆ هەڵساندنەوەی هێزی تێشکاوی پارتی و هاوپەیمانەکانی بە کاتیۆشا و تۆپخانەی قورس کەوتە بۆردومانی خەست و بێ بەزەییانەی هێزەکانی یەکێتی و دانیشتوانی ناوشار و ئاواییەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی. لەو بۆردومانە کوێرانەیەدا سەدان کەس کوژران و بریندار بون.

*

لە کاربەدەستێکیانم پرسی: "بۆچی ئێران هەمیشە پێوەندیەکی باشی لە گەڵ پارتی هەبوە، کەچی لە گەڵ یەکێتی لە زیگزاگ دا بوە؟"

لە وەڵام دا بە زەردەخەنەوە وتی: "پارتی هەرچەندە تینی بۆ بەرین سنورێکی بۆ خۆی دیاری کردوە لێی تێ ناپەڕێ، بەڵام یەکێتی کە زۆری بۆ بێنی سنوری نیە."

هەر لە میانەی ئەم قسانەدا یەکێکی تریان وتی: "پارتی لە پێوەندیەکانی دا لە گەڵ ئێران نەگۆڕە، لە زەمانی شاوە تا ئێستا لە سەر یەک خەت هێناویێتی، بەڵام یەکێتی زو زو ئەگۆڕێ. ئێوە لە زەمانی جەنگ دا شەڕی زۆرتان لە گەڵ هێزەکانی عیراق کردوە، ئازایەتی زۆرتان نواندوە، پارتی لە شەڕدا دژی عیراق کارێکی ئەوتۆیان نەکردوە، بەڵام لە شەڕی زدی ئینقیلاب دا 600 شەهیدیان لە گەڵ ئێمە داوە، لە کاتێک دا ئێوە یارمەتی زدی ئینقیلابتان ئەدا."

"ئێوە بیری دروستکردنی کوردستانی گەورەتان لە سەردایە نەخشەی کوردستانی گەورەتان لە بارەگاکانی خۆتان دا هەڵواسیوە. دالدەی دیمۆکرات و پ ک ک تان داوە..."

"مەسەلەی فەلەستین یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو هەمو پشتیوانیە ناو دەوڵەتیەی هەیە. نە ناصر و میسر، نە ئەسەد و سوریا، نە شاحسێن و ئوردون، رێگەیان بە فیداییەکانی فەلەستین نەدا لە ئەرزی ئەوانەوە هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل. ئێوە خۆتان لەوان بە گرنگتر ئەزانن رێگە بە زدی ئینقیلاب بدەن لە ئەرزی ئێوەوە هێرش بکەنە سەر ئێران. قوربانیانی چالاکیەکانی زدی ئینقیلاب لە ساڵێک دا بە قەد ژمارەی کوژراوی رۆژێکی روداوی ئۆتۆمۆبیلەکانی جادەکانی تاران نابێ.. ئەوانە بەم کارانەیان ئەتوانن چ گۆڕینێ لە ئێران دا بکەن؟"

کورتەی قسەکانیان ئەوە بو: "یا لە هەردو دیوی سنور ئاسایش پارێزراو ئەبێ یان ئەگەر ئاسایشی دیوی ئەوان پارێزراو نەبێ ئاسایشی دیوی ئێمەش پارێزراو نابێ."

وەڵامی زۆری بابەتەکانیانم دایەوە لە میانەی قسەدا منیش وتم: "ئەو رۆژەی خوا منی خەڵق کرد، لە خۆمی نەپرسی بە کورد دروستم بکا یان بە شتێکی تر، ئەگەر لە خۆمی بپرسیایە بێگومان شتێکی ترم هەڵئەبژارد. بەڵام خوا بە کورد و بە سوننی دروستی کردوم و تازە ناتوانم نەتەوایەتی خۆم بگۆڕم ببم بە فارس یان عەرەب یان تورک و مەزەبی خۆم بگۆڕم لە سوننیەوە بە شیعە... ئەگەر بە تەمەننا بێ، هەمومان تەمەننای دروستبونی دەوڵەتی کوردستانی گەورە ئەکەین بەڵام واقیع لە گەڵ تەمەنناکەی ئێمە ناگونجێ. ئێوەش ئەزانن هەلومەرجی ناوخۆ و، هەلومەرجی ناوچەیی دەوڵەتانی دراوسێ و، هەلومەرجی جیهانیی دەوڵەتانی گەورەی دنیا رێگەمان نادەن دەوڵەتی کوردی دروست بکەین. ئێمە واقیع بیننین لەو راستیە تێ ئەگەین..."

لە سەردەمی جەنگی عیراق – ئێران دا، لە ئێران نەخشەیەک چاپ کرا بو لە بازاڕدا ئەیان فرۆشت لە سەری نوسرا بو: "راه قدس از کربلا میگذرد" بەشێکی سەرزەمینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دابوە دەم ئەرزی ئێران. ئەم نەخشەیەم بیر هێنانەوە.

*

شارەوانی تاران رۆژنامەیەکی دەرئەکرد بە ناوی "همشهری" یەوە. لەم رۆژانەدا کە ئێمە لە تاران بوین سەروتارێکی بۆ باسی کوردستانی عیراق تەرخان کرد بو. کابرای نوسەر لە وتارەکەی دا باسی مەترسی کێشەی نەتەوەیی کوردی کرد و، هاتنی هێزەکانی بێگانە بۆ ناوچەکە و، ئەو پیلانەی دژی ئێران ئەڕێسرێ، ئەنجامگیری بەوە کرد بو کە سەدام "فاسید" و کورد "ئەفسەد" ە داوای لە حکومەتەکەی کرد بو لە پێناوی قازانجی ئێران دا بۆ "دەفعی ئەفسەد" لە گەڵ "فاسید" رێک بکەوێ.

*

5ی 9ی 94:

لە ئیران گەڕاینەوە. کۆبونەوەکانمان لە تاران دو حەفتەی خایاند. بە هەمان رێگای پەروێزخان دا کە هات بوین گەڕاینەوە. لەم سەفەرەدا:

نەمانتوانی ئێران لە شەڕەکان دا بێلایەن بکەین.

نەمانتوانی هیچ بەڵێنێکیان لێ وەربگرین بۆ شکاندنی ئەو ئابلۆقە ئابوری و سیاسیەی لە لایەک لە لایەن پارتی و لە لایەکی ترەوە لە لایەن ئێرانەوە خرابوە سەر ناوچەکانی یەکێتی.

نەمانتوانی "دەفتەری یەکێتی" لە تاران بکەینەوە.

بەڵام دەرگای گفتوگۆ و هاتوچۆی کردەوە. موحسین عەلی ئەکبەر، کە شارەزای کاروباری ئێران بو، ئەرکی ئەفسەری پێوەندی یەکێتی و ئێرانی پێ سپێردرا.

*

پاش چەند رۆژێ کاربەدەستێکی گەورە و چەند کەسێکی تر لە هاوڕێکانی هاتن بۆ کوردستانی عیراق. سەردانی هەردو مەکتەبی سیاسی یەکیتی و پارتی یان کرد. ئێمە لە تاران بیروڕای خۆمان بۆ رون کرد بونەوە کە سەرانی کوردی عیراق لە ئەنجامی رەفتاری حکومەتی ئیران دا گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی ئێران دژی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و، لە هەوڵی روخاندنی دایە. یەکێ لە کارەکانی ئەم نێردراوانە ئەوە بو بۆ سەرانی کوردی عیراق رون بکەنەوە کە حکومەتی ئێران دژی دابەشکردنی ئەرزی عیراقە، بەڵام رێزی ویستی گەلی عیراق ئەگرێ و، دۆستی کوردی عیراقە و، دوژمنی حکومەتی فیدرالی و پارلەمان و تەجروبەکەی نیە. تەنیا داوایان ئەوەیە کە رێزی سنوری ئێران بگرن و، نەهێڵن ئەرزی کوردستانی عیراق ببێتە بنکەی تێکدانی ئاسایشی ئێران.

*

**خولی دوەم: (3/26 – 95/4/22)**

11 ی 1 ی 95:

بە پێی ئەو بروسکانەی لەم دوسێ رۆژەدا پێم گەیشتون:

نێچیروان بارزانی چۆتە ئێران سەرکردایەتی هێرشی هێزەکانی پارتی بکا بۆ سەر ناوچەکانی یەکێتی لە سنوری سلێمانی.

فەرەیدون عەبدولقادر چۆتە تاران بۆ ئەوەی ئیرانیەکان قانع بکا لە شەڕی یەکێتی و پارتی دا بێلایەن بن و دەوری ئیجابی بگێڕن لە گێڕانەوەی ئاشتی دا.

شەهلایی، بە نوێنەرایەتی ئێران هاتۆتە کوردستان لە نێوان مام جەلال و کاک مەسعود دا هاتوچۆی مەکۆکی ئەکا بۆ ئەوەی: یەکێتی دەستەی نوێنەرایەتی بە سەرۆکایەتی بەندە و پارتی دەستەی نوێنەرایەتی بە سەرۆکایەتی نێچیروان بنێرن بۆ تاران. پێشمەرجی ئێران، لە زمانی شەهلاییەوە، بۆ راگرتنی شەڕی ناو کوردستان راگرتنی پەخشی رادیۆی دیمۆکراتە.

حیزبی دیمۆکرات ئامادە نیە گوێ لە یەکێتی بگرێ. نە چالاکی چەکدار رائەگرێ و نە پەخشی رادیۆکەی رائەوەستێنێ.

نوێنەری ئەمەریکا هەڕەشەی لە هەردولا، مام جەلال و کاک مەسعود، کردوە کە نابێ ناوبژی ئێران قبوڵ بکەن، ئەگینا ئەوان دەس لە پاراستنی کورد بەر ئەدەن.

دیمەنی سیاسی ئەم رۆژانەی کوردستان لە تابلویەکی سوریالی ئەچێ!

*

1-2 ی 2 ی 95:

کۆسرەت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو لە هەولێرە و من لە سلێمانی، ئەمڕۆ نامەیەکی بۆ نوسیوم، ئەڵێ:

"بە رەئی ئێمە:

1. پارتی بە پشتیوانی ئێران ئیدامە بە شەڕەکە ئەدات هەروەهاش عەلاقەشیان هەیە لە گەڵ عیراق بۆیە ئێمە پێمان باشە جەنابتان بچن بۆ ئێران هەم بۆ وەزعی ئیقتیسادی و هەم دەرگایەکیشمان هەبێ.

پارتیش ناتوانێ هەندە ئیبتیزازمان بکات لە سەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل.

لە بەرژەوەندی هەمو کوردستانیش دایە ئێمە دەرگایەکمان هەبێ ئەم حەسارە لە سەر سۆران وا بەردەوام بێ شەڕیشمان نەکەن هەر ناتوانین بژین.

2. سیاسەتی خیارات المفتوحە بە کار بهێنین بۆ هەمو لایەک.

3. جەبهەکانیش قایم بکەین لە دیفاع دابین تاکو جەنابتان لە سەفەرەکەتان دا مۆفەق ئەبن هیچ حەملەیەک نەکەین.
چەندی زو لە گەڵ ئێران ئیتیفاق بکەین چاکە."
*

10 ی 2 ی 95:
بە پێی هەواڵێکی ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی "الحیاه" ی لەندەنی، دەیڤید لەیت، بەڕێوەبەری بەشی سەروی خەلیج لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لە کۆڕێک دا لە سەر هەلومەرجی کوردستان لە "دامەزراوی واشنتۆن بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک" دا، هۆشیاری داوە بە هەردو حیزب کە ناوبژی ئێرانی قبوڵ نەکەن چونکە "ئێران لایەنێکی بێلایەن و پاک نیە... ئامانجەکانی بە هیچ جۆرێ لە گەڵ ئامانجی عیراقیەکان یا ئامانجی حکومەتی ئەمەریکی ناگونجێ."
دەڤید لەیت لە ڕۆژانی 24-27 ی کانونی دوەمی ئەمساڵ دا سەردانی کوردستانی کرد و، سەرانی موع و یەکێتی و پارتی دی. منیش لە کۆیە لە گەڵی دانیشتم. لە دانیشتنەکانی دا هەڕەشەی کردوە کە ئەگەر شەڕ درێژە بکێشێ یا ناوبژی ئێرانی قبوڵ بکرێ، ئەوان دەس لە پاراستنی کورد هەڵئەگرن، واز لە "پرۆڤاید کۆمفۆرت" ئەهێنن، کورد بۆ سەدام بە جێ ئەهێڵن!
*

19 ی 2 ی 95:
ئەمڕۆش کۆسرەت دیسان نامەیەکی تری بۆ ناردوم بە هەمان ناوەرۆکی نامەی پێشو نوسیوێتی:
"ئەم نامەیە تاریخە بۆ جەنابتان ئەنوسم چونکە دو مانگە هاوار ئەکەم کەس بە قسەم ناکات ئەویش بێ تەرەفکردنی ئێرانە ئێستاکەش مەجال ماوە تکایە تکایە مام جەلال بە دیمۆکرات بڵێ ئیزگەکە دابخەن.
دواجار ئەشکێین هیچمان پێ ناکرێ نەتیجە موهیمە لە هەمو شتێک دا.
جاشی تورکیا موهاجیرەکان داخل یان کردوە.
ئێران تەداخول بکات میزانەکە ئەگۆڕدرێت بۆیە پێویستە تاکو کاتمان لە دەست ماوە عیلاجێک بکەین.
مەسعود بە قسەی ئێران ئەکات بە قسەی ئەمەریکا ناکات دوێنێ بەو ئەمریکیەی لە گەڵ د. ئەحمەد چەلەبی بو قسەم کرد ئەویش رەئی وا بو مەسعود بە قسەی ئەمریکا ناکات بە قسەی ئێران ئەکات.
ئەوجا خۆت نامەیەک بۆ مام جەلال بنوسە و ئاگاداری دیمۆکرات بکەن ئیزگەکە دابخەن و کاک فەرەیدون لە تارانە لە گەڵ نێچیروان و ئازاد بەرواری بە هۆی ئێرانەوە ئەتوانن کۆبونەوەیان پێ بکەن.
ئەم نامەیە بۆ مێژو بۆتانم نوسی چونکە پێش 20 ڕۆژ نامەیەکی لەم بابەتە بۆ جەنابی مام جەلال نوسی دیار بو بە کورتبین حسابی کردین لە کۆبونەوەی م س گوتی تۆ هەر بەر لوتت ئەبینی باشە با جەبهەی هەڵەبجە و بەمۆ و پێنجوین و قەڵادزێ مان لێ بکەنەوە حاڵمان چی ئەبێ و دیمۆکرات چیمان بۆ ئەکات. بزانم ئەو کاتەش ئەمریکا تەعامول لە گەڵ ئەمری واقیع ئەکات یان نەء. ئەمریکا هیچ عەلاقەی نیە بە ی ن ک و پ د ک هەدەفی سەدامە. پارتی لە کوردستان بێ یەکێتی لە کوردستان بێ عەلاقەی نیە.

باشە ئەمریکا با پارەمان بداتێ خۆ ئەتوانێ.
بە هەرحاڵ قسە زۆرە مەسەلەکان هەر عەسکەری نیە ئەگەر عامیلی ئێرانی و تورکی تێدا نەبێ پارتی ئەو هێز و حیزبە نیە بتوانێ شەڕی ی ن ک بکات بەڵام بە پشتیوانی ئێران و تورکیا میزانەکە ئەگۆڕن."
*

11 ی 3 ی 95:
جەعفەری سەحرارودی، نێردراوی ئێران بۆ گفتوگۆ لە گەڵ یەکێتی و پارتی گەیشتۆتە کوردستان. پێشنیار ئەکا نوێنەرایەتی هەردولا بۆ گفتوگۆی ئاشتی بە چاودێری ئێران بچن بۆ تاران.
ئێران کەوتۆتە بەینەوە ئەیەوێ رێکخستنەوەی پێوەندی یەکێتی و پارتی خۆی رێکی بخاتەوە ئەم کارە لە دەس ئەمەریکا و ئینگلیز و تورک دەر بهێنێ.
ئەمەریکا هەر لە سەرەتاوە بە توندی دژی ناوبژیوانی ئێران بو. ئاگاداری هەردولایان کرد بو کە نابێ قبوڵی بکەن، بەهانەیان ئەوە بو ئێران بێلایەن نیە و پلانی تایبەتی خۆی هەیە بۆ خۆ تێ هەڵقورتان لە کاروباری کوردستان.
تورکیاش بە هەمان شێوە دژی ناوبژی ئێرانیە. پێی وایە نفوزی ئێران لە کوردستان دا بەهێز ئەکا.
*

تەجروبەی رابوردو سەلماندویەتی کە رێککەوتنی کوردی – کوردی ئەگەر هێزێکی دەرەکی لە پشت نەبێ، یا چاودێری جێبەجێکردنی نەکا، سەرناگرێ. یەکێتی و پارتی چەند ساڵ شەڕیان بو نەیانتوانی بگەنە پێکهاتن تا ئێران تێکەوت هەردولای لە تاران کۆکردەوە رێککەوتنێکی پێ ئیمزا کردن (تشرینی یەکەمی 1986). ئەو ئاشتیە لە نێوان یەکێتی و پارتی دا درێژەی کێشا تا هەڵگیرسانی شەڕی ئەمجارە.
*

20 ی 3 ی 95:
رۆژێ پێش نەورۆز 35 هەزار سەربازی تورکیا بە پشتیوانی فڕۆکە و تۆپ و زرێپۆش بە درێژایی 220 کیلۆمەتر بۆ راونان و لە ناوبردنی بنکەکانی پ ک ک لە سنوری کوردستانی عیراق – تورکیا لەشکرکێشیان دەس پێ کردوە.
پێش هێرشەکەیان هێزەکەیان لە سیلۆپی بە ئاشکرا مۆڵ دا بو.
کاک مەسعود سەردانی سیلۆپی کرد و لە گەڵ هەندێ لە جەنەراڵەکانیان کۆبۆتەوە.
*

21 ی 3 ی 95:
ئەمڕۆ نەورۆزە. ئەم بەیانیە پارتی هێرشی کردۆتە سەر پێنجوین گرتویەتی.
*

23 ی 3 ی 95:
ئەمڕۆ گەیشتینە کرماشان.
نوێنەرایەتی یەکێتی: د فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر، شێخ محەمەدی شاکەلی، موحسین عەلی ئەکبەر و، من.
نوێنەرایەتی پارتی وەکو ناوبژیوانی ئیرانی ئەڵێ پێک هاتوە لە: نێچیروان بارزانی، سامی عەبدوڕەحمان، بروسک شاوەیس، ئازاد بەرواری.

*

24 ی 3 ی 95:

لە کرماشانماینەوە.

*

25 ی 3 ی 95:

گەیشتینە فرۆکەخانەی میهراباد لە تاران.

دو رۆژە لە پێنجوین شەڕە. ئێوارەکەی یاوەرەکەمان داوای لێ کردین داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی بکەین شەڕ رابگرن گۆیا پارتی ئامادەیە شەڕ رابگرێ.

*

26 ی 3 ی 95:

شەوی رابوردو تا بەیانی لە پێنجوین شەڕ بوە یەکێتی خەریکی دەرکردنی هێزەکانی پارتیە لە پێنجوین. پارتی شکاوە چەند فەرماندەیەکیان کوژراوە. هەڵاتون بۆ ناو ئێران.

ئەمرۆ یەکەم دانیشتن لە گەڵ لایەنی ئێرانی دەستی پێ کرد.

نوێنەری ئێران لە قسەکانی دا چەند بابەتێکی دیاریکراوی باس کرد:

- ئێران ئەیەوێ بارودۆخی دراوسێکانی ئارام بێ.
- هەردولا، یەکیتی و پارتی، دۆستی ئێرانن کوژرانی هێزەکانیان بە قازانجی دوژمنە.
- ئەگەر کێشەی زدی ئینقیلاب نەبێ ئێران نایەوێ پشێوی "ئیختیشاش" لە سەروی عیراق دا هەبێ.
- ئێران لە پارتی دا مەسعود بارزانی و لە یەکێتی دا جەلال تاڵەبانی ئەناسێ. ئەوانەی خوارەوە هەرچی بکەن ئێران هەر ئەوان بە لێپرسراو ئەزانێ.
- ئێران قبوڵ ناکا لایەک لایەکەی تر "حذف" بکا.
- جارێکی تریش ئەوەی دوبارە کردەوە، کە ئەگەر کێشەی داڵدەدانی زدی ئینقیلاب نەبێ، ئێران دەس وەر ناداتە کاروباری ناوخۆی کوردستان و خۆیان هەر شێوەیەکی حوکمڕانی حکومەتی کوردی یا فیدراڵی هەڵئەبژێرن، ئەوان دژی ناوەستن.
- ئەگەر بێتە سەر پارچە پارچە کردن ئەوسا ئێران رەئی خۆی هەیە
- دوای راپەڕین یەکێتی خۆی بارگەوبنەی لە ئێران پێچایەوە. ئێران لە هەڵبژاردن دا یارمەتی دان و، داوای لێ کردن پەیوەندی باشتر بکەن.

دوای سپاسی میوانداری ئێمە پێخۆشحاڵی خۆمان دەربڕی بۆ ناوبژیوانیی ئێران. پێمان وتن هیچ مەرجێکی پێشەکی مان نیە بۆ گفتوگۆ لە گەڵ پارتی. ئامادەین بۆ باس و چارەسەرکردنی هەمو ناکۆکیەکان.

پاشماوەی کاتی دانیشتن باسی لەشکرکێشی تورک و رێگای روخانی رژیم کرا.

مام جەلال، وەکو داوامان کردبو، لە سەعات 7 ئێوارەی ئەمرۆ 26 ی مانگەوە فەرمانی راگرتنی شەڕی لە هەمو مەیدانەکان دا دەرکرد. نازانین کاک مەسعود و پارتی هەمان شتیان کردوە یا نە!

*

27 ی 3 ی 95:

سەعات 4.5 بەیانی پارتی لە قۆڵەکانی: سێبەردان، شاوەیس، کانی قرژاڵە، بەحرکە، هێرشی کردۆتە سەر هەولێر. تۆپبارانی شار و ئۆردوگاکانی کردوە. هێرشەکە شکێنراوە. فاقە

مەخموری، یەکێ لە فەرماندە ناسراوەکانی پێشمەرگەکانی هەولێر، کوژراوە. دیارە پارتی پابەندی ئاگربڕەکە نەبوە،

عەسرەکەی لە گەڵ ئاغامحەمەدی دانیشتین باسەکان لە دەوری دو بابەت ئەخولایەوە: ناوبژی ئێران لە نێوان ینک و پدک و، ڕێگای روخانی رژیم.

*

28 ی 3 ی 95:

کۆبونەوە درێژەی پێ درا.

نوێنەرایەتی ئێران پێک هاتوە لە: عەلی ئاغامحەمەدی، موجتەبا تورابی لە (ستادی فەرماندەیی کول)، هاشمی لە وەزارەتی ئیتیلاعات، رەمەزانی لە نەیروی قودس، مەحمود رەحیمی لە قەرارگای رەمەزان.

*

29 ی 3 ی 95:

کۆبونەوە لە گەڵ هەمان دەستە درێژەی پێ درا. باسەکان:

- پێوەندی دوقۆڵی و یارمەتیدانی گێڕانەوەی ئاسایش
- زدی ئینقیلاب
- حزوری بێگانە لە کوردستان
- هەڵوێست لە رژیمی عیراق

*

پارتی هێرشی کردۆتە سەر کانی قرژاڵە، کە دەروازەی داگیرکردنی هەولێرە، شکاوە. غازی فەیسەل، یەکێ لە فەرماندەکانی یەکێتی، بریندار بوە لە سەر مردنە. لەوەتی ئێمە گەیشتوینەتە تاران پارتی 3 هێرشی گەورەی کردوە جارێک بۆ سەر پێنجوین و دو جار بۆ سەر هەولێر. هەر سێ جار شکاوە.

*

نێچیروان بە بیانوی کاری پێویستەوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ناوبژیوان گفتوگۆکانی دواخست تا ئەو ئەگەڕێتەوە. خانەخوێ پێشنیاری کرد لەو ماوەیەدا گەشتێ بۆ ئەسفەهان بکەین.

*

1 ی 4 ی 95:

بە فڕۆکە چوین بۆ ئەسفەهان لە "میهمانسەرای عەباسی" دایان بەزاندین.

ئەسفەهان پایتەختی هەندێ لە شاهەکانی سەفەوی بوە. شا عەباسی کەبیر لەوێوە حوکمڕانی کردوە. ئێرانیەکان ئەوەندە بەم شارەوە نازیون وتویانە: "اصفهان نصف جهان" واتە ئەسفەهان نیوەی دنیایە. ئێرانی شانازیەکی زۆر ئەکا بە رابوردوی وڵاتەکەیەوە. پیاو کە ئێران ئەبینی هەق ئەدا بە ئێرانی شانازی بە رابوردوی خۆیانەوە بکەن. سەردانی پردەکانی خواجە و 32 پول و دو کۆشک و چوار مزگەوتمان کرد. یەکێ لە کۆشکەکان هی شاعەباس بو. نەخشەی هەندێ لەم شوێنانە بەهادینی عاملی کێشاوێتی کە زانەیەکی شیعەی لوبنانی بوە.

*

ئەبێ ئەمڕۆ وەفدی پارتی بگەن: نێچیروان بارزانی، سامی عەبدوڕەحمان، ئازاد بەرواری، بروسک شاوەیس.

*

2 ی 4 ی 95:

پاشنیوەڕۆ بە فرۆکە گەڕاینەوە تاران.

ئەمڕۆ ڕێکەوتی سیانزە بەدەرە. خەڵکی شارەکان کەس لە ماڵ نامێنێ بۆ سەیران ئەچنە دەرەوەی شارەکان. ئێمە چوین بۆ سەردانی مزگەوتە کۆنەکان.

دو کەس لە سەرانی موع ئێستا لە تارانن:

د محەمەد بەحرەلعلوم، ئەندامی سەرۆکایەتی موع، لە کوردستان گەڕاوەتەوە لە تارانە. ئێوارەکەی هات بۆ سەردانمان نائومێد بو لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

هانی فکێکی، ئەندامی ئەنجومەنی راپەراندنی موع، چەند رۆژێکە لە لەندەنەوە هاتۆتە تاران بە نیازی سەردانی کوردستان. دوێنێ بەیانی ئازاد بەرواری، سامی عەبدورەحمان و بروسک شاوەیسی دیوە ئەویش دوای ئەو بینینە ئومێدێکی بە ئاشتی نەبو.

17 حیزبی کوردستانی عیراق، پێکەوە یادداشتێکیان داوە بە یەکێتی نارەزایی دەرئەبڕن لە سەر داخستنی رادیۆی دیمۆکرات. داوایان کردوە رێ بدرێ رادیۆکەیان سەرلەنوێ بکەوێتەوە کار. لە ناو ئەم حیزبانەدا هەن ئاگاداری و دەنگوباسی نەیارانی ئێران، بە تایبەتی دیمۆکرات و کۆمەڵە، کۆ ئەکەنەوە و ئەیدەن بە ئێران و لە ناویان دا هەیە کە لێکۆڵینەوەی پۆلیس و دادگا ساخی کردۆتەوە دەستیان لە کوشتنی کادرەکانیان دا هەبوە و هێرشی چەکداریان کردونەتە سەر. کەچی ئێستا بۆ پرۆپاگاندەی سیاسی بونەتە پارێزەری ئەوان.

ئێوارە رەحیمی و عیبادی هاتن وتیان رادیۆی دیمۆکرات کەوتۆتەوە قسە.

*

3 ی 4 ی 95:

پاشنیوەڕۆ سەردانی سەید محەمەد باقیر حەکیم، سەرۆکی مەجلیسی ئەعلای سەورەی ئیسلامیمان کرد.

ئێوارەکەی لە گەڵ محەمەدی کۆبوینەوە. 5 سەعاتی خایاند.

پارتی ئامادە نیە لە گەڵ ئێمە روبەڕو دابنیشێ. لایەنی سێیەم قسەکانی ئێمە و ئەوان ئاڵوگۆڕ ئەکەن.

*

4 ی 4 ی 95:

لە گەڵ محەمەدی و هەیئەتەکەیان دانیشتین.

چەند بیروڕایەکمان ئامادە کرد بو دەربارەی: راگرتنی شەڕ، چەکداماڵینی هەولێر، داهاتی حکومەت، پێکهێنانەوەی حکومەتی هاوبەش، بۆ محەمەدی مان باس کرد.

*

5 ی 4 ی 95:

دانیشتنێکی تر. رەمەزانی سەرپەرشتی کۆبونەوەی کرد. محەمەدی ئامادە نەبو. پارتی سورن لە سەر پێشمەرجەکانیان: چۆڵکردنی بێ قەید و شەرتی هەولێر. داوا ئەکەن چەکداری حیزبەکان پارێزگاری ماڵی مام جەلال و بارەگاکانی م س و مەڵبەند و داوودەزگاکانی یەکێتی بکەن و ئاڵای ئەوانی لە سەر هەڵ بکرێ.

*

6 ی 4 ی 95:

ئەم بروسکەیەم نارد بۆ مام جەلال: کۆبونەوەکان سودیان نەبو چونکە پارتی هەر سورە لە سەر چۆڵکردنی هەولێر لە یەکێتی و هەمو هێزەکان بە ماڵەکەی جەنابت و مەکتەبی سیاسی و هەمو مەقەڕەکانەوە. پێشمەرگەی لایەنی سێیەم حەراسەت لە مەقەرات و مەسئولەکان بگرێت.

واتە چەکداری موع و بەرە. رازی نابن هیچ چەکدارێکی یەکێتی تێدا بمێنێ. تاکو ئێستا ئامادە نین باسی راگرتنی شەڕ و گومرگ و پێکهێنانەوەی حکومەت بکەن.
ئەگەر وا بڕوا گفتوگۆ بە شکان تەواو ئەبێ.
*

لە سەر داوای حیزبە کوردیەکان بارزانی لە رۆژی 7 ی 4 ەوە بۆ ماوەی 15 رۆژ "هودنە" ی راگەیاندوە. بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا ئەوان بۆ ناوبژی تێ بکەون. هودنەی یەکلایەنە لە لایەن بارزانیەوە بە تەنیا راگەیەنراوە نەک لە ئەنجامی رێکەوتنی هەردولای شەڕ لە بەر ئەوە:
هەر کات ویستی ئەتوانێ هەڵی بوەشێنێتەوە.
بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە کە تەواو بو ئەتوانێ پەلاماری لاکەی تر بدا.
چاودێریکەری بێلایەن لە بەینا نیە هەر لایە ئەتوانێ پێشێلی بکا و تاوانی تێکدانەکەی بداتە پاڵ لایەنی بەرامبەر.
"هودنە" وشەیەکی جیاوازە لە "وقف اطلاق النار" ی عەرەبی و "ئاگربەست" و "راگرتنی شەڕ" ی کوردی. پێم وایە بە ئەنقەست بە کار هێنراوە.
*

ناوبژیوان ئاگاداری کردین: نوێنەرانی پارتی پێیان وتون ئەوان بۆ "سوڵح" نەهاتون ئەبێ بۆ راوێژ بە سەرکردایەتی خۆیان بچنەوە بۆ کوردستان گۆیا 3 رۆژیان پێ ئەچێ.
*

وەفدی تورکی چۆتە سەلاحەدین مەسعود بارزانی‌یان دیوە داوای راگرتنی شەڕیان کردوە. داوایان لە مام جەلالیش کردوە بچێ بۆ هەولێر بۆ ئەوەی گفتوگۆی لە گەڵ بکەن. نەیتوانیوە بچێ. پێشنیاریان کردوە تاڵەبانی و بارزانی بچن بۆ تورکیا بۆ ئەوەی ناوبژی‌یان لە بەین دا بکەن.
*

خانەخوێ پێشنیاری بۆ کردین تا نوێنەرانی پارتی لە کوردستان ئەگەڕێنەوە بۆ تاران ئێمە کەڵک لەو بۆشاییە وەربگرین گەشتێ بۆ مەشهەد بکەین.
بە فڕۆکە چوین بۆ مەشهەد لە ئوتێلی "ئەترەک" دایان بەزاندین. سەردانی "ئاستانی قودسی رەضەوی" مان کرد. ئەمە دامەزراوێکی ئاینی – هەمە لایەنەیە بۆ سەرپەرشتی وەقف و سەرمایەی ئیمام رەزا. ئیمام رەزا نازناوی عەلی کوڕی موسایە و، هەشتەمین ئیمامی شیعەی 12 ئیمامیە. ئەم دامەزراوە لە پاش دەوڵەتی ئێران دەوڵەمەنترین دامەزراوی ئێرانیە. چەندین کارگە و دامەزراوی فەرهەنگی، پیشەسازی، کشتوکاڵیی هەیە. لە ناو مزگەوتەکەدا جگە لە ئارامگەی ئیمام رەزا موزەیەک، زانستگایەک، کتێبخانەیەکی گەورەی تێدایە. کتێبخانەکە تازە نوێ کرا بووەوە. سیستەمی کۆمپیوتەری تێ خراوە. ئێستا یەک ملیۆن کتێبی تێدایە بە تەمان بیکەن بە چوار ملیۆن.
لەم سەفەرەدا سەردانی ئارامگای فیردەوسی مان کرد. فیردەوسی دانەری شاهنامەیە. عەرەب شاهنامەی بە قورئانی عەجەم باس کردوە. لێکۆڵەرەوەکانی مێژوی ئێران فیردەوسی بە باوکی بیری نەتەوایەتی ئێران دائەنێن. ئارامگەکە شایستەی فیردەوسی بو. "مەهدی ئیخوانثالث" یەکێ لە شاعیرانی نوێکەرەوەی شیعری فارسی لە ناو چیمەنێکی نزیکی فیردەوسی نێژراوە.
لە کاتی زیارەتی ئارامگەی ئیمام رەزا مەولانا خالیدی شارەزوریم بیرکەوتەوە. مەولانا خالید لە گەشتەکەی دا بۆ شاری دەهلی لە هندستان بە مەشهەدا تێپەڕیوە. لەم سەفەرەدا چەند

قەسیدە و غەزەلی هۆنیوەتەوە. لە مەشهەد سەردانی بارەگای ئیمام رەزای کردوە. یەکێ لە قەسیدە درێژەکانی لە ستایشی ئیمام رەزا و بارەگاکەی دا داناوە و "قطعە" یەکیشی بۆ ماڵئاوایی وتوە.

لە ستایشەکەی دا ئەڵێ:

این بارگاه کیست کە از عرش برتر است

و زنور گنبدش همە عالم منور است

لە خواحافیزی دا ئەڵێ:

"خالد" بیا و عزم سفر زین مقام کن

بر روضەی رضا ز دل و جان سلام کن

مەولانا خالید لە قەندەهار غەزەلە شیرینە بەناوبانگەکەی هۆنیوەتەوە کە لە سەرەتاکەی دا ئەڵێ:

رۆژی جەژنە من تەریک و بێبەشی دیداری یار

خەڵکی خوڕەم، من بە خوڕەم ئاو لە چاوم دێتە خوار

گشت لە گەشتی دەشتە داوێن پڕ گوڵاڵەی ئاڵ و سور

ئەشکی سوری، داخی دوری، دەوری کردمە لالەزار

مەولانا شیعرەکەی بە فارسی داناوە. پیرەمێرد کردویەتی بە کوردی. سالم، لە سەردەمی خۆی دا، لە رۆژگارێکی دەربەدەری دا فارسیەکەی "تەخمیس" کردوە. ئەم شیعرە هەموی تاسەی دوری نیشتمان و سۆزی خۆشەویستی خەڵک و داروبەردی وڵاتەکەیەتی.

مەولانا دوای ئەوەی گەڕایەوە کوردستان مەحمود پاشای بابان بۆ رێزلێنانی لە سلێمانی مزگەوتێکی بۆ دروست کرد، کە ئێستا بە "خانەقای مەولانا خالید" ناسراوە. مەولانا بە هۆی نائارامی هەلومەرجی کوردستانەوە دو جار سەری خۆی هەڵگرت بۆ بەغداد. جاری یەکەم بە رجا و تکای پاشای بابان و چەند کەسێکی تر گەڕایەوە کوردستان. جاری دوەم کە رۆیشت، ماوەیەک لە بەغداد مایەوە، ئینجا بە یەکجاری کۆچی کرد بۆ شام. لەوێ جێگیر بو تا لە 1242 ی کۆچی دا، لە تەمەنی 51 ساڵی دا، بە تاعون لە دەربەدەری دا سەری نایەوە. بەشێکی گەڕەکی سەرشەقام بە ناوی خانەقاکەی مەولاناوە پێی ئەڵێن: "بەرخانەقا". بنەماڵەکەی ئێمەش وەکو هەندێ لە بنەماڵە کۆنەکانی سلێمانی لەو زەمانەوە لە بەرخانەقا نیشتەجێ بون.

لە سەردەمی شەڕدا، حیزبی بەعس بۆ جنێودان بە "کۆمەڵە" کابرایەکی نەناسراوی بە ناوی مەلا ئەحمەدەوە دۆزی بوەوە، لە خانەقاکەی ئەم پیاوە هەڵکەوتوەی کوردا بە "خەتیب" تەعینی کرد بو. لە دوای راپەڕین پارتی ئەم کابرایەیان لە شوێنەکەی خۆی دا هێشتەوە بۆ جنێودان بە یەکێتی و بە من و، لە گەڵ دەسپێکردنی شەڕی ناوخۆدا بردیان بۆ سەلاحەدین، بۆ ئەوەی وەکو بەشێ لە شەڕی راگەیاندن، جنێوەکانی بە رادیۆ بڵاو بکەنەوە.

*

نوێنەرانی پارتی هاتنەوە بۆ تاران. ئەمجارەش ئامادە نین روبەڕو لە گەڵ ئێمە دابنیشن. لایەنی سێیەم ئاڵوگۆڕی قسەکان ئەکەن.

*

19 ی 4 ی 95:

محەمەدی پرۆژەیەکی هێنا بو بۆ لێدوان بەندە سەرەکیەکانی بریتی بو لە:

1. راگرتنی شەڕ. راگرتنی هێرشی راگەیاندن. راگرتنی ئیجرائات دژی یەکتری. (ماوەی 3 رۆژ)

2. هێزەکانی هەولێر بە مەسافەیەکی مساوی لە هەولێر دور بخرێنەوە. بە ئیتیفاقی هەردولا هێزێکی هاوبەش پارێزگاری ئاسایشی شار بکا. گیراوەکان بەر بدرێن.
(ماوەی 7 رۆژ)

3. پارلەمان بکەوێتە کار. کابینەیەکی تازە بنکەیەکی فراوانی هەبێ بە سەرۆکایەتی بێلایەنێک بکەوێتە کار. گومرگ تەسلیم بکرێتەوە.
(کەمتر لە 1 مانگ)

4. لە هەمو شوێنەکان تەتبیع بکرێ. هەمو کارەکان لە رێگەی حکومەتی مەرکەزیەوە بکرێ. هەردولا باسی تەعاونی سیاسی و دانانی رێوشوێنی هەڵبژاردن بکەن.
(بە زوترین کات)

داوای لێ کردین بیروڕای خۆمان بڵێین.

*

20 ی 4 ی 95:

لە گەڵ محەمەدی کۆبوینەوە. هەندێ دەسکاری کەممان پێشنیار کرد . بە لایەوە پەسند بو.

*

مام جەلال بە تەلەفۆن ئاگاداری کردین:

"وەفدی 17 حیزبی کوردستانی چونەتە لای بارزانی بۆ ناوبژی. بارزانی ئامادەیی دەربڕیوە بۆ: 1. درێژکردنەوەی (هودنە) بۆ مانگێکی تر. 2. بەردانی دیل و گیراوەکانی هەردولا. 3. راگرتنی شەڕی راگەیاندن. 4. دەسهەڵگرتن لە ئازاردانی لایەنگرانی یەکتری. هەروەها پێی وتون ئەو نایەوێ رێککەوتن لە ئێران بکرێ. ئەیەوێ لە کوردستان بێ."

"هەر ئەمڕۆش لە واشنتۆن نوێنەری هەردولایان بانگ کردوە دەربارەی کارەکانی وەفدی هەردولا لە تاران داوای رونکردنەوەیان لێ کردون، نوێنەری پارتی وتویەتی: "وەفدی ئێمە لە تارانە بۆ پێوەندی دوقۆڵی ئێران و پارتی نەک بۆ گفتوگۆ لە گەڵ یەکێتی. هیچ رێککەوتنێ لە تاران لە گەڵ یەکێتی ناکرێ."

تاڵەبانی بە نوێنەرانی 17 حیزبەکەی وتوە: "موافیقە لە سەر هودنە و راگرتنی شەڕی راگەیاندن و بەردانی گیراوەکانی هەردولا بەڵام حیزبە کوردستانیەکان توانای چاودێری جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەیان نیە بۆیە ئێمە رێککەوتنمان لە تاران پێ باشە بە تایبەتی چونکە سابیقەمان هەیە."

*

21 ی 4 ی 95:

بارزانی بۆ ماوەی 1 مانگ هودنەی تازە کردۆتەوە. ئەم راگەیاندنەی بڵاو کردۆتەوە:

"بۆ بە پیرەوەچونی داخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە لەم پێناوەدا وەفدێکی سەرکردایەتی پارتیمانی لە تاران پێشوازی کردوە، هەروەها بۆ بە پیرەوەچونی کۆشش و تەقەلای دۆستانی دیکەی گەلی کورد و بۆ رێزلێنان لە کۆششی حیزبە کوردستانیەکان و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی عیراق و زانایانی ئاینی و شەخسیاتی کۆمەڵایەتی بڕیار درا کە ئاگربەس لە رۆژی 21 ی نیسانەوە درێژەی پێ بدرێ تا 1 ی حوزەیرانی داهاتو.

ئومێدەوارین بەوە هەل بڕەخسێت بۆ کۆتایی هاتن بە داگیرکاری عەسکەریانەی شاری هەولێر و دوایی هێنان بەو بارە نائاساییە تا هەولێر ببێتەوە بە پایتەختی پارلەمان و حکومەتی هەرێم و ئاشتی ناوخۆ، تا ئەوەش ببێتە سەرەتایەک بۆ چارەسەری گشت گرفتەکان و ئاسایی بونەوەی بارو دۆخی هەمو ناوچەکانی کوردستان. سەلاحەدین لە 21 ی نیسانی 1995"

*

کاک مەسعود نایەوێ ڕێککەوتن لە ئێران و بە ناوبژی ئێران بێ، ناتوانێ زەق و رەق ناوبژی ئێرانی رەت بکاتەوە. ناشیەوێ دڵی ئەمەریکا و تورکیا بڕەنجێنێ. لە باتی رەتکردنەوەی راستەوخۆی ناوبژی ئێرانی کۆسپی سەرنەگرتنی دائەنێ:

- ڕێککەوتن هەر ئەبێ لە کوردستان بکرێ.
- وەفدەکەیان لە گەڵ وەفدی یەکێتی روبەڕو دانەنیشێ.
- پێشمەرجی سەخت دابنێ بۆ ئەوەی یەکێتی قبوڵی نەکا.
- وەفدەکەیان هەرچەند رۆژ جارێک بۆ راوێژ لە تارانەوە بانگ بکاتەوە بۆ سەلاحەدین.

تاکتیکێکی زیرەکانەیە بۆ پەکخستنی "موبادەرە"کەی ئێران.

*

مانەوەمان لە تاران سودێکی نەمابو. گەڕاینەوە بۆ کوردستان، بەڵام بە دەستی خاڵی.

*

24 ی 4 ی 95:

بە سێ قۆڵی د فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر و من، چوین بۆ سەردانی مام جەلال ئەنجامی سەردانەکەمان گفتوگۆی خۆمان و نوێنەرایەتی ئێرانمان بۆ گێڕایەوە،

*

1 ی 5 ی 95:

ژمارەی ئەمڕۆی "کوردستانی نوێ" گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لە سەر ئەنجامی گفتوگۆکانی تاران لە گەڵ فەرەیدون عەبدولقادر، کە ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی یەکێتی بو بۆ گفتوگۆ لە گەڵ ئێران و پارتی و، لە هەمان کات دا سەرنوسەری "کوردستانی نوێ"یە بڵاو کردۆتەوە.

*

**خولی سێیەم: (6/28 – 1995/8/11)**

وەکو خولی دوەم وابو.

*

**خولی چوارەم: (5 – 95/10/9)**

گفتوگۆکانی ئیرلەندا بە ناوبژی و سەرپەرشتی ئەمەریکا بە شکست تەواو بو. ئیران بۆ ئەوەی بە ئەمەریکا بڵێ ئەوەی بەو نەکراوە بەم ئەکرێ. کاریگەری ئەم لە سەر سەرکردایەتی کورد لە هی ئەو بەهێزترە. جارێکی تر نوێنەرایەتی هەردو حیزبی بانگهێشت بۆ تاران.

نوێنەرایەتی یەکێتی پێکهاتوە لە: د فوئاد مەعسوم، قادری حاجی عەلی، فەرەیدون عەبدولقادر، سەعدی ئەحمەد پیرە.

نوێنەرایەتی پارتی پێکهاتوە لە: سامی عەبدورەحمان، جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری.

بابەتەکانی گفتوگۆکانیان: ئاساییکردنەوەی بارودۆخی هەولێر، داهاتی گومرگەکان، پارلەمان و حکومەتی هەرێم، هەڵبژاردنی داهاتو.

ئەمجارەش لە سەر ناکۆکیە سەرەکیەکان نەگەیشتونەتە یەک.

*

11 ی 10 ی 95:

لە لایەن یەکێتیەوە د فوئاد مەعسوم و لە لایەن پارتیەوە سامی عەبدورەحمان بەڵگەنامەیەکیان ئیمزا کردوە، کە شێوەی "رێکەوتننامە"ی هەیە و، تا ئەندازەیەکی زۆر هەندێ

لە بابەتەکانی لە هەمان ڕەشنوس ئەچێ کە ڕۆبێرت دۆیچ و هاوکارەکانی لە ئیرلەندا ئامادەیان کرد بو، ئاماژەیان تێدا کردوە بۆ:

- خولەکانی پێشوی گفتوگۆکانی هەردولا بە چاودێری جمهوری ئیسلامی ئێران.
- خاڵەکانی لە سەری پێک هاتون.
- خاڵەکانی بە چارەسەنەکراوی ماونەتەوە هەڵگیراون بۆ گفتوگۆی داهاتو.

سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا: "بناء على طلب قاده الحزبين الرئيسيين العراقيين من الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه لاجراء الوساطه فيما بنيهما واستمرارا للمباحثات واتفاقيات المبادىء التى انجزت فى 28 / اذار / 95 - 12 / نيسان / 95 و 28 / حزيران / 95 - 11 / اب / 95. اجتمع وفدا الاتحاد الوطنى الكردستانى والحزب الديمقراطى الكردستانى فى طهران بهدف حل خلافاتهما واعاده الاوضاع الى حالتها الطبيعيه فى كردستان العراق"

بەم بۆنەیەوە ئەم "بلاغ صحفى" یەیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاو کردۆتەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

بلاغ صحفى

(صادر عن محادثات الحزب الديموقراطى الكردستانى والاتحاد الوطنى الكردستانى فى طهران)

برعايه الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه عقد الحزبان الكرديان الرئيسيان العراقيان، الاتحاد الوطنى الكردستانى و الحزب الديموقراطى الكردستانى، محادثات لحل خلافاتهما واعاده الاوضاع الى حالتها الطبيعيه فى كردستان العراق وذلك خلال الفتره 5-9 تشرين الاول 1995.

وقد ثمن الطرفان جهود الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه ومبادراتها السلميه منذ اذار الماضى وحتى هذا اللقاء والجهود الاخرى المبذوله بهذا الصدد.

وقد تضمن جدول اعمال المحادثات المواضيع الاساسيه والاشكاليه التى ينبغى ايجاد الحلول لها وهى: جعل مدينه اربيل امنه و خاليه من السلاح و واردات الكمارك و جميع الواردات الاخرى فى الاقليم وانعقاد المجلس الوطنى الكردستانى الاقليمى واقامه اداره جديده ذات قاعده عريضه تضم احزابا اخرى و ممثلين عن القوميات الاخرى المتعايشه فى الاقليم و تطبيع الاوضاع فى جميع انحاء كردستان العراق و الانتخابات القادمه و تشكيل الهيئه المحايده لمراقبه ومتابعه تنفيذ الاتفاقيه الشامله التى من المؤمل ابرامها بين الطرفين.

لقد تناولت المحادثات هذه المواضيع بالتفصيل و حققت تقدما ملموسا فى ايجاد الحلول المعقوله و العادله لها بما يخدم مصلحه شعب الكردستان والشعب العراقى بصوره عامه.

وقد تم تأجيل بعض الفقرات التى تعذر الوصول الى حلول بشأنها فى هذه الجوله من المباحثات وتعهد الطرفان بالعوده الى قيادتيهما واجراء المزيد من المباحثات عما قريب برعايه الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه وبهدف انجاز اتفاق شامل يحقق الاستقرار والسلام الذى يستحقه شعبنا.

اكد الطرفان على وحده العراق وكذلك رعايه الامن الحدودى للدول الجاره تركيا وايران و سوريا. 95/10/11

*

**دەقی ڕێککەوتننامەکە:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بناء على طلب الحزبين الكرديين الرئيسين العراقيين من الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه لاجراء الوساطه فيما بينهما واستمرارا للمباحثات واتفاقات المبادىء التى انجزت فى 28 اذار 95

و 12 نيسان 95 و 28 حزيران 95 و فى 11 اب 95 اجتمع وفدا الاتحاد الوطنى الكردستانى و الحزب الديموقراطى الكردستانى فى طهران بهدف حل خلافاتهما واعاده الاوضاع الى حالتها الطبيعيه فى كردستان العراق.

استمرت المباحثات خلال الفتره 5 - 9 / 10 / 1995 (13-17 مهر 1374) وتم تحقيق تقدم ملحوظ فى ايجاد الحلول للمواضيع التى طرحت على جدول الاعمال، فقد حققت جهود الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه الجاده تقاربا فى وجهات نظر كلا الجانبين كما ادت الى توصلهما الى اتفاق عملى وميدانى فيما يخص النقاط المبدئيه و التفصيليه.

واكد الطرفان على وحده العراق ورعايه الامن الحدودى للدول المجاوره وهى: تركيا و ايران و سوريا.

وستبقى هذه الاتفاقيه نافذه وساريه لاجل استقرار السلام والهدوء فى كردستان العراق حتى اقامه حكم ديمقراطى فى العراق باسره.

واعتمادا على علاقات الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه الوديه مع الطرفين فقد اكدا على ان تتابع الجمهوريه الاسلاميه هذه وتساهم فى تهيئه الارضيه لها وتضمن تنفيذها.

**اولا:** جعل مدينه أربيل خاليه من السلاح

1. سحب جميع المسلحين والاسلحه الثقيله والمتوسطه من مدينه اربيل وهذا يعنى الاسلحه كافه ماعدا الكلاشنكوفات و المسدسات. يستثنى من ذلك المسلحون الذين جرى الاتفاق عليهم وعددهم 250 (مائتان وخمسون) مسلحا لحمايه مقرات ومسؤولى كل من الطرفين فى المدينه، ولا يسمح لغيرهم حمل السلاح فيها، على ان يتم ذلك خلال فتره اسبوعين من تاريخ توقيع الاتفاق النهائى.
2. يكون عدد المقرات لكل من الطرفين 4 (اربعه).
3. عدد المسؤولين الذين يأتون الى اربيل يوميا بحمايه مسلحه لايزيد عن عشره مسؤولين ومجموع الحراس الذين يرافقهم لا يزيد عن 100 (مائه) لكل طرف.
4. كل مسؤول يرافقه 5 (خمسه) الى 20 (عشرين) حارسا.
5. بعد شهرين من تشكيل الاداره الاقليميه الجديده تجرى تخليه الشارع الستينى والمنطقه ضمن محيطه داخلا من جميع المقرات و المكاتب الحزبيه على ان تعوض بأبنيه اخرى مناسبه و ممثاله كما لا تفتح فى هذه الدائره مكاتب و مقرات حزبيه جديده.
6. تكون القلعه خاصه بمحطات البث التلفزيونى و الاذاعى فقط ويكون مجال ذلك مفتوحا امام الجميع.
7. بعد اسبوع بتقديم الشهاده ان اربيل امنه و خاليه من السلاح يقدم كل من الطرفين الى الهيئه المحايده قائمه باسماء اصحاب البيوت من منتسبيه و انصاره سواء كانت تلك البيوت ملكا خاصا بهم او حكوميه مؤجره لهم فى مدينه اربيل وباقى ارجاء المحافظه. ويلتزم كل من الطرفين بتنفيذ اخلاء البيوت التى بعهده منتسبيه وانصاره على ان يتم اعاده جميع تلك البيوت الى اصحابها خلال شهر واحد.
8. للاحزاب الاخرى التى مكاتبها السياسيه فى اربيل مكتبان و الا فمكتب واحد ويكون لكل مكتب 20 (عشرين) مسلحا كحمايه.
9. نقل القوات العسكريه للاحزاب الاخرى الى خارج مدينه اربيل على ان يكون لكل حزب مقرا عسكريا واحدا فقط.
10. تتولى الهيئه المحايده مسؤوليه امن المدينه خلال الفتره الانتقاليه وتشرف على مداخلها.

11. تمنع السيطرات دخول المجموعات المسلحه و المسلحين الى اربيل. واما المسلحون الذين يرافقون بعض المسؤولين من الذين تم الاتفاق على ترددهم الى اربيل فان السيطره هى التى تدقق فى ضروره خروج هولاء المسلحين جميعا برفقه مسؤوليهم عند مغادرتهم المدينه وباسلحتهم التى كانت بحوزتهم عند الدخول.

12.يستخدم كل من الطرفين الطريق المخصص له بالنسبه الى مسؤوليه الذين ترافقهم الحمايات.

اطراف اربيل.

1. تخفيض القوات المتواجده حول مدينه اربيل وتجميعها فى مواقع يتفق عليها.

2. يكون تجمع قوات كل طرف فى مواقع تقع باتجاه قواعده.

3.يحدد خبراء عسكريون مواقع تجمع القوات على اساس مبدا التعادل وابعاد خطر الهجوم على اربيل.

ثانيا:الواردات

1. بعد 48 (ثمانيه واربعين ساعه) من التصديق على ان اربيل امنه وخاليه من السلاح يتم جمع وايداع واردات الكمارك من ابراهيم الخليل الى بنجوين و كافه الواردات الاخرى التى يجمعها الحزبان فى حسابات مصرفيه باشراف الهيئه المحايده ولحساب الاداره الاقليميه.

2.تنسب الهيئه المحايده ممثلين عنها الى جميع نقاط الكمارك و مواقع الواردات الاخرى للاشراف على جمع الواردات.

3.تتولى الهيئه المحايده مسؤوليه التأكد من ايداع العائدات الماليه فى الحسابات المصرفيه المحدده باسم اداره الاقليم.

4.تقوم الهيئه المحايده بالاحتفاظ بسجل كامل لجميع الاموال المحصله والمودعه فى البنوك.

5. لا يحق لايه جهه التصرف بايه واردات لوحدها، واذا كانت هنالك ضروره لاى صرف للمصلحه العامه فيكون ذلك بالاتفاق وبعلم الهيئه المحايده.

6. يمنع جمع ايه ضرائب أو رسوم غير قانونيه.

7.تسلم كافه الواردات المتراكمه خلال هذه الفتره الى الاداره الجديده فور تشكيلها الا تلك المبالغ التى جرى الاتفاق على صرفها وبعلم الهيئه المحايده.

8. تتولى حكومه الاقليم الجديده بعد تشكيلها مسؤوليه الواردات وايداعها وصرفها وينتهى بذلك دور الحزبين فى جمع الواردات كما ينتهى دور الهيئه المحايده فى الاشراف.

ثالثا:المجلس الوطنى الكردستانى و الاداره الاقليميتان

1. عوده المجلس الوطنى الاقليمى الى عقد جلساته خلال 48 (ثمانيه واربعين ساعه) من تصديق عمليه ان اربيل امنه وخاليه من السلاح.

2.يقوم المجلس الوطنى الاقليمى وبسرعه بتشكيل اداره جديده لاقليم كردستان العراق ذات قاعده عريضه تضم احزابا اخرى وممثلين عن القوميات الاخرى المتعايشه فى الاقليم ويتم تشكيلها خلال اسبوعين من تاريخ اول جلسه له.

رابعا:التطبيع الشامل

تقوم الاداره والمجلس الوطنى الاقليميان بالتعاون مع الهيئه المحايده بتطبيع الاوضاع فى جميع ارجاء كردستان العراق خلال مده لا تزيد عن الشهر من تشكيل الاداره الجديده.

عناصر التطبيع الشامل:

1. يشكل المجلس الوطنى والاداره الجديده هيئه لجرد حسابات الواردات كافه والتى هى بحوزه الاحزاب منذ 1 ايار 1994 وذلك خلال اسبوعين من تشكيل الاداره الجديده.

2. عوده جميع المواطنين الذين اضطروا الى ترك بيوتهم اليها، سواء كانت ملكا خاصا بهم او حكوميه مؤجره لهم.

3. يشكل المجلس الوطنى والاداره الجديده هيئه متخصصه لاعاده السيارات و ممتلكات المواطنين الاخرى المستولى عليها اليهم، او تعويضهم من قبل الجهه المسؤوله عن ذلك ان تعذرت الاعاده وذلك خلال شهر واحد.

4. ضمان الحريه السياسيه للجميع وفى المناطق كافه.

5. ضمان حريه التنقل فى المناطق كافه وفى نقاط العبور الى الخارج ولجميع المواطنين.

6. اعاده مقرات الاحزاب وابنيتها المملوكه و الحكوميه اليها او تعويضها من قبل الجهه المسؤوله عن ذلك.

7. تقليص القوات المسلحه للطرفين و بالتساوى.

خامسا: الهيئه المحايده

أ. تشكيل الهيئه المحايده:

تتشكل الهيئه المحايده من اطراف عراقيه يتفق على تركيبها فى الجوله القادمه من المحادثات.

ب. مهام الهيئه المحايده:

1. مراقبه تنفيذ وقف اطلاق النار.

2. تتولى مسؤوليه امن مدينه اربيل خلال الفتره الانتقاليه، اى الى حين تشكيل الاداره الجديده.

3. الاشراف على تجميع الواردات خلال الفتره الانتقاليه والتأكد من ايداعها فى الحسابات المصرفيه المحدده باسم اداره الاقليم.

4. الاشراف على نقاط السيطره ومداخل المدن.

5. الاشراف والتصديق على جعل مدينه اربيل امنه وخاليه من السلاح والتفتيش عن الاسلحه للتأكد من الالتزام بالقرارات المعينه ولاتخاذ الاجراءات اللازمه.

6. فصل القوات اينما دعت الضروره لذلك.

7. التعاون مع المجلس الوطنى والاداره الاقلميتين فى اجراء التطبيع الشامل.

8. مراقبه و متابعه تنفيذ بنود الاتفاق.

9. تامين التنقل فى جميع انحاء كردستان العراق فى الداخل ونقاط العبور الى الخارج.

سادسا: الانتخابات القادمه

يتعهد الطرفان بالتعاون مع المجلس الوطنى والاداره الجديده و اتخاذ الاستعدادات الضروريه لاجراء انتخابات حره للمجلس الوطنى الاقليمى تحت اشراف مراقبين دوليين وذلك فى 1995/5/4 ويلتزم الطرفان.....

المواضيع والفقرات التى لم يجر التوصل الى حلول بشأنها وتقرر تأجيلها الى جوله قادمه من المباحثات.

1. مواقع تجميع قوات الطرفين فى اطراف مدينه أربيل.

(احيلت هذه النقطه الى خبراء عسكريين)

2. تحديد طريق كل من الطرفين الى مدينه اربيل والنقاط الاعتراضيه عليها.

3. سحب قوات الامن والشرطه بأنواعها من مدينه اربيل.
4. الغاء جميع القرارات المتخذه من طرف واحد خلال الفتره من 1994/5/1 حتى تاريخ الاتفاق.
5. منصبى رئيس الوزراء للاداره القادمه و رئيس المجلس الوطنى.
6. اضافه تعبير (عوده الشرعيه) الى الفقره (1) من ثالثا فى مواضيع الاتفاق.
7. تثبيت (ممتلكات الاحزاب فى الفقره .... رابعا.
8. كيفيه دفع رواتب الموظفين.
9. ايداع الواردات المجمعه خلال الفتره الانتقاليه اسبوعيا فى بنوك دهوك واربيل والسليمانيه بالتساوى.
10. أمن نقاط الواردات كافه من ابراهيم الخليل الى بنجوين.
95/10/11
وفد الحزب الديمقراطى الكردستانى
سامى عبدالرحمن

وفد الاتحاد الوطنى الكردستانى
فؤاد
*

**پاشکۆی پێوەندیدار**

95/1/6: لە مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا: "شەهلائی هاتە لام پێی راگەیاندم کە مەسعود بارزانی رازی بوە بە شەڕەوستاندن و ناردنی نوێنەری دەسەڵاتدار بۆ دیوی ئێران داوای ئەوەبو ئێمەش یەکێ بنێرین لە هەمان مستەوا. منیش وتم ئەگەر نێچیروان بارزانی نارد ئەوا ئێمەش کاکە نەوە دەنێرین ئەگەر سامی یان نارد ئەوا هەڤاڵێکی تری م س دەنێرین. کاک فەرەیدون لەوێیە. رەئیتان چیە؟ ئێمە کێ بنێرین."
*

95/1/7: لە مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا: "شەهلائی چۆتە لای مەسعود بارزانی و رازی بوە لە سەعات 6 ەوە شەڕ راگیرێت و رۆژی 95/1/9 نێچیروان لە لایەن ئەوانەوە بچێ بۆ تاران. شەهلایی داوای تۆ دەکات بچی منیش پێم باشە گەر بچیت ئایا رەئیتان چیە.
خۆ ئەگەر شەڕەکە نەوەستێت بونی تۆ لە سلێمانی زۆر پێویستە گەر شەڕەکە وەستا ئەوا با کاک قادر بێتەوە بۆ سلێمانی و کوردۆ لەوێ بێت."
*

95/1/11: لە مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا: بروسکەتان ژ 29 لە 10-95/1/11.
"1. تەنها کاک کۆسرەت بە نامە منی ئاگادارکردوە و بەس. ئێستا لێی دەپرسمەوە.
2. ئەمەریکا ئەڵێ ئەوە خەتی سورە هەڕەشەی تێکدانی علاقات ئەکات گەر ئێران بێتە کایەکەوە. د چەلەبی دەڵێ رەنگە بکشێنەوە بەجێتان بهێڵن بۆ سەدام.
3. چیتان پێ دەکرێ بۆ ئەوەی کارەسات بە سەرمان نەیەت بیکەن. دیمۆکرات ئامادە نین رادیۆکەیان دابخەن.
4. من هیچ باوەڕم بە ئێران نیە. هەموی فرتوفێڵە وا لە حاجی هۆمەران بە ئاشکرا یارمەتی پارتی دەدات جاران شەرتی نەبو کە زانی دەچین شەرتی دانا سبەی شەرتی تریش دادەنێ.

پێم باشە هەڤاڵانی م س کۆببنەوە و بڕیارێکی لێ بدەن."
*

95/1/12-11: لە مام جەلال بۆ فەرەیدون عەبدولقادر:
1. سەد جارم پێ وتی حدکا ئامادە نیە رادیۆکەیان دابخەن خۆشیان بۆ شەڕ ئامادە کردوە تکایە تەرەدود نیشان مەدەن لەو مەسەلەیە.
2. خزمانی بەرهەم هەڕەشەی توندمان لێ دەکەن.
3. تکایە بە پەلە وەرەوە چونکە کۆبونەوەی م س لە سەر تۆ راگیراوە. دوێنێ رجام لە حدکا کردوە دەڵێن راینا‌گرین و چیتر بە قسەتان ناکەین جا تکایە ئەوەیان بە رونی پێ بڵێن. هەیئەتی ئێمەش هاتنەکەی بەندە بە رەئی ئەوان کەی ویستیان دێن بەڵام ئەو شەرتانە تەشقەڵەن شەرتی تەعجیزین بۆ بیانوگرتن ئەگینا من زۆرم هەوڵ داوە رەنگە ئەوانیش بە قسەی بەغداد و خزمانی بەرهەم بکەن کە هەردوکیان تەشجیعیان دەکەن رادیۆکەیان دانەخەن. دەزانن ئێمە ئێستا شەڕی هەمو کەسمان پێ ناکرێ بۆیە لێمان بێ منەتن جا گەر ئەوان دۆستایەتی ئێمەیان بە لاوە پەسندە هەقە بزانن "لا یکلف الله نفسا الا وسعها".
*

95/1/11: ک خ ئەڵێ ئەمڕۆ نێچیروان چۆتە ئێران هێزیان کۆکردۆتەوە بۆ هێرشی لای سلێمانی.
*

1995/3/11: لە کۆسرەت رەسول بۆ مام جەلال مکرر نەوشیروان مستەفا: دەوری سەعات 3 ی ئەمڕۆ ئاغای جەعفەری دێتە سلێمانی داوا ئەکا جەنابتان لەوێ بن و بتانبینێ.
لە مام جەلال بۆ کۆسرەت رەسول مکرر نەوشیروان مستەفا: بە داخەوە ناتوانم بچمە سلێمانی با کاکەنەوە ببینێ من لێرە د ئەحمەد و وەفیق دێن بۆ لام.
لە مام جەلال بۆ نەوشیروان مستەفا: تکایە ئێوە ئاغای جەعفەری ببینن ئەمڕۆ سەعات 3 دەگاتە لاتان لە سلێمانی من ناتوانم بێمە سلێمانی لێرە میوانم هەیە.
*

## هەوڵی کوژاندنەوە: گفتوگۆ لە پاریس (16–1994/7/22)

مانگی 6 ی 1994:
دەستەیەکی نوێنەرایەتی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هاتون بۆ کوردستان ئەیانەوێ لە نێوان یەکێتی و پارتی دا ناوبژی بکەن. چەند جارێ بۆ چەند کۆنفرەنسێکی خۆیان هەردولایان وەکو "چاودێر" بانگ کردوە.
هاوزەمان لە گەڵ هاتنی ئەوان دەستەیەک کورد هاتون کە بریتیە لە: د کەندال نەزان، سەرۆکی ئینیستیتوتی کورد لە پاریس. د فوئاد حسێن، جێگری سەرۆکی ئینیستیتوت. د نەجمەدین کەریم، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە ئەمەریکا. هاتون بۆ کوردستان پێشنیارێکیان پێیە فەرەنسا ناوبژی بکا وەفد و سەرکردەی هەردولا بانگ بکا بۆ پاریس. مادام میتران، هاوسەری سەرۆک میتران و سەرۆکی رێکخراوی "فرانس لیبرتی" لە پشتە. خاڵە سەرەکیەکانی پرۆژەکەیان بریتیە لە:
- سەرۆک میتران نوێنەرانی هەردولا بانگ بکا بۆ جێگایەکی نزیک پاریس بۆ گفتوگۆ.

· ئەبێ هەواڵ و دەنگوباسی ئەم بانگهێشتنە و کۆبونەوەکانی و گفتوگۆکانی نهێنی بمێنێتەوە، نابێ بگاتە دەم ڕۆژنامەوانەکان.

· کۆبونەوەکان لە لایەن نوێنەری تایبەتی سەرۆک میترانەوە سەرپەرشتی ئەکرێ، پسپۆڕ و شارەزای کێشەی کورد و، بەڕێوەبردنی ململانێ بانگ ئەکرێن بۆ یارمەتیدانی هەردولا بۆ نزیککردنەوەی بیروڕاکانیان لە یەکتری.

· ئەگەر گفتوگۆکان بە سەرکەوتویی گەیشتە ڕێک کەوتن، ئەوسا سەرۆک میتران سەرکردەی هەردولا بانگ ئەکا بۆ پاریس و لە ئاهەنگێکی ئاشکرادا کە دیپلۆمات و ڕۆژنامەوان و سیاسی ولاتانی جیاوازی بۆ بانگ ئەکرێ، بە ئامادەبونی سەرۆک میتران ڕێککەوتنەکە ئیمزا ئەکرێ.

· ئەگەر گفتوگۆکە سەرکەوتو نەبو فەرەنسا خۆی ناکا بە خاوەنی.

بۆ پرۆسەکەش زەمانبەندیەکی دیاریکراویان دانا بو.

وەفدەکە ئەیانەوێ باری سەرنجی هەردولا بزانن لە هەولێر سەرکردە و سەرکردایەتی پارتی یان دیوە. هەروەها مام جەلال و هەندێ لە ئەندامانی م س و سەرکردایەتی یەکێتی.

*

27 ی 6 ی 94:

مام جەلال ئەمڕۆ بە بروسکەی ژمارە 257 ئەم ئاگاداری و ڕێنماییانەی "بۆ گشت هەڤالانی م س/کۆمیتەی سەرکردایەتی/مەڵبەندەکان" نارد:

"ئەمڕۆ کۆبونەوەیەکی زۆر باش کرا لە ماڵی کاک کۆسرەت بە بەشداری وەفدی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال، د کەندال و، د نەجمەدین کەریم.

لە لایەن پارتیەوە: هەڤالان کاک مەسعود بارزانی، د ڕۆژ، کاک جەوهەر نامیق، کاک موحسین دزەیی، کاک زەعیم عەلیو کاک فرانسوا، بەشدارییان کرد.

لە لایەن یەکێتیەوە: هەڤالان مام جەلال، کاک کۆسرەت، کاک د فوئاد، کاک مەلا بەختیار، کاک ئەرسەلان بایز، کاک نەژاد ئەحمەد عەزیز و کاک ئەحمەد بامەرنی، بەشدارییان کرد.

لە کۆبونەوەیەکی دوقۆڵی کاک مەسعود و مام جەلال دا پێکهاتن لە سەر ئەوەی:

هەر دوسبەی نوێنەری هەردو م س کۆببنەوە بۆ ئەوەی دەستبەجێ پەرلەمان و حکومەت بکەونەوە گەڕ باسی چۆنێتی ئاسابیکردنەوەی وەزع و دەستبەجێ ڕاگرتنی حەملەی دیعایە و راوەستاندنی گرتن و تالانکردن و ئازاردانی یەکتر بکەن.

پێویستە هەردو م س یش پلان دانێن بۆ چارەسەرکردنی هەمو گیروگرفتە گرنگەکان لە نێوان خۆمان دا بەلام سەرکردایەتی بەرەش کۆ بکرێتەوە بۆ بەشداریکردنیان لە چارەی گیروگرفتەکان.

تکایە هەموتان بە جدی پەیڕەوی ئەو بڕیارانە بکەن و جێبەجێیان بکەن و ماوە مەدەن بە لاساران و داخ لە دڵان بۆ شێواندنی ئەو ڕێکەوتنە گرنگە."

*

ئەم وەفدە لە هەولێر بون ئەمڕۆ هاتون بۆ سلێمانی.

ڕۆژەکەی بە ناو شاری سلێمانی دا گەڕان دوای نانی ئێوارە لە گەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی ئەوانەی لە سلێمانی بون دانیشتن. فەرەیدون عەبدولقادر، جەبار فەرمان، عومەر عەبدوڵا، عومەری سەید عەلی، کوردۆ قاسم، عیماد ئەحمەد، سالار عەزیز و من.

*

30 ی 6 ی 94:

پارلەمان بە ئامادەبونی مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی کرایەوە. هەردوکیان بۆ پارلەمان دوان. هەروەها جەنەرال حەسەن نەقیب و د ئەحمەد چەلەبی وتاریان دا.

*

1 ی 7 ی 94:

زنجیرەی کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو م س، کە لە کۆتایی مانگی رابوردوەوە دەستی پێ کردوە، بە ئامادەبونی کاک مەسعود و مام جەلال، ئەمڕۆش بەردەوام بوە.

لە نامەیەکی تایبەتی دا کە ئەمڕۆ مام جەلال بۆی نوسیوم ئەڵێ: "بۆ مەسەلەی پێشنیارەکەی کەندالْ – و ئەوان، ئێمە هەردولا (مەبەستی پارتی و یەکیتیە) بڕیارمان دا کە وەفدەکەمان 15 ی 7 لە پاریس بن. داوایان وایە کە وەفدەکەمان دەسەڵاتداران و بڕیاردەرانی هەردو م س بن. جگە لەوەی کە دەبێ لێ زان و شارەزا و بەتوانا و ئاگاداریش بن و، بەرچاویان رون بێت بۆ چارەی مەسەلەکان!

جا رەئی خودی خۆم ئەمەیە: وەفدی ئێمە بە سەرۆکایەتی تۆ بێت و ئەندامەتی هەڤاڵان د فوئاد مەعسوم و کاک قادری عاحی عەلی و کاک دارۆ و کاکە حەمە و کاک بەرهەم بێت. دەکرێ بۆ هەندێ کاروبار لە کاک حەمە سابیریش کەڵک وەرگرن...

جا تکایە بە پەلە لە رەئی خۆت ئاگادارم بکەرەوە...

دیارە دەبێ لە 22 ی 7 یش دا من و کاک مەسعودیش لەوێ بین گەر گەیشتنە ئەنجام."

*

2 ی 7 ی 94:

لە نامەی رۆژی 2 ی 7 دا نوسیوێتی:

"بڕیارمان دا کە تۆ، د فوئاد، کاک قادری حاجی عەلی، کاک دارۆ، د بەرهەم، ببنە وەفدەکەی ئێمە بۆ پاریس. جا پێویست دەکات کۆبونەوە لێرە بکەین و شت ئامادە بکەن بۆ پاریس. بۆیە پێویست دەکات تۆش بێیت بۆ ئێرە، تاکو ئەوانەی لێرەشن لە گەڵتان بەشداری کۆبونەوەکان بکەن. جا تکایە دوسبەی 1994/7/4 وەرن بۆ هەولێر.

دیارە بە ئیحتیات و رێگە تایبەتیەکەی خۆمان دا دێن."

*

3 ی 7 ی 94:

پارتی وەفدەکەی پاریسیان دیاری کردوە پێک دێ لە: سامی عەبدورەحمان، وشیار زێباری، موحسین دزەیی، د رۆژ شاوەیس و د پیرۆت.

*

4 ی 7 ی 94:

چوم بۆ هەولێر بۆ کۆبونەوەی م س یەکێتی بۆ ئامادەکردنی بابەتەکانی گفتوگۆی پاریس. پرۆژەیەکمان بە زمانی عەرەبی ئامادە کرد ناوەرۆک و چوارچێوە گشتیەکەی هەمان پرۆژەی کۆبونەوەکانی رۆژانی 23 – 24 ی حوزەیرانە کە مەکتەبی سیاسی لە بەیاننامەیەکی تایبەتی دا بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام بە جۆرێکی فراوانتر و بە وردەکاری زۆرترەوە.

*

5 و 7 و 11 ی 7 ی 94:

بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە گەڵ نوێنەرانی پارتی، پێش سەفەری پاریس، لەو رۆژانەدا لە ژورێکی تەلاری پارلەمان لە هەولێر د فوئاد و من لە گەڵ سامی و موحسین چەند جارێ دانیشتین و گفتوگۆمان کرد. بۆچونەکانمان جیاواز و دور بون لە یەکتری. ئێمە پێمان وایە:

ئەبێ ڕێوشوێنی بناغەی دەوڵەتی قانون و نیزام لە کوردستان دا دابنێین.
ئەوان پێیان وایە:
پەلەمان کردوە لە قبوڵی ئەم داوایە دا و، ئاساییکردنەوە و گێڕانەوەی هەلومەرجی کوردستان بۆ دۆخی جارانی پێش 1 ی 5 ی 94 لە پێش هەمو شتێکەوە دێ.
وام هەست کرد نوێنەرەکانی پارتی ئەم ناوبژیەیان پێ خۆش نیە و، هیچ هیوایەک لە سەر سەرکەوتنی هەڵناچنن. بە تایبەتی ئەوانەی دانرا بون لە وەفدەکەدا بن دەسەڵاتدار نەبون.
کۆن وتویانە: "ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ".
هێشتا سەفەرمان نەکردوە حەفتەنامەی "گوڵان" هەواڵی کۆبونەوەی پاریسی بڵاو کردەوە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو مەرجانەیە ناوبژیوانی فەرەنسی بۆیان داناوین.
*

12 ی 7 ی 94:
لە هەولێر کە دەرئەچی بەرەو زاخۆ لە سنوری تورکیا هەمو ڕێگاکانی لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پارتی دایە. لە دەیان شوێن بازگە و خاڵی پشکنین و سەنگەری چەکداری لێ دانراوە. بۆ ئێمە هیچ زەمانێک نیە بە سەلامەتی بەو ڕێگە زەمینیەدا تێ بپەڕین بۆ تورکیا و لەوێوە بڕۆین بۆ پاریس.
هالیکۆپتەری تورکی هاتە هەولێر ئێمەی هەڵگرت. سەرچڵ قەزاز و مستەفا چاوڕەش لە گەڵمان سەرکەوتن ئەچون بۆ ئیجازە. هالیکۆپتەر لە سەری ڕەش نیشتەوە سامی عەبدوڕەحمان و موحسین دزەیی سەرکەوتن. بە کۆپتەر تا دیاربەکر چوین. لە دیاربەکرەوە بە فڕۆکە چوینە ئەنقەرە.
*

13 ی 7 ی 94:
گەیشتینە ئەنقەرە.
شازاد سائیب نوێنەری یەکێتیە لە تورکیا.
لە ئەنقەرە مستەفا چاوڕەش چو بۆ هۆڵەندا و سەرچڵ قەزاز چو بۆ فەرەنسا.
ویستمان وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ببینین هەندێ بیانویان هێنایەوە دیدارەکەیان دواخست بۆ دوای گەڕانەوەمان. ئێمەیان نەبینی بەڵام نوێنەرانی پارتی یان بینی.
فرانک بەیکەر، یەکێ لە کاربەدەستانی سەفارەتی بەریتانی لە ئەنقەرە، کە چەند جارێ هات بو بۆ کوردستان و شارەزای گیروگرفتەکان بو، ئێوارەیەک میوانداری هەردولامانی کرد. لە میانەی قسەکانی دا بیروڕای منی پرسی. وتم: "من زۆر ئومێدەوار نیم". موحسین دزەیی لە تەنیشتمەوە دانیشت بو وتی: "ئەگەر ئومێدەوار نیت ئەی بۆچی بڕۆین بۆ پاریس؟" وتم: "هەوڵێکی خێرە ئەگەر سەرکەوتوش نەبێ باشترە لە هیچ".
بەریتانیا و ئەمەریکا "ناوبژیکردنی پاریس"یان پێ خۆش نەبو. وەکو ئەیان وت پێیان باشە کورد خۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر بکا. تورکیاش پێی خۆش نەبو. نەیان ئەویست کێشەی کورد پەلوپۆی ناودەوڵەتی بهاوێژێ و پرسەکەی دورایی ناودەوڵەتی پەیدا بکا.
*

15 ی 7 ی 94:
لە گەڵ نوێنەرانی پارتی لە فڕۆکەخانەی ئەنقەرە یەکمان گرتەوە بەڵام هەمومانیان ڕاپێچ کرد بۆ زۆری پشکنین و لێکۆڵینەوە. شازاد سائیب نوێنەری یەکێتی لە تورکیا و فەتحی کارمەندی نوسینگەکەی یەکێتی و، سەفین دزەیی نوێنەری پارتی لە تورکیا و عەبدولموهەیمن بارزانی کە

بۆ سەردان لە تورکیا بو، هات بون بۆ فڕۆکەخانە. زیاتر لە دو سەعات گلیان داینەوە. یەکێ لە کاربەدەستەکانی فڕۆکەخانەکە بە توڕەییەوە قیڕانی بە سەرمان دا: "نامانەوێ چارەی ئێوە لەم وڵاتەدا ببینین. جارێکی تر مەیەنەوە بەم ناوەدا!"

هەمومان بە هەمان فڕۆکە لە ئەنقەرەوە چوین بۆ پاریس لە فڕۆکەخانەی شارل دیگۆل نیشتینەوە سەفیر بێرنارد دۆران، راوێژکاری دیپلۆماسی سەرۆک میتران، و د کەندال سەرۆکی ئینیستیتوتی کوردی، هات بون بۆ پێشوازی بە پاس بردینیان بۆ رامبۆیە لە کەناری پاریس. ئەندامانی تری وەفدەکە پێش ئێمە گەیشتبونە پاریس. ئێوارەی هەمان رۆژ هەمومان لە "کۆشکی فرانسوای یەکەم" لە رامبۆیە یەکمان گرتەوە. هەمان کۆشک بو کە یەکەمین کۆبونەوەی سەرانی 7 دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکەی دنیای تێدا کۆ بوبوەوە.

*

16 ی 7 ی 94:

د محەمەد سابیر نوێنەری یەکێتی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەلە فەرەنسا.

خانەخوێی فەرەنسی داوایان لێ کردین پێوەندی و گفتوگۆ لە گەڵ رۆژنامەوان نەکەین ئەیانویست کارەکە بە شاردراوەیی بمێنێتەوە. لە هەولێریش پێیان وت بوین کە ئەبی ئەم کارە بە نهینی بگرین تا بە ئەنجام ئەگا.

دەزگای تەلەفۆنیان لە ناو کۆشکەکەدا بۆ دابین کرد بوین راستەوخۆ لە گەڵ سەرکرایەتی حیزبەکانی خۆمان راوێژ و وتووێژ بکەین.

ژورەکان هەر یەکەی ناوی یەکێ لە ئەندامانی وەفدەکەی لە سەر نوسرا بو دو ژوریش، ژورێک بۆ مەسعود بارزانی و ژورێک بۆ جەلال تاڵەبانی، تەرخان کرا بو. ناوەکانیان لە سەر دەرگاکانی نوسی بو.

سەفیر دۆران کۆبونەوەکانی رێک ئەخست لە ریزکردنی دانیشتنی بەشدارانی کۆبونەوەکان دا تەنانەت لە نان خواردن دا بە وردی پێڕەوی نەریتی دیپلۆماسی ئەکرد.

ئەمڕۆ کۆبونەوە دەستی پێ کرد.

نوێنەرایەتی یەکێتی پێکهاتوە لە: د فوئاد مەعسوم، قادری حاجی عەلی بەگ، د بەرهەم ساڵح، د محەمەد سابیر و من.

نوێنەرایەتی پارتی پێکهاتوە لە: سامی عەبدڕەحمان، د رۆژ شاوەیس، هوشیار زێباری، موحسین دزەیی، د پیرۆت ئیبراهیم و جەعفەر گولی نوێنەری پارتی لە فەرەنسا.

پرۆژەکەی یەکیتی بە عەرەبی نوسرا بو د بەرهەم کردی بە ئینگلیزی و بە هەردو زمان ئەمان دا بە کەسانی پێوەندیدار.

پارتی پرۆژەیەکی بەرامبەریان نوسی بو ئەوانیش دابەشیان کرد.

بابەتەکانی کۆبونەوەکان بریتی بون لە:

- چۆن دەسەڵات لە کوردستان رێک بخرێتەوە. پارلەمان، حکومەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتەکانیان چی بێ و چۆن هەڵبژاردنی گشتی بکرێتەوە.
- چۆن دەسەڵاتی حیزبی لە هی حکومەتی جیا بکرێتەوە و، سەرەتای نیوە بە نیوە و، "ازدواجیەت" لە وەزارەت و دائیرەکان دا نەهێڵرێ.
- چۆن داوودەزگای لەشکر، پۆلیس، ئاسایش، لە سەر بنچینەی تەجنیدی ئیجباری رێک بخرێتەوە.

· چۆن بەڕێوەبەرایەتی وڵات لە سەر بنچینەی لێوەشاوەیی (مجلس الخدمە)، بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی لە سەر بنچینەی لێپرسینەوەی (دیوان الرقابە المالیە)، گەشەپێدانی ئابوری بە پێی (مجلس التخطیط) چاک بکرێ.

· چۆن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە لای دەوڵەتانی دنیا بەهێز بکرێ.

· چۆن خەتی پارێزگاری کورد لە 36 ەوە بکرێ بە 34 و گەمارۆی ئابوری لە سەر کوردستان هەڵبگیرێ.

· چۆن پێوەندی داوودەزگای کوردستانی لە گەڵ داوودەزگای ناوەندی لە بەغداد بە گوێرەی "دەستور"ێکی تایبەتی رێک بخرێ.

*

مادام میتران بە هۆی نەخۆشی دڵەوە لە نەخۆشخانە کەوتوە. پەیامێکی بۆ کۆبونەوەکە ناردوە، ئەمە دەقەکەیەتی.

پەیامی مادام میتران

دۆستانی بەڕێز..

نیازم وابوو کە بهاتبایەم لە نزیکەوە بەخیرهاتنم بکردبان و چاوم پێتان بکەوتبا و بەشداری گفتوگۆکانتان بووبام، بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی و نا تەواوی باری تەندروستیم ئەم ئارەزوەم نەهاتە دی. سەرەڕای ئەمە، لە نزیکەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەواڵتان دەپرسم و هەوڵ دەدەم بە پێی وزە و توانام یارمەتیتان بدەم.

کۆبونەوەکەتان لەمەڕ داهاتووی گەلی کورد گرنگیەکی تایبەتی هەیە. کوردەکان بە گشتی – هی ئێران و هی تورکیاش- چاوی هیوا و ئاواتیان لە ئەزمونی دیموکراتیکی ئێوە بڕیوە و لایەنگرانتان لە دەرەوەی وڵات شانازیتان پێوە دەکەن. ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییانە بە توندی ڕاپچڵەکاندین و دڵ و دەرونی بریندار کردین. سەرۆکی هەردو پارتی بەرپرسایەتێکی زۆر گەورەیان بەرامبەر بە مێژودا هەیە. ئەگەر بێتو هەر دولا، بە شێوەیەکی جیددی و لە ڕێگای وتووێژ، چارەسەری کێشەکانتان نەکەن، هەوڵ و کۆششی بێوچانی دۆستانتان لە دەرەوەی وڵات بێ بەهرە دەمێنێ و لایەنگرانتان ڕەنج بەخەسار دەبن. دیمۆکراسی چەکی هەرە بەکارتانە، هەوڵ بدەن بە ڕای گشتی جیهانی بسەلمێنن کە گەلی کوردیش دەتوانێ کاروباری ناوخۆی بە شێوەیەکی دیموکراتیانە و لە چوارچێوەی فرەحیزبایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادی یەکاندا بەڕێوەبەرێ، ئەو کاتە دەتوانن پشتیوانی و یارمەتی هەرچی زیاتر بۆ لای کێشەکەتان ڕابکێشن. بەڵام ئەگەر دیموکراسی یەکەتان ڕواڵەتی بێت و خاوەنی بناغەیەکی فرە حیزبی نەبێ و ئەگەر لە جیاتی پەرلەمان و حکومەتی قانون، دەستە و تاقمی جۆربەجۆر خاوەن دەسەڵات بن و حوکمی وڵات بکەن، گەلی کوردیش هەر وەک باقی گەلانی جیهانی سێهەم سەیر دەکرێ و حیسابی تایبەتی بۆ نایەتە کرن. لە ژمارەی لایەنگرانتان کەم دەبێتەوە و تەبایی نیشتمانیتان توشی تەنگوچەڵەمەی بێژمار دێت؛ داهاتوی خۆتان و نەتەوەکەشتان لەمەترسی دەخەن.

ئێوە هەمووتان لە هەمبەر دیکتاتۆریدا پێشمەرگەی ئازا و بەجەرگ و سەرۆکی کارزان و بە ناوبانگ بوون، بەڵام لەهەلومەرجی ناسکی ئیمرۆ دا، گەلی کورد دۆستانتان لە دەرەوەی وڵات چاوەڕوانییان لێتان هەیە کە بە شێوەی "پیاوی دەوڵەت" بجوڵێنەوە و چارەنوس و سەربەرزی گەل و وڵات نەکەنە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی یان تاکەکەسی حیزبایەتی یەوە.

هیچ شکێکم لەمە دا نیە کە هەمو لایەکتان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە پەرۆشی گەل و وڵاتەکەتان دان، هەر بۆیەش دڵنیام کە سەرەنجام ڕێگا چارەیەک بۆ ئیدارەی هاوبەشیی وڵاتەکەتان دەدۆزنەوە و بە ڕێککەوتننامەیەکی نیشتمانی درێژخایەن چارەسەری کێشەکانتان

دەکەن. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کە لاپەڕەی شومی پڕ لە ئازاری شەڕی ناوخۆ هەڵبدەینەوە و بەرەو سەقامگیرکردنی دیمۆکراسیەکی ڕاستەقینە هەنگاو بنێین.

لەم هەلومەرجە سیاسیە تایبەتیەی لە ئاستی جیهانیدا بۆ کورد ڕەخساوە کەڵک وەرگرن و تێبکۆشن لە پێناو سەقامگیرکردنی یەکجارەکی ئازادی و دیمۆکراسی لە وڵاتەکەتاندا.

دوا ڕۆژی گەلەکەتان بە هیمەت و مەسئولییەتی ئێوەوە گرێ دراوە، دنیا چاوی لێتانە و ئێوەش دەبێ بە سەربەرزی لەم ئەزمونە مێژووییە دا سەرکەون.

جارێکی تر بەخێرهاتنتان دەکەم و ئاواتی سەرکەوتن لە کارەکانتان بۆ دەخوازم.

دانیەل میتەران پاریس 1994/7/13

*

21ی 7ی 94:

کۆبونەوەکان درێژەیان کێشا. چەندین شارەزای ناسراو و پسپۆڕی ئاگاداری کێشەی کورد بەشدار بون. لەوانە: جێرار شالیان، نوسەری کتێبی "کورد: نەتەوەی بێ دەوڵەت". مارک کارڤێت، نوسەر لە ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن". بێرنارد کوشنەر، وەزیری پێشوی کاروباری مرۆڤایەتی حکومەتی فەرەنسی. پرۆفیسۆر گالتونگ، پسپۆڕی لێکۆڵینەوەی ئاشتی. هەروەها دانێک دیپلۆماتێکی ئەمەریکی و دانێکی تر دیپلۆماتێکی بەریتانی هاتن بۆ چاودێری. چەند شارەزا و پسپۆڕی کاروباری قانونی و ئابوری لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بەشداری گفتوگۆکان بون.

نوێنەرایەتی هەردولا چەند جارێ گفتوگۆکانیان توند ئەبو، خەریک ئەبو بگاتە پچڕان و کۆڵانی داخراو، ناوبژیوان بۆ ئەوەی کەشی کۆبونەوەکە هێمن بکاتەوە پشوی پێ ئەدان.

هەرچۆنێ بو هەردولا گەیشتنە ڕێککەوتن. ناوبژیوان هەر لە سەرەتاوە پێوەندی تەلەفۆنیی بۆ نوێنەرانی هەردولا لە گەڵ سەرکردایەتی خۆیان دابین کرد بو. شەوی پێش ئیمزاکردن داوایان لە هەردولا کرد پرس بە سەرکردایەتی خۆیان بکەن. نوێنەرایەتی پارتی تێکستی ڕێککەوتننامەکەیان بە فاکس دا بە سەرکردایەتی حیزبەکەیان و، نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی ئاگاداریان کردین کە موافەقەتیان لە سەر کردوە.

لە لای یەکێتیەوە من و لە لای پارتیەوە سامی هەردو تێکستی فەرەنسی و ئینگلیزی مان بە شایەتی سەفیر بێرنارد دۆرین، د کەندال نەزان، د فوئاد حسین، د نەجمەدین کەریم، د عەباس وەلی، ئیمزا کرد. هەر لایەک نوسخەی خۆی وەرگرت.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ نوێنەری تایبەتی سەرۆک میتران هاتە لامان. سڵاوی سەرۆکی پێ ڕاگەیاندین، پێخۆشحاڵی دەربڕی بە بۆنەی ئەوەی هەردولا گەیشتونەتە ڕێک کەوتن و پێک هاتن.

قەول وا بو سەرۆک میتران بۆ مەراسیمی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە سەرکردەی هەردو حیزب، یەکێتی و پارتی: جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بانگ بکا بۆ پاریس. لە ئاهەنگێکی دیپلۆماسی ئاشکرا و فراون دا لە کۆشکی ئیلیزێ ڕێککەوتننامەکە ئیمزا بکەن. سەرۆک میتران بەم بۆنەیەوە قسە بکا. داوا لە کۆمەڵی ناودەوڵەتی بکا یارمەتی کورد بدەن و پشتیوانی لێ بکەن. لە هەمان کات دا داوا لە سەرۆکی ئەمەریکی کلینتن و سەرووەزیرانی بەریتانیا جۆن مەیجەر بکا: ئابلۆقەی ئابوری لە سەر کوردستان هەڵبگیرێ و، خەتی ناوچەی ئەمین لە 36 ەوە بگوێزرێتەوە بۆ 34 بۆ ئەوەی هەمو کوردستانی عیراق بگرێتەوە. بەڵام ئەبو ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە ئاشکرا نەکرێ و بە نهێنی بمێنێتەوە تا کاتی ئیمزاکردنی لە بەردەمی سەرۆک میتران دا. نەخۆشی تەگەرەی لەم هەلە مێژوییە دا. بۆ نەشتەرگەری سەرەتانی پرۆستات سەرۆک میتران برایە نەخۆشخانە. هاتنی هەردو سەرکردە کەوتە کاتێکی دیاری نەکراو.

*

22 ی 7 ی 94:

کۆبونەوەکان تەواو بون.

راگەیاندنی کۆتایی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکرایەوە:

" یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە پاریس لە سەر رێککەوتننامەی ئاشتی رێک دەکەون

لە رۆژی 16 ی گەلاوێژ تا 22 گەڵاوێژ دو وەفدی باڵای یەکیتی و پارتی لە شوێنێکی نزیک پاریس لێدوان و گفتوگۆیان کرد بۆ چارەکردنی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان هەردولا لە کوردستانی عیراق. قسەکردنەکە لە جەوێکی دۆستانە و جدی دا بو. ئەنجامی هێنا بە رێککەوتننامەیەکی بەربڵاو و فراوان، کە بە رەسمی لە لایەن بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعودەوە دەبێ ئیمزا بکرێ.

کاربەدەستانی کۆشکی ئەلیزی و وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا و سەفارەتی ئەمەریکا و ئینگلتەرا وەک تەنها چاودێر لە هەندێک لە لێدوانەکان دا ئامادە بون، هەروەها چەند دیپلۆماسیەک و سیاسی فەرەنسی و ئەکادیمی ئەوروپی وەک سەرپەرشتیکەری لێدوانەکان ئامادە بون.

لەم دانیشتنانەدا بە تێروتەسەلی باس کرا لە هۆکانی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان هەردولا، لە ئەنجام دا رێککەوتن لە سەر ئەم خالانەی خوارەوە:

پێویستە هەمو کێشە و ناکۆکیەکان بە رێگای ئاشتی و دیمۆکراتیانە چارە بکرێن.

هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان بکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە مانگی مایسی 1995 لە کاتێک دا فەترەی یاسایی پەرلەمانی ئێستا کۆتایی دێت.

رێک کەوتن لە سەر کۆمەڵێک ئیجرائات بۆ فراوانکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ نەهێشتنی دەستێوەردانی پارتیەکان لە کاروباری حکومەت دا.

رێک کەوتن لە سەر کۆمەڵێک ئیجرائات بۆ سەرلەنوێ رێکخستن و بنیاتنانەوەی هێزی چەکدار لە ناوچەکە.

هەردولا رێک کەوتن بۆ کارکردن لە سەر سیاسەتێکی دەرەوەی هاوبەش.

دانیشتنەکان دو بانگەوازی بەرز کردەوە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوە ئابلۆقەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستانی عیراق و هەروەهاش بۆ درێژەپێدانی(operation provide comfort) تا ئەو کاتەی چارەسەرێکی دیمۆکراتیانە بۆ کێشەی کورد لە عیراق دەدۆزرێتەوە.

لێدوانەکان بایەخی سەرەکی دا بە تەباییکردنی پەیوەندی نێوان و باری ناوخۆی کوردستانی عیراق.

هەردولا سوپاس و رەزامەندی گەرمی خۆیان ئاڕاستەی دەسگاکانی فەرەنسا کرد بۆ رۆڵی گرنگیان بۆ ئاسانکردنی گرتنی کۆبونەوەکان. 25 ی 7 ی 1994"

*

خۆمان ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە. من نەمئەتوانی بە رێگای زەمینیی زاخۆ – هەولێردا بگەڕێمەوە. ئەبو چۆن بە کۆپتەر هاتبوین بۆ تورکیا لە تورکیاوە بە کۆپتەر بگەڕێینەوە هەولێر. شازاد قسەی لە گەڵ کاربەدەستانی تورک کرد. نوێنەرانی پارتی‌یش داوای کۆپتەریان کرد بۆ گەڕانەوە. تورک رازی نەبون بۆ هەرلایەکمان بە جیا کۆپتەرێ ئامادە بکەن. ئەبو لە گەڵ نوێنەرەکانی پارتی پێکەوە بمانبەنەوە. سامی و موحسین و د فوئاد ئەچون بۆ لەندەن ئینجا ئەگەڕانەوە. ئەبو ئێمەش چاوەڕوانی ئەوان بین تا سەردانەکانیان تەواو ئەکەن. لە گەڵ دارۆی

شێخ نوری و د محەمەد سابیر ئەو پشوەمان بە هەل زانی. بە ئۆتۆمۆبیل گەشتێکی توریستی مان لە پاریسەوە بۆ مۆنتی کارلۆ بە شارەکانی کان و نیس دا رێک خست.

*

3 ی 8 ی 94:

رۆژنامەی "السفیر" ی بەیروتی زنجیرەیەک وتار و گفتوگۆی بە قەڵەمی "جهاد الزین" بڵاو کردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی: "جوله فی بلاد مابین المشکلتین: الماء والاکراد". نوسەر گەشتێکی کردوە لە ئەنقەرە، دیاربەکر، سەلاحەدین و، هەولێر، بابەتەکانی لەوێ نوسیوە.

ئەلقەی 1 لە رۆژی 29 ی تەموزدا بڵاو کراوەتەوە گفتوگۆیە لە گەڵ هەندێ لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا.

ئەلقەی 2 لە رۆژی 30 ی تەموزدا بڵاو کراوەتەوە باسی جەیشی تورکی و پ ک ک یە.

ئەلقەی 3 لە رۆژی 1 ی ئاب دا بڵاو کراوەتەوە لە ژێر سەرناوی "دویلتان کردیتان فی شمال العرق".

ئەلقەی 4 لە رۆژی 2 ی ئاب دا بڵاو کراوەتەوەگفتوگۆیەکی درێژە لە گەڵ مەسعود بارزانی.

ئەلقەی 5 لە رۆژی 3 ی ئاب دا بڵاو کراوەتەوە گفتوگۆیەکی درێژە لە گەڵ جەلال تاڵەبانی.

هەردوکیان بە خۆشیەوە لە رێککەوتنی پاریس ئەدوێن و ئامادەیی دەرئەبڕن بچن بۆ ئیمزاکردنی.

*

4 ی 8 ی 94:

دارۆی شێخ نوری و من لە پاریسەوە، د فوئاد لە لەندەنەوە، قادری حاجی عەلی لە ئەمەریکاوە، گەڕاینەوە بۆ ئەنقەرە. ئەمجارەش لە فرۆکەخانەی ئەنقەرە بێ هیچ هۆیەک گەڕیان پێ کردم زیاتر لە دو سەعات رایان گرتم. یەکدورۆژ لە ئەنقەرە ماینەوە. ئەمجارەش وەزارەتی دەرەوە هەندێ بیانویان هێنایەوە ئامادە نەبون بمان بینن. فڕین بۆ دیاربەکر.

*

6 ی 8 ی 94:

لە دیاربەکر سواری کۆپتەر بوین بۆ بنکەی سەربازی خابور و لەوێشەوە بە سەر ناوچە شاخاویە جوانەکانی هەکاری دا ئەوان بۆ سەری ڕەش و ئێمەش بۆ هەولێر گەڕاینەوە.

*

15 ی 8 ی 94:

پارلەمان ئەمڕۆ کۆبونەوەی نائاسایی دەس پێ کرد بە ئامادەبونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی.

*

16 ی 8 ی 94:

لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی پارلەمانی کوردستان دا سامی عەبدوڕەحمان و د فوئاد مەعسوم باسی کۆبونەوەکانی پاریس و رێککەوتنەکەیان کرد و، دارۆی شێخ نوری دەقی رێککەوتننامەکەی بە کوردی خوێندەوە. کوردیەکەی تەرجومەیە لە دەقی ئینگلیزیەوە بەڵام ساز و رەوان نیە.

*

تورکیا رێککەوتننامەی پاریسی دائەنا بە هەڕەشەی جدی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی گۆیا بنچینەی دەوڵەتی کوردی دائەمەزرێنێ. دژی هەمو رێککەوتننامەکە بو بە تایبەتی مادەکانی دەربارەی:

· دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن چ بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و چ بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی.
· تەجنیدی ئیجباری بۆ رێکخستنەوەی سوپا و پۆلیس و ئاسایش لە باتی میلیشیای حیزبەکان.
· نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لای وڵاتانی دەرەوە.
· دانانی دەستوری فیدرالی بۆ حکومەتی هەرێم.

لە چەند لاوە کەوتە هەوڵی پەکخستنی:

· لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە هەڵمەتێکی توندوتیژی دژی کورد و رێککەوتننامەکە دەس پێ کرد.
· رای گەیاند کە رێگە نادا بە سەرکردەی هەردو حیزب لە تورکیاوە بچن بۆ پاریس بۆ ئیمزاکردنی رێکەوتنەکە.
· بە رەسمی نارەزایی دەربڕی بەرامبەر حکومەتی فەرەنسی چونکە فەرەنسا یارمەتی کورد ئەدا دەوڵەت دروست بکا.
· وێنەی رێکەوتننامەکەی دا بە ئیران و سوریا و، داوای کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی هەر سێ دەوڵەتی کرد بۆ یەکخستنی هەڵوێستیان دژی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

*

ئەگەر سەرکرایەتی کورد بیەوێ ئەم ریککەوتنە جێبەجێ بکا سەرکردەکانی بچن بۆ پاریس یا نەچن، سەرۆک میتران شایەتی ئیمزاکردنی بێ یا نەبێ، چی لە جەوهەری مەسەلەکە ئەگۆڕێ. ویستی سیاسی کورد ئەتوانێ هۆی بڕیاردەر بێ نەک هەڵوێستی تورکی.

*

19 ی 8 ی 94:

رۆژنامەی "السفیر" ی لوبنانی لە ژمارەی رۆژی 19 ی 10 ی 94 دا دەقی رێککەوتننامەکەی بە عەرەبی بە لێدوانێکی "جهاد الزین" ەوە بڵاو کردۆتەوە.

*

21 ی 8 ی 94:

بۆ جاری شەشەم وەزیرانی دەرەوەی تورکیا، ئێران و سوریا بۆ باسی هەلومەرجی کوردستانی عیراق، ئەمجارە لە دیمەشق، کۆبونەوە. تورکیا هەوڵ ئەدا هەڵوێستی هەر 3 دەوڵەت دژی رێککەوتننامەی پاریس یەک بخات.

*

**پاشکۆ**

**دەقی رێککەوتننامەی پاریس**

تێبینی: لە ژ 11 ی پرۆتۆکۆلەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ل 591 – 596 وەرگیراوە.

*

وەفدی پارتی دیموکراتی کودستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە 16 تا 22 ی تەموز لە فەرەنسا کۆبونەوە بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکان و گفتوگۆکردن لە بارودۆخی ئێستا و داهاتوی کوردستانی عێراق و گەیشتنە ئەو رێکەوتننامەیە:

1. رێکخستنی دەسەڵاتی کوردستانی عیراق لە لایەن سیستەمێکی دیموکراتیەوە بەڕێوە ئەبرێت کە دەستەبەری فرە حیزبی و رێزگرتن لە بانگەشەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی کەمە نەتەوایەتی و ئاینییەکان دەکات.

1. سەرۆکایەتی کوردستانی عێراق:

أ. سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتی و راستەوخۆ بۆ ماوەی 4 ساڵ هەڵدەبژێردرێ و دەسەڵاتەکانی بە پێی یاسای ژمارە 2 دیاری دەکرێت بەو پێیە ناوی رابەر دەگۆرێت بۆ ناوی سەرۆك، دەبێ لە ماوەی پێش هەڵبژاردنی سەرۆك دا دەستەیەکی سەرۆکایەتی کە پێك دێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و لە سەرۆك وەزیری کوردستان و سەرۆکی دادگای تەمییز مومارەسەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك دەکەن وەکو لە یاسای ژمارە 2 دا دیاری کراوە بڕیارەکانی ئەو دەستەیە، بەتێکڕای دەنگ دەدرێت.

ب. ئەم رێکەوتنە ئەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت مەبەست لەم دەستەیە واتە ئەو دەستەی سەرۆکایەتییەی کە دائەمەزرێ.

2. حکومەت:

أ. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن حکومەتێکی ئیئتیلافیەوە بەڕێوە دەبرێت تا هەڵبژاردنی داهاتو دێ ئەم حکومەتە فروان دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو گروپانەش بگرێتەوە کە نوێنەریان نەبوە وەکو حیزبە سیاسیەکان و کەمە نەتەوایەتیەکان و کەسانی سەربەخۆ.

ب. بڕیاری حکومەت لە چوارچێوەی حکومەت و هەریەك لە وەزارەتەکان دا دەدرێت، بە بێ دەستێوەردانی حیزبە سیاسییەکان.

ج. حکومەت پاش لێکۆڵینەوەیەکی تەواو رێك دەخرێتەوە بە بەرچاوگرتنی ئەو ئەزمونەی کە بە دەست هێنراوە بۆ خوڵقاندن و کۆتایی پێ هێنانیان یاخود دروست کردنی هەندێ وەزارەت بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی هەرێم بە کاریگەرترین شێوە.

د. دامەزراندنی ئەم دەزگایانەی خوارەوە.

1. مەجلیسی خدمە بەرپرسیارە لەدانانی فەرمانبەرانی مەدەنی بێ رەچاوکردنی لایەن و لەسەر بناغەی توانای فەردی.

2. دائیرەی رەقابەی مالی گشتی کە بەرپرسیارە لە پیاچونەوەی بەڕێوەبردنی دارایی لە هەرێم دا.

3. ئەنجومەنی نەخشەی ئابوری هەرێمی دانان واتە دەستەی نەخشەکێشان کە بەرپرسارە لە دانانی نەخشەی ئابوری هەرێمی و دەستنیشانکردنی ئەولەویەت بۆ پەرەپێدان.

هـ. لەدروستکردنی حکومەتی نوێ دا سەرەتای یەکسانی لەنێوان هەردو حیزبە سەرەکیەکەدا لە ژمارە و گرنگی وزارەتەکان دا ئەبێ بپارێزرێت.

و. لەناو حکومەت دا هەمو وەزیرێك دەسەڵاتی تەواوی هەیە کە بە پێی یاسا پێی بەخشراوە بۆ بەرێوەبردنی وەزارەتەکەی، جێگری وەزیر ئەو دەسەڵاتانە جێبەجێ دەکات کە وەزیر بۆی دیاری دەکات بەپێی یاسا.

ز. ئیدارەی ئێستای عێراق کە بێ توانایی خۆی سەلماند. ئەبێ بە چاکی لە ژێر چاودێری دەستەی وەزیران دا رێك بخرێتەوە و موچەخۆرەکانی بە فیعلی کەم بکرێنەوە فەرمانبەرانی مەدەنی دائەنرێن بە پێی توانایان و ئەبێت رەچاوی بێلایەنی سیاسی بکەن، پێویستە بژێوی باشیان بۆ ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەگژ فەسادا بچن و ئیدارەیەکی بە توانا و چاك دروست بکەن.

3. دەستور:

دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ئەبێ ئامادەبکرێت موئەسەساتی کوردی ئەبێت سوود لە شارەزایانی وڵاتانی فیدراڵ وەرگرن بۆ ئامادەکردنی موسوەدەیەك پێش کۆتایی مانگی 10 ی 1994 ئەم موسوەدەیە ئەبێ بەرزبکرێتەوە بۆ نموونە ئەنجومەنی نیتمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەو بۆ پەسەندکردنی پێش کۆتایی ئەمساڵ.

4. هەڵبژاردن:

أ. هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەبێ مانگی 5 ی 1995 ئەنجام بدرێت کاتێ کە ماوەی پەرلەمانی ئێستا کۆتایی دێت.

ب. پێش هەڵبژاردن ئەبێ بارودۆخەکە ئاسایی کرابێتەوە.

ج. سەرژمێری دانیشتوان ئەبێ پێش هەڵبژاردن بکرێت بۆ دروستکردنی تۆمارێکی باوەڕپێکراو بۆ هەڵبژارن. سەرانی حیزبەکان ئەبێ لەبەردەم رای گشتی ناوخۆ و جیهانیدا پەیمانی پابەندبون بە سەرەنجامی هەڵبژاردن کە هەرچۆنێ بێت قبوڵی بکەن. سەرەنجامی هەڵبژاردنەکە هەرچۆنێ بێت حکومەتێکی ئیئتیلافی دروست دەکرێت لەسەر بنچینەی تەرازوی نوێی هێزەکان وەکو نوێنەرایەتی نیسبی هەر حزبێك لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دا. هەڵبژاردنی شارەوانی ئەبێت بەپێی یاسا ئەنجام بدرێت رۆژی ئەم هەڵبژاردنە بەپێی رێککەوتنی نێوان هەردو حیزبەکە ئەنجام ئەدرێت.

ج. بەرگری و ئاسایشی هەرێم:

1. کاروباری سەربازی:

أ. سیستەمی ئێستای بەرگریی نیشتمانی کە بێ توانایی خۆی نیشان داوە ئەبێ رێك بخرێتەوە بەم شێوەیە ئەبێ دەستەیەکی ئەرکان جێگای وەزارەتی (پ م) بگرێتەوە کە پێك دێت لە ئەفسەری سەربازی پایەبەرز و دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی سەرەك وەزیر و جێگری سەرۆك وەزیرانەوە ئەبێ لەشکرێکی یەکگرتو کە لە ژێر رکێفی حکومەت دابێ و بەرپرسیار بێ لە بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەر بنچینەی تەجنیدی ئیجباری نیشتمانی پێك بێت.

ج. لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەبێ مەشقی هێزەکانی پ م کەم بکرێنەوە و بە گوێرەی رێکەوتنی هەردوو حزبەکە.

د. میلیشیات پێویستە بە تەدریج چارە بکرێت بەپێی جەدوەلی زەمەنی هاوبەش، هەروەها دەبێ چارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ بژێوی گوزەرانی چەکدارەکانیان.

هـ. بۆ جێبەجێکردنی عەمەلی ئەو خاڵانەی رێککەوتنەکەش پێویستە سوود لە شارەزایانی بێگانە وەربگیرێت.

2. دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش:

أ. بۆ گرنگیدان و بە تەنگەوەهاتنی سەلامەتی کەسان و مڵك و ماڵ لە هەرێم دا پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ ئەبێت بەزویی رێك بخرێتە ژێر دەسەڵاتی تەنیا حکومەتەوە.

ب. ئەم رێکخستنەوەیە ئەبێ بە لێپرسراوی و چاودێری دەستەی وەزیران ئەنجام بدرێت و پێویستی بە ئامرازی تەکنیکی و دارایی هەیە، کەسانی ناو ئاسایش و پۆلیس ئەبێ بەرادەیەی بەرز مەشق وەرگرن و بژێویەکی باشیان هەبێ بۆئەوەی بتوانن بەتەواوی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارەکانیان.

ج. ئەبێ ئەکادیمیەی پۆلیس دابمەزرێ تاکو مەشقی تایبەتی بکەن لە سەر بنچینە سەرەکیەکانی رەفتاری مەدەنی و دیموکراتی و چاودێری مافەکانی مرۆڤ و گوێڕایەڵی بۆ حکومەت.

هـ. شارەزایانی بێگانە ئەبێ بانگ بکرێن بۆ یارمەتی دانی هێزەکانی ناوخۆ بە تایبەت لە بواری تەکنیکی و مەشق دا.

و. جەدوەلێکی زەمەنی ئەبێ بە زویی دابنرێت بە دەستنیشانکردنی ماوە و قۆناغەکانی ئەم رێکخستنەوەیە. کۆنفرانسێکی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ ئەبێ ببەسترێت پێش کۆتایی مانگی 9 بۆئەم رێکخستنەوەیە و کات و مەرجەکانی.

ز. ئەو یەکەو ئەو کەسانەی لەلایەن حیزبەکانەوە دانراون ئەبێ بگوێزرێنەوە دەزگا حکومەتیەکانی تر، تەجنیدکردنی ژمارەی پێویست لە پۆلیس و ئاسایش ئەبێ لەرێگەی تەجنیدی ئیلزامی نیشتمانی و ناونوسینی دەرچوانی دانیشگاکان و شارەزایان بێ پاش بەسەربردنی ماوەی مەشقی پێویست بێ.

3. ئابوری و دارایی:

أ. بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئابوریەوە لەکوردستانی عێراق کە 2 ئابلوقەو چەندین جەنگی یەك لەدوای یەك و وای کردوە کە زیاتر لە 50% هێزی کار لە کاربکەون و ئەم بارودۆخە بەهۆیەکی سەرەکی پێکدادانی ئەم دواییە ئەژمێردرێ و یارمەتیەکی فراوانی دەرەکی پێویستە بۆ هێمن کردنەوەی و دروستکردنی سەقامگیری لە هەرێمدا.

ب. جێگیرکردنی سەقامگیری لەهەرێمدا پێویستی بە هێورکردنەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (un) هەیە بۆئەوەی رێگا بە کڕینی کەلوپەلی پێویست بدات بۆ چاککردنەوەی ئابوری و بەتایبەتی پالاوگەیەك بۆ دابینکردنی پێویستی زۆری خەڵکی بۆ وەدەستهێنانی وزە.

ج. لەبەرئەوەی کە یارمەتیەکان لەرێگای رێکخراوە ناحکومیەکانەوە جێبەجێ دەکرێن، حکومەتی هەرێم ناتوانێ وەکو پێویست نەخشەی ئابوری هەبێت بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم راستەوخۆ داوای یارمەتی لە حکومەتەکان و دام دەزگاکانی یارمەتی بێگانە بکات، بۆ بوژانەوەی ئابوری هەرێم پێویستە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسایەك دەربچوێنێ کە هەیکەلی کارکردنی رێکخراوە ناحکومیەکان و خۆماڵیەکان و بیانیەکان دیاری بکات، بەزوترین کات داهاتەکانی گومرگ پێویستە تەنیا بچێتە خەزێنەی حکومەتەوە، حزبەکان پێویستە حسابات پێشکەش بە حکومەت بکەن دەربارەی ئەو داهاتانەی کە وەدەست هێنراوە لە هەموو داهاتی 1 ی 5 ەوە پێویستە حکومەت هیچ پارەیەك نەدات بە حیزبەکان تاوەکو گومرگ نەچێتەوە ژێر دەسەلاتی فیعلی خۆی. دەزگاکانی گومرگ پێویستە کە شایستەی ئەو کارە نین و چەند فەرمانبەرێکی مەدەنی بگۆڕدرێن کە دەستنیشان دەکرێن، بەگوێرەی توانا و شارەزاییان بەبێ رەچاوکردنی ئیعتباراتی سیاسی، پێویستە بانکی هەرێم بەرگری لێ بکرێت و بپارێزرێت لەلایەن هێزی پۆلیسی حکومەتەوە بەبێ دەست تێوەردانی حیزبەکان.

4. پەیوەندییەکان هەرێمی و دەرەوەی:

1. پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا

أ. ئیدارەی کوردی پێویستە ماوەی پەناهەندەی سیاسی بدات بەو کوردانەی داوای پەناهەندەی سیاسیی دەکەن بەو مەرجەی چالاکی سەربازیان لەناو کوردستانی عێراقدا نەبێ و کوردستانی عێراق وەکو بنکەیەکی سەربازی بۆ پەلاماردان بەکار نەهێنن.

ب. لەکاتێکدا ئێمە کە باوەڕمان بە مەبدەئی دەست تێوەرنەدانی هاوبەش لەکاروباری ناوخۆی کوردستانی عێراق و وڵاتانی دراوسێدا هەیە، هەردولایەن داوای چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیانە بۆ مەسەلەی کورد لەم وڵاتانەدا دەکەن.

ج. هەمو هاوکاریەك لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ یان لەگەڵ حیزبە سیاسیەکاندا هەبێ پێویستە بەکار نەهێنرێ لەلایەن حیزبێکی کەوە دژی حیزبێکی تر، بەڵکو پێویستە بۆ بەرژەوەندی

کوردستانی عێراق بێت، پێویستە هەردوو حزب ئاگاداری یەکتر بکەنەوە و هاوکاری یەکتری بکەن و خۆیان لابدەن لە هەڵوێستی یەك لایەنە لەسەر حسابی کود لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

2. نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك نوێنەری رەسمی دیاری کراوە و پێویستە کارەکانی بەهاوکاری لەگەڵ جێگرەکەیدا لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا ئەنجام بدات.

ب. مەکاتبی حیزبەکان پێویستە دەست نەخەنە ناو کاروباری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەبواری کاروباری دەرەوەدا.

ج. مەکاتبی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوە لەلایەن حکومەتەوە دائەمەزرێت و ئیدارە ئەکرێت وەکو قۆناغی دەست پێکردن ئەم ئۆفیسانە لەلایەن هەردو حیزبەکەوە یارمەتی دارایی بۆدابین ئەکرێت.

د. پێویستە نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوەی وڵات بە دەوریی لە گەڵ سەرکردایەتی هەردو حیزبەکە کۆبونەوە بکەن.

هـ. هەوڵی سازدانی سیمینارو چاوپێکەوتن و هەروەها رێکخستنی دەورەی کاری دیپلۆماسی بدرێ.

و. لیژنەیەکی راوێژکار کە لە چەند خەبیر و شارەزایەك لە بوارەکانی سیاسیەتی دەرەوە دروست بکرێت بۆ ئامۆژگاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەنیۆرك و بەلجیکا دابمەزرێ.

5. جەدوەلی زەمەنی.

أ. ئاسایی کردنەوە واتە (تطبیع) بە زوترین کات بکرێت.

ب. پێش کۆتایی هاتنی مانگی 8 ی 1994 حکومەتی نوێ پێویستە پێك بێت و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێویستە دابمەزرێت.

ئاماری گشتی دانیشتوان جێبەجێ دەکرێ لە مانگی 12 ی 1994.

د. ئەو شارەزایانەی کە مستەر کۆشنەر پەیمانی داوە کە بۆمانی تەرخان بکات لەگەڵ کەسانی شارەزای تر بگەنە کوردستان پێش دەست پێکردنی ئامار.

چاودێرەکان و خەبیرەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان پێویستە بۆ کوردستان بەماوەیەکی زۆریش پێش دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان و ئەگەر دەکرێ لەدەست پێکردنی ساڵی 1995 ەوە بێت.

و. مسوەدەیەك بۆ دەستوری هەرێم ئامادە دەکرێت بەیارمەتی چەن پسپۆرێك لەمانگی 10 دا پێش کۆتایی ساڵی 1994 لەبەردەم پەرلەمان دا پەسەند بکرێت یا دەزگا نوێیەکان کە ئەمانەن: مەکتەبی چاودێری دارایی گشتی، ئەنجومەنی نیشتمانی، فەرمانبەرە مەدەنیەکان، ئەنجومەنی خزمەتگوزاری، ئەنجومەنی پلان کێشان لەلایەن حکومەتە نوێکەوە دروست بکرێت کۆتایی ساڵی 1994.

6. چاودێری و ناوبژیکردنی هەردو حکومەتی فەرەنسی و ئینگلیزی بۆ ئەم رێککەوتننامەیە بە شەرعی مۆرکرا لە رۆژی 22 ی 7 ی 1994 بە ئامادەبونی بەرێز بێرنارد دۆران راوێژکاری دەوڵەت و سەفیری فەرەنسا و مستەر کەندال نەزان سەرۆکی پەیمانگەی کوردی لە پاریس و مستەر فوئاد حسێن و مستەر عەباس وەلی بریکاری سەرۆکی پەیمانگای کوردی لە پاریس و د. نەجمەدین کەریم سەرۆکی ئەنجومەنی کورد لە ئەمەریکا. لیژنەیەکی چاودێری و ناوبژی کردن پێك هێنراوە لە چەند کەسایەتیەکی کوردی و بیانی کە لە کاتی جیاوازی بیروبۆچون دا یاخود چۆنیەتی تێگەیشتنی لە مەتنی ئەم رێکەوتننامەیە هەڵدەستن بە یارمەتی دان و راوێژکردن، شێوەی پێکهێنانی ئەم لیژنەیە بەتەواوی دیاری ئەکرێت پێش ئیمزاکردنی کۆتایی ئەم رێککەوتننامەیە لە لایەن سەرانی کوردیەوە.

نەوشیروان مستەفا
سەرۆکی وەفدی ی ن ك
سامی عەبدولڕەحمان سەرۆکی وەفدی پ د ك
ئامادەکراوەو ئیمزا کراوە.
*

www.peshmergekan.com

بەڵگەکان لەم لینکانە وەربگرە

http://www.peshmergekan.com/kteb/nowshirwan/nowshirwan_pashko_xewn_yan_moteke_1.pdf

http://www.peshmergekan.com/kteb/nowshirwan/nowshirwan_pashko_xewn_yan_moteke_2.pdf

http://www.peshmergekan.com/kteb/nowshirwan/nowshirwan_pashko_xewn_yan_moteke_3.pdf

سەرچاوە ماڵپەڕی سبەی

07-05-2009